

# یادی مەولوود کورد دایهێناو دەبێت کوردیش نوێی بکاتەوە



عەبدولڕەحمان سدیق

بۆ گوڵان دەینووسێت

asidiq1962@yahoo.com

یادکردنەوەی ڕۆژی لەدایکبوونی پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر) زۆربەی زۆری مێژوونووسانی کۆن و نوێ دان بەوەدا دەنێن کە ئەوەی بۆ یەکەمین جار ئەم یادەی کردبێتەوە بەشێوازێکی شایان بەخاوەنی یادەکە، سوڵتان موزەفەری فەرمانڕەوای هەولێر بووە. (ئیبنو خەلەکان)ی خۆمان دەڵێت: (نازناو و ژیاننامەی ئەم پیاوە کەسایەتییەکە کە بە درێژایی مێژووی خۆمان کەسێکی وامان نەدیوە ئەوەندە خێرخوازبێت، کەسێك بووە کاری نامۆ و کاری دژ بە شەرعی قەت لێ نەبینراوەو هەرگیز نەیهێشتووە کاری ناپەسندو کاری ناشەرعی لە سنووری مەملەکەتەکەی ئەودا ڕووبدات، زۆر خاکیی بووە، زۆریش حەزو خۆشەویستی بۆ زانایان هەبووە.)
بۆ ئەم یادە لەتەواوی مەملەکەت و ئیمارەتەکانی دیکەوە خەڵك بانگکراون بۆ ئێرە، بەشێکی چالاکییەکان بریتی بوون لەخوێندنەوەی ئەناشیدو مەدایحی نەبەوی، بەشەکەی دیکەی بریتی بووە لەسازکردنی کۆڕو سیمیناری جۆراوجۆرو خستنەڕووی کتێبی تازەی نووسراو و مونازەراتی نێوان فوقەهاکان و نمایش و مانۆڕی سەربازیی سوارچاکان و سەربازان و هێزی دەوڵەت، هەمووی خراوەتە بەرچاو و خەڵك بینیویەتی.
ئەم یادە لەئەمڕۆی کوردستاندا شێوازێکی کلاسیکی لەخۆگرتووە کە پێویستییەکی زۆری هەیە بەنوێکردنەوەو هاوچەرخکردنی، بەمەبەستی پیشاندانی ڕووی زانستی و هاوچەرخانەی ئەم یادە لەکوردستان بەگشتی و لەهەولێری لانکەی یەکەمجاری یادەکەشدا بەتایبەتی، بۆئەمەش لیژنەی ئەوقاف و کاروباری ئایینی لەپەرلەمانی کوردستان، بەهەماهەنگی لەگەڵ یەکێتی زانایانی ئایینی و وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی، دەتوانن چەند هەنگاوێك بنێن لەڕێگەی:
یەکەم: دامەزراندنی دەستەیەکی باڵا بەناوی دەستەی باڵای یادی مەولوود، کەپێکبێت لە:
وەزارەتی ئەوقاف – سەرۆك
نوێنەری وەزارەتی تەندروستی – ئەندام
نوێنەری وەزارەتی شارەوانی - ئەندام
نوێنەری دەستەی ژینگە - ئەندام
دووەم: وەزارەتی ئەوقاف بەرپرسە لە:
١- سازکردنی ئاهەنگێکی ساڵانەی نێودەوڵەتی بۆ یادی مەولوود لەهەولێر، وەك بەردەوامیپێدانێك بەکارەکانی سوڵتان موزەفەری داهێنەری یادی مەولوودو دیراسەکردنی جێگیرکردنی ئەم یادە بە ڕۆژژمێری زایینی کە یادەکە دەکەوێتە ٢٠ی نیسانی هەموو ساڵێك، وەك هەندێك سەرچاوە دەڵێن، سوڵتان موزەفەر هەموو ساڵێك ئەم یادەی لەبەهاردا کردۆتەوە.
٢- بانگهێشتکردنی زانایانی شارەزاو تیپە



ناسراوەکانی مەدائیح و ستایشکردنی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) بۆ هەرێمی کوردستان و سازکردنی هەفتەیەکی رۆشنبیریی نێودەوڵەتی.

٣- پێداچوونەوە بەتیپەکانی خوێندنەوەی مەولوود، لەڕێگەی تۆمارکردن و مۆڵەتپێدانیان، بەم مەرجانەی لای خوارەوە:

١- هەر تیپێکی مەولوودخوێن لە(٣) کەس کەمتر نەبێت و لە(٥)کەسیش زیاتر نەبێت.

٢- هەر تیپێك ناوێکی کوردستانیی گونجاوی تایبەت بەخۆی هەبێت.

٣- ئەندامانی تیپ پابەند بن بەبنەما ئایینییەکانەوە، لەنێو کۆمەڵگەشدا خاوەنی کەسایەتی و پێگەی کۆمەڵایەتیی شیاو بن.

٤- دیارکردنی ماوەی خوێندنەوەی مەولوودو بڕی پارەی وەرگیراو.

٥- هەڵسەنگاندنی ئەو هۆنراوانەی دەکرێنە سروودی ئایینی لەڕووی وشەو ماناوە.

٦- لادانی ئەو ئاوازانەی کەپێشتر لەبواری دیکەدا بەکارهێنراون.

٧- پەسەندکردن و خەڵاتکردنی دانەرانی هۆنراوەو ئاوازی نوێ و شایان بەپێگەی یادەکە.

٨- هاندان و پشتگیریکردنی ئەو تیپە ئایینییانە بۆ خۆڕێکخستن و کۆبوونەوە لەژێر چەتری کۆمەڵەیەکدا بەنێوی (کۆمەڵەی مەولوودخوێنانی کوردستان)، بەمەبەستی پاراستنی پێگەی کارەکەیان و دوورخستنەوەی کەسانی هەلپەرست و پارەپەیداکار بەنێوی مەولوودەوە.

سێیەم : شارەوانی و تەندروستی و ژینگە: بەرپرسن لە:

١- چاودێریکردنی جۆری ئەو خواردەمەنییانەی کە دەخرێنە بازاڕ بۆ یادی مەولوود.

٢- ڕێگرتن لەبەکارهێنانی فلیکس و نایلۆن وەك لافیتەو پابەندکردنی هاوڵاتیان بەنووسین لەسەر لافیتەی کارتۆنی، یان پەڕۆ بەمەبەستی پاراستنی ژینگە.

٣- تەرخانکردنی شوێنی شیاو بۆ هەڵواسینی پۆستەرو لافیتەکان.

٤- پابەندبوون بە کۆکردنەوەو هەڵگرتنەوەی لافیتەو پۆستەرەکان لەلایەن دانەرانیەوە بەمەبەستی ڕێزگرتن لەنووسینەکان و پاراستنیان لەتێکچوون.

چوارەم: لەسەر ئاستی هەر پارێزگایەکی هەرێمیشدا لیژنەیەکی راپەڕاندن لە دەزگا پێوەندیدارەکان بۆ هەمان مەبەست پێکبهێندرێت.

تێبینی: نوێکردنەوەی یادی مەولوود، لەساڵی ٢٠١٣ نووسیومەو یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامیی کوردستان بۆی چاپ کردووم لەهەمان ساڵداو لەسایتی یەکێتی زانایان، لینکی کتێبخانەی زانایاندا بە شێوازی پی دی ئێف هەیە.



ئەدهەم بارزانی

بەرپرسی ئەنجومەنی سەرکردایەتی پارتی لە سلێمانی بۆ گوڵان:

# دڵنیاتان دەکەمەوە بەم نزیکانە سلێمانی قسەی خۆی دەکات و چیدی ئەو ئیرهابە فیکرییەی بەسەریدا سەپاوە قبووڵی ناکات

**کاتێک بە مسعود بارزانی دەڵێم سەرۆکی هەرێمی کوردستان، هەست دەکەم غەدری لێدەکەم، لەبەر ئەوەی ئەو رێبەری نەتەوەیی کوردە**



**ئەوەی جێگەی شانازییە بۆ هەر تاکێکی کوردستان، سەرکەوتنەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و تێکشکاندنی تیرۆریستانی داعش و ئازادکردنی نزیکەی هەموو خاکی باشووری کوردستانە، لەمەش گرنگتر یەکریزی و یەکهەڵوێستی هێزی پێشمەرگەی کوردستانە، بەڵام لەبەرامبەر ئەم شانازییە گەورەیەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بۆی دروستکردووین، جۆرێك لەناسەقامگیری سیاسی و مەترسیدار لەسەر کوردستان بوونی هەیە، خەڵکانێك هەن، سووکایەتی بە پێشمەرگە و کەسوکاری پێشمەرگە دەکەن، هەموو ئەم ناسەقامگیرییەش لە دەڤەری سلێمانییەوە سەرچاوە دەگرێت. بۆ قسەکردن لەسەر دەستپێشخەرییەکەی سەرۆك بارزانی بۆ کۆتاییهێنان بە ناسەقامگیری سیاسی و ڕێککەوتنی حزبە سیاسییەکان، ئەم دیمانە تایبەتەمان لەگەڵ ئەدهەم بارزانی بەرپرسی ئەنجومەنی سەرکردایەتی پارتی لە سلێمانی سازکرد و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵان-ی دایەوە.**

*** سوپاس بۆ خوا هێزی پێشمەرگە توانیی تا دواخاڵی سنووری کوردستان رزگاربکات، لەوەش گرنگتر ئەو یەکڕیزییەیە کە لەنێو هێزی پێشمەرگەی کوردستاندا هەیە، بەڵام جێی داخە هێشتا رەنگدانەوەی لەسەر پرۆسە سیاسییەکە نییە، بەڕێزتان چۆن ئەم دوو لایەنە پێکەوە گرێ دەدەن، واتە لەلایەك پێشمەرگە سەرکەوتنی بەدەست هێناوەو یەکڕیزە، لەلایەکی دیکەوە حزبە سیاسییەکان پێکەوە کۆنابنەوەو گفتوگۆ ناکەن؟**

- سەرەتا بە ناوی خوای گەورە و میهرەبان. بەداخەوە بە درێژایی مێژووی بزاڤی رزگاریخوازی کوردی و مێژووی کۆن و نوێی ئەم نەتەوەیە ئەو راستییە بەدی دەکرێت کە هەمیشە سوود لە دەرفەتەکان وەرنەگیراوە. ئەو هەلومەرجانەی بۆ ئەم نەتەوەیە هاتوونەتەپێش زۆر بەئاسانی بەسەریدا تێپەڕیون و نەتوانراوە لە ئاستی گەورەیی قوربانیدان سوود لە دەستکەوتەکان وەربگیرێت. خۆزگە ئێمە ئەم قۆناغەمان تێپەڕاندایەو بمانتوانیایە خۆمان دەستنیشانی دەرفەت و قۆناغە پڕلە مەترسییەکانمان بکردایە، بۆ ئەوەی بمانزانیبایە پێداویستییەکانی ئێستاو ئایندەمان چین، یاخود خۆزگە ئێمە دووربینتر بووینایەو لەپانتاییەکی بەرتەسکدا بیرمان نەکردایەتەوەو جیهانبینی و دنیابینییەکی بەرفراوانترمان هەبووایە، بەداخەوە ئێمە هەمیشە دووچاری ئەم دەردو ئەم حاڵەتە دەبین. ئەگەر لەم چوارچێوەیەدا سەیری خۆمان بکەین، ئەوا دەبینین ئێمە نە لە بواری سەربازییەوە دەتوانین وەك وەزیرانی بەرگری ئەمەریکا و ئەڵمانیا و کەنەدا و چەندین وڵاتی دیکە، باس لەگەورەیی سەرکەوتنەکانی پێشمەرگە بکەین، نە لەبواری سیاسیشەوە توانیومانە وەك وەزیرانی دەرەوەی ئەمەریکا و رووسیا و چەندین وڵاتی ئەورووپی باسی دۆخەکە بکەین. ئەمە لەکاتێکدا ئەو دەوڵەتانەی بەوجۆرە باسی سەرکەوتنەکانی پێشمەرگەو قارەمانی و بوێری ئەم گەلە دەکەن، هاتوون هاوکاری و مەشق و راهێنان بە پێشمەرگە بکەن، بەڵام لەبەرەکانی شەڕدا

هاتوونەتە پشتی پێشمەرگەو پێیان گوتوون ئەوەی ئێوە دەیکەن، بە ئێمە ناکرێت. ئەو بوێرییەی ئێوە هەتانە، ئێمە نیمانەو ئێمە بە تەکنەلۆژیای نوێ شەڕ دەکەین، لەکاتێکدا ئێوە بە گیان و خوێنی خۆتان شەڕدەکەن. ئەگەر سەرنج بدەین ئەو خەڵکە بیانییە بەم شێوە دێن و باسی پێشمەرگە دەکەن کە بە گیان و خوێنی خۆیان بەرگری لە بوون و ژیانی ئێمە و سەرجەم حزبەکانیش دەکەن. لەم روانگەیەوە دەتوانین بڵێین دەستکەوتی گەورە بەدەستهاتووە، بەڵام بەداخەوە خەوی غەفڵەت وای لێکردووین کە نەزانین لەچ قۆناغێکداین، ئەمەش دووچاری هەڵەی کردووین.

*** مەبەستتان لەو خاڵە چییە کە دەڵێن خەوی غەفڵەت وای لێکردووین نازانین لەچ قۆناغێکداین؟**

- مەبەستیم ئەوەیە ئێستا کەسانێك هەن کە بانگەشەی ئەوە دەکەن نوێنەری میللەت، یان حزبن، بەڵام لە راستیدا نوێنەری خۆشیان نین، چونکە بەشێوەیەك باسی پێشمەرگەو خانەوادە سەربەرزەکانیان دەکەن، کە هەموو شتێك دەخاتە ژێر پرسیارەوە، تەنانەت ئەو تۆمەتانەی بۆ پێشمەرگەو خانەوادە سەربڵندەکانیان دروست دەکرێت، دوژمنەکانیشمان نەیانکردووەو بگرە رێگەشیان بەخۆیان نەداوە تۆمەتی وامان بۆ دابتاشن، من عەرەبێکی شۆفێنی ناوەڕاست و خوارووی عێراقیشم نەبینوە کە بێت و بەم شێوەیە سووکایەتی بەپێشمەرگە و خانەوادەی شەهیدەکان بکات. با ئێمە پرسیاری ئەوە بکەین، کە ئەمە بەڵگەی چییە و چی دەخاتەڕوو؟ ئەمە نیشانەی ئەوەیە کە هەندێ لایەنی سیاسی هەن، تەنیا بۆ تێکدان و وێرانکردن و شێواندن و گەوجاندن دروست بوون، ئەمەش واقیعی تاڵی ئێمەیە.

*** هەر بە هۆی دروستبوونی ناسەقامگیریی سیاسییەوە لەم ماوەیەی پێشوودا بانگەشەی ئەوە دروست بوو کە سلێمانی بگەڕێندرێتەوە بۆ سەر بەغدا، دیدو تێڕوانینی ئێوە لەم رووەوە چییە؟**

- ئێمە دەزانین پەیمانی سایکس پیکۆ، کوردستانی گەورەی بەسەر چەند وڵاتێکدا دابەش کردووە، خەبات و خوێنبەخشین و قوربانیدانی هەر چوار پارچەکەی کوردستانیش بۆ ئەوە بووە کە رێگەنەدەین چیتر وڵاتەکەمان پارچەپارچە بێت، بەڵکو ببێتە وڵاتێکی یەکپارچە، کە ئێستاش هەر یەك وڵاتە، بەڵام بەپێی سیستمی ستەمکار دابەشکراوە. ئێمە وەك کورد هەتا ئێستا نەبووینەتە خاوەنی کوردستانی خۆمان، بەڵکو ئەوەی هەیە کوردستانی عێراق و کوردستانی ئێران و تورکیا و سوریایە، دەبێت ئەو پرسیارە لەخۆمان بکەین، ئایا کوردستانی کورد لە کوێیە؟ بێگومان هەموو تێکۆشانەکانمان بۆ ئەوەیە کوردستان بۆ کورد بگەڕێتەوە. لە باشووری کوردستان و لەدوای راپەڕینە مەزنەکەی ساڵی ١٩٩١ـەوە ئێمە نیمچە ئازادییەکمان هەیەو ئێستاش دوای تێپەڕبوونی ٢٥ ساڵ هەر نیمچە ئازادییە، هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئێمە لەچوارچێوەی سیستمێکی فیدراڵیدا لەگەڵ حکومەتی ناوەند دەژین، ئەمەش تەنیا لای ئێمە فیدراڵییەتە و لەبەشەکانی دیکەی عێراقدا دان بەو فیدراڵییەتەشدا نانێن و هەتا ئێستاش بە کوردستان دەڵێن: (شمالنا الحبيب). کەواتە خەباتی ئێمە لەپێناوی سەربەخۆیی و یەکگرتنەوەی پارچەکانی دیکەی کوردستانە. بەڵام بەداخەوە ئەم بیرتەسکییەو ئەم ناوچەرگەرێتییە بەدی دەکەین، کە من ناڵێم سەرجەم لایەنگرانی ئەم رەوتەی گۆڕان، بەڵکو سەرکردەکانیان خۆیان بە بیرێکی خێڵەکی و ناوچەگەری تەسك پەروەردە کردووە. کە بەداخەوە هاتوون بەرگێکی دیکەیان کردووە بە بەر ئەم حاڵەتەداو پێی دەڵێن رۆشنبیری، بەڵام کەسێك کە بیرکردنەوەیەکی ناوچەگەرانەی هەبێت و ئەنفال و کیمیاباران و سووتاندنی دێهاتەکانی لەبیر نەبێت، ئیدی چۆن چاوەڕێی لێدەکەیت کارێکی باش بۆ ئایندەی ئەم کوردستانە بکات؟ کەسی وا تەنیا دەیەوێت لەئاوی لێڵدا راو بکات. کەواتە هەوڵدان بۆ جیاکردنەوەی سلێمانی لەکوردستان و گەڕاندنەوەی بۆ بەغدا، نەك تەنیا هەڵەیەکی سیاسییە، بەڵکو ناپاکییەکی گەورەی نەتەوەیی و نیشتیمانییە، کە دەبوو چۆن لە ئەڵمانیا حزبی نازی قەدەغە کرا، ئەوا ئەگەر دادگاییەکی کوردستانی هەبووایە، دەبوو لە کوردستانیش ئەم جۆرە

**لەهەر شوێنێک کوردایەتی و تێکۆشان هەبووبێت، بارزان خزمەتکاری ئەو شوێنە بووەو خوێنی بەخشیوەو قوربانی داوە لە پێناو کوردایەتی و کوردستان، بائێمە هەمووان بەو شێوەیە سەیری یەکتر بکەین و یەکتری سڕینەوە نەمێنێت**

**فەلسەفەی جنێو و جنێودان و کارگەی دروستکردنی ئەم جنێوانە لەناو شاری سلێمانی زۆر جوان دیارەو خەڵک دەزانن ئەم کۆمپانیایە لەکوێیەو هەر لەم کۆمپانیاشەوە منداڵ و گەنجەکانیان فێرکرد بەهەموو شێوەیەک جنێو بدەن، بەڵام ئەمە سرووشتی شاری سلێمانی نییەو فەلسەفەی جنێو و جنێودان لە رەوشت و ئەخلاقی خەڵکی سلێمانی دوورە، ئەمە بابەتێکە هێنراوە بۆ ناو شاری سلێمانی**

**پارتی حزبێک نییە، بەڵکو بزاڤێکی جەماوەرییەو رەگ و ریشەی لەناو جەماوەری کوردستاندا هەیەو لەهەموو پارچەکانی کوردستاندا بستێک نییە کە پارتی خوێنی لەسەر نەڕشتبێت، یان داستانێک لەداستانەکانی ئەم بزاڤە لێی تۆمار نەکرابێت**

**جەنابی قازی محەمەد دەیزانی جەنابی مەلا مستەفا چ رێبەرێکە، بەڵام بۆ پاراستنی کۆماری کوردستان مەلا مستەفا بارزانی رازی بوو ببێتە پێشمەرگەی ئەو کۆمارەو یەکێک لە فەرماندە سەربازییەکان کە فەرمانی قازی محەمەد جێبەجێ بکات**

**ئەم رێبەرە (سەرۆکی بارزانی) هێشتا تەپوتۆزی شەڕی لەسەر شانی خۆی نەتەکاندووە، بەخەڵکی کوردستان و حزبەکانی کوردستان دەڵێت ئەگەر من کێشەم، کەسێکی دیکە لە شوێنی من دابنێن با ئیتر ئەو سەرۆکایەتی ئێوە بکات**

**چ سەرۆکێک لەم جیهانەدا لەکاتی سەرکەوتندا دەستی لەکارکێشاوەتەوە، سەرۆکەکان لەکاتی شکستدا دەست لەکار دەکێشنەوە. هەر بۆ نموونە جەمال عەبدولناسر لەساڵی ١٩٦٧ دوای ئەوەی هێزە ئاسمانییەکانی ئیسرائیل هەموو فڕۆکەخانەکانی میسری کاول کرد، هات و دەست لەکارکێشانەوەی خۆی راگەیاند، بەڵام سەرۆک بارزانی لەکاتی سەرکەوتن ئەمەی کردووە، بۆچی؟ بێگومان بۆ ئەوەیە بگەینە ئەو دەرەنجامەو ئەم ناسەقامگیرییە کۆتایی پێبێت**

بیرکردنەوەیە قەدەغە بکرایەو رێگە بەو کەسانە نەدرایە کە ئەم جۆرە بیرکردنەوەیەیان هەیە، هەناسەی ئەم خاکە هەڵمژن. چون دەیانەوێت سلێمانی بکەنەوە بەشێك لەدەوڵەتی عێراقی کە ئێمە بەزۆر لێکنراوین بەم دەوڵەتە نەخوازراوەوە؟ با ئەو پرسیارە لەخۆمان بکەین، ئایا ئێمە چیمان چنییەوە لە حکومەتە یەك لە دوای یەکەکانی عێراق؟ وەڵامی ئەم پرسیارە بۆ هەموولایەك روون و ئاشکرایە. ئێوە باسی شاری سلێمانیتان کرد، بەڵام ئەمە بۆچوونی خەڵکی سلێمانی و رۆشنبیرانی سلێمانی نییە، ئەمە قسەی ئەو کەسانەیە کە بە درێژایی مێژوییان جگە لە ئیرهابی فیکری شتێکی دیکەیان لەگەڵ خەڵکی سلێمانیدا نەکردووە، ئەم کەسانە دێن و لەژێر پەردەی رۆشنبیرییەوە ئەم کارە دەکەن، بەڵام ئەوان و رۆشنبیری زۆر لێك دوورن. سلێمانی قەڵای قوربانیدان و خەبات و رۆشنبیرییە و بەشێکی زۆری رەسەنایەتی کوردەواری لەکەسایەتییە هونەری و رۆشنبیرییە دیارەکانی ئەم شارەدا رەنگی داوەتەوە، کەواتە ئایا پێتوایە ئەم کەسانە ئەم بیرە چەوت و سەقەتە قبووڵ دەکەن؟ من ئاگام لێیەو ئەم کەسایەتییانە بە هیچ شێوەیەك رازی نابن سلێمانی لە کەرکووك و هەولێر و هەڵەبجە و دهۆك جیاببێتەوە. کەواتە ئەمە بە هیچ شێوەیەك بڕیاری خەڵکی سلێمانی نییەو ئەوان لە رابردوودا قبووڵیان نەکردو لە داهاتووشدا قبووڵی ناکەن. ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە تێکشکاوەو پایە ئایدیۆلۆژییەکانی لە رووخاندایە، لە هەڵبژاردنەکانی داهاتووشدا دەبینین کە خەڵکی سلێمانی چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەم جۆرە بیرکردنەوەیەدا دەکەن.

*** سلێمانی لەوەتی هەیە، شاری هەڵمەت و قوربانی و سەربەخۆخوازی بووە، پرسیار ئەوەیە چۆن ئەم بیرۆکەی ناوچەگەرییە تەسکە لەم شارە چەکەرەی کردو چۆن چارەسەر دەکرێت؟**

- لە راستیدا لەدوای ئیمزاکردنی رێککەوتننامەی جەزائیر لەنێوان شای ئێران و سەدام حوسێن، بۆشاییەکی مێژوویی دروست بوو کە بووە هۆی ئەوەی هەندێ کەس بتوانن کار لەسەر ئەم شارە بکەن. قۆناغی دووەم پاش رێککەوتنی ستراتیژی لەنێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان دروست بوو، کە لەنێوان بەڕێزان کاك مسعود بارزانی و مام جەلال-دا ئیمزا کرا، کە بووەهۆی ئەوەی ئەم بیرکردنەوەیە بتوانێت زیاتر لەو شوێنەدا گەشە بکات، کە خاڵی هەرە بەهێزی ئەو رێککەوتنەش ئەوە بوو شەڕی ناوخۆیی رابگیرێت و چیتر خوێنی کورد بە دەستی کورد نەڕژێت، ئەمە خاڵە هەرە ئیجابی و باشەکەی بوو کە هەموومان دەستخۆشی لەم خاڵە دەکەین، بەڵام لەلایەنێکی دیکەدا ئەو رێککەوتنە ستراتیژییەی نێوان پارتی و یەکێتی، بووە هۆی ئەوەی کوردستان دابەش ببێت بەسەر دوو دەسەڵات، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە پارتی دیموکراتی کوردستان لەو سنوورە دووربکەوێتەوە، ئەمەش دەرفەتێك و قۆناغێکی دیکە بوو، بۆ هەندێ کەس کە ئەم حاڵەتە بۆ خۆیان بقۆزنەوە و ئەوەی حەزدەکەن کاری تێدا بکەن و کاریشیان تێدا کرد، سەرەنجامیش خۆشیان تەحەمولی یەکدییان نەکرد، لەناو یەکێتیی نیشتمانی کوردستان کە من رێزێکی تایبەتیم بۆ خەباتی یەکێتی نیشتمانی هەیە، بەڵام هەندێك لە سەرکردەکانی یەکێتیی نیشتمانی رێزیان لەم خەباتەی خۆیان نەگرت، ویستیان لەناو خودی یەکێتیی نیشتمانی ئینشیقاقێك دروست بکەن، دروستیشیان کرد.

*** مەبەستت جیابوونەوەی ساڵی ٢٠٠٥ی نەوشیروان مستەفا-یە لەیەکیتی نیشتمانی؟**

- بێگومان، ئەو دەیویست لەناو حزبەکەی خۆیدا گۆڕانکاری بکات و پێگەیەکی بەهێز بۆ خۆی دروست بکات، بەڵام لە هەموو کۆنفرانسە ناوخۆییەکانی یەکێتیدا شکستی هێنا، ئیدی خۆی لە حزبەکەی جیاکردەوەو ویستی لە هەلومەرجێکی دیاری کوردستاندا بەناوی چاکسازییەوە بارودۆخەکە بقۆزێتەوە. من لێرەدا تەنیا وەك ئەدهەم بارزانی و هاووڵاتییەك ئەو راستییە دەڵێم، بەڵێ لە هەردوو ئیدارەی پارتی و یەکێتی هەڵەی گەورە لە پرۆسەی حوکمڕانیدا کران، بەڵام بۆچی ئەم هەڵانە کران و بەرفراوان بوون؟ بێگومان لەبەر ئەوەی پەرلەمانێکی ئەکتیڤمان نەبوو، کاتێکیش پەرلەمانێکی ئەکتیڤ نەبێت، بمانەوێت، یان نەمانەوێت حکومەتێکی دەستپاکت نابێت، با

بەرپرسان و کەسانی ئەم حکومەتە باشیش بن، بەڵام کە پەرلەمان ئەکتیڤ نەبێت، ناتوانیت بە چەند کەسێکی پاك و باش حکومەتێك بەڕێوەبەریت، ئەمەش بواری ڕەخساند کە بارودۆخێکی پڕ لەگەندەڵی لەم وڵاتە دروست ببێت. ئەوانەی کە بە گوتەی خۆیان ویستیان چاکسازی بکەن لەناو یەکێتیدا، (من ناڵێم چاکسازی و دان بە چاکسازیی ئەواندا نانێم لەناو یەکێتیی نیشتمانیدا)، مەبەستیان چاکسازی نەبوو، مەبەستیان گرتنەدەستی دەسەڵات بوو، بۆیە کە نەگەیشتنە دەسەڵات لەناو یەکێتی هاتنە دەرەوەو سوودیان لەم بارودۆخە وەرگرت. دواتر ئەم هەڵانە زەق کرانەوەو گەورەکران لەپێش چاوی خەڵك و گۆڕان لەسەر ئەم بنەمایە هات و کۆمەڵێك دروشمی بەرزکردەوە بۆ ئەوەی خەڵکێك لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٩دا دەنگیان پێ بدات، بە ڕاستی بە هەمان شێوەش بوو، چونکە هەڵەکان زۆر گەورە ببوون، ئەوە بوو لەو ماوەیەی دەستیان کرد بە پڕوپاگەندە، بەمەش لە هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠٠٩ی پەرلەمانی کوردستان بە ناوی بزووتنەوەی گۆڕان ٢٥ کورسییان بەدەست هێنا. بەڵام لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان لەساڵی ٢٠١٣دا، ئەوانیش گەڕانەوە سەر ئەسڵەکەی خۆیان. عەرەب قسەیەکی هەیە دەڵێت: (التطبع یغلب التصنع) ئەمەش مانای ئەوەیە ئەسڵی مرۆڤ زاڵە بەسەر ئەو شتەی کە دەیەوێت دروستی بکات و پیشانی بدات، بۆیە ئەو دروشمانەی پێشتر لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٩ دروستیان کردبوو، لە ٢٠١٣ گەڕانەوە سەر ئەسڵی خۆیان، کاتێ بواری ئەوەیان بۆ ڕەخسا بێنە ناو دەسەڵات و وەزیر پەیدا بوو، بەمەش پارە دێت و پلەوپایە پەیدا دەبێت، ئیدی گەڕانەوە بۆ سەر سرووشتی خۆیان، کە گەڕانەوە بۆ سەر سرووشتی خۆیان ماهییەتیان و بوونیان بۆ ئەم میللەتە ئاشکرا بوو، بۆ یەکەمین جار لە حوکمڕانیی کوردستان کابینەی هەشتەم، کە سەرۆك وەزیران ڕاسپێردرابوو بۆ پێکهێنانی کابینەکەی، نەیتوانی تا هەشت نۆ مانگ، کابینەکەی پێکبهێنێت، یەکێك لە هۆکارەکانی دواکەوتنی ئەم کابینەیە، بەشداریی بزووتنەوەی گۆڕان بوو لەم کابینەیەدا. بزووتنەوەی گۆڕان پێش ئەوەی بێتە ناو دەسەڵات دەیانگوت ئێمە دێینە ناو دەسەڵات بۆ ئەوەی چاکسازی بکەین و هەموو شتێك شەفاف بێت، پێشتر ڕێکخەری بزووتنەوەی گۆڕان دەیگوت ئەگەر ئێمە بەشداری دەسەڵات بین و وەزارەتی دارایی لای ئێمە بێت، ئەوکاتە خەڵك هەقی خۆیەتی گلەیی و گازندەمان لێ بکەن، ئەم قسەیە بە ڤیدیۆ و بە تۆمارکراوی هەیەو چەندین جار لێدراوەتەوە، بەڵام لە کابینەی هەشتەم وەزارەتی داراییش کەوتە دەستی گۆڕان، با لێی بپرسین ئایا جەناب ئەو ڕۆژەی کە لە دەستت نەبوو، بە خەڵکت دەگوت هەر کاتێ کە لەدەستمان بێت گلەیی لە ئێمە بکەن، کاتێ لە دەست جەنابت بوو، چ گۆڕانکارییەکت کرد؟

*** لەم وەڵامەتان بەوجۆرە تێگەیشتین کە ئەوانیش کاتێ هاتنە دەسەڵات ئیدی تەنیا بیریان لە خۆیان کردەوە، ئایا مەبەستت ئەوە بوو؟**

- ئەمە بە ئێوەو بە جەماوەری کوردستانیش دەڵێم، بە حوکمی ئەوەی من لە سەرکردایەتی حزبێکدام، کە ئەو حزبە دەسەڵات و حکومەتی لەدەستە، من زۆر لەبەڵگەکانم بینیوە، ئەوەی ئەوان و هەندێ لایەنی دیکە کە پاش هاتنیان بۆ ناو حکومەت بۆ بەدەستهێنانی پلەوپایە کردیان، باوەڕتان هەبێت هەر ئەوە بوو کە باسی یەکێتی و پارتییان دەکرد، کە دەیانگوت پارتی، یان یەکێتیی ئەمەی کردووەو وایکردووە، ئەوان خۆیان لە هیچ شتێك نەپاراستووە، پاش ئەم چاوپێکەوتنەش ئەگەر بکەومە بەر ڕەخنەو بڵێن ئەدهەم وای گوتووە، بەڵێ ئەگەر ئامادەن هەر ئێستا من ئامادەم لەسەر شاشەی چ تەلەفزیۆنێکدا لەگەڵیان حیوار بکەم و بڵێم: بەڵێ جەنابتان چ ئیمتیازێکتان وەرگرتووە کە کەمتر بێت لە ئیمتیازەکانی پارتی، یان یەکێتی لەماوەی ئەو دەسەڵاتەی کە هەردووکیان هەبوون، یان هەمان شت کە دەکرا، ئێوەش هەمان بابەتتان هەبوو، ئێستاش ئەگەر سەیربکەین لە بەرپرسەکانی ئەوان، ئەوانەی هەندێ جار باسی ژمارەو حیسابات دەکەن، فەرموو با لەو کەسان بپرسین ئایا لەدەوروبەری سلێمانی و مێرگەپان و شوێنەکانی دیکە چیتان هەیە؟ ئایا ئێوە چیتان کەمترە لەبەر پرسێکی

**سەرۆک بارزانی وەک فەرماندەیەکی مەیدانیی ناو شەڕەکە کە هەموو جیهان شاهیدی بۆ دەدەن، لەوپەڕی سەرکەوتندا داوا لەلایەنە سیاسییەکان دەکات و پێیان دەڵێت ئەگەر پۆستی من ڕێگرە، فەرموو کەسێکی دیکە دەستنیشان بکەن با ئەو پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان وەربگرێت**

**کە دەڵێم گۆڕان، مەبەستم هەندێک لەسەرانی گۆڕانەو مەبەستم خەڵکی گۆڕان نییە، لە ڕاستیدا ئەمانە هەندێ کەسن کە گاڵتە بە خۆیان و بە کادیر و ئەندام و هەڵسووڕاوەکانی گۆڕانیش دەکەن**

**هەڵسووڕاوانی بزووتنەوەی گۆڕان باسی ئەوە دەکەن کە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان جیاببنەوەو بگەڕێنەوە بۆ بەغدا، یان وەک ئەو بابەتەی کە بەهۆی ئەو قسە ناشیرینانەی ژنێکەوە لەناو بزووتنەوەی گۆڕان بەرامبەر خێزان و کەسوکاری شەهیدانی پێشمەرگە کردوویەتی، شەقامی کوردستانی تووڕە کردووە، گۆڕان چۆن بوار دەدات ئەم قسانە بکرێت؟**



پارتی، یان یەکێتی، یان هەر حزبێکی دیکە؟ لەوانەیە ئەوانەی گۆڕان کە ٣-٤ ساڵە خەریکی خۆدەوڵەمەندکردنن لەگەڵ بەرپرسێك کە ١٠-١٢ ساڵە خەریکە جیاوازییەکی هەبێت، بەڵام ئەوەی گۆڕان-یش هەمان ڕێچکەی گرتووەو بەهەمان ڕێگەدا هەنگاو هەڵدەگرێت، لەسەر ئەم بابەتەش هەر کەسێك دەڵێت، ئەمە تۆمەتە، من ئامادەم بەڵگەکان بخەمەڕوو کە تاکو ئێستا چی کراوە. ئەوجا وێڕای ئەم ڕەفتارو گەندەڵییانەش، بەداخەوە من بیروبۆچوونم بەوجۆرە بوو، هەندێك بابەت هەن بۆ هەموو نەتەوەیەك بە هێڵی سوور دادەنرێت، بۆیە مەزندەندەی من بەوجۆرە بوو هەر چی بکرێت، هیچ لایەنێك ئەو هێڵە سوورانە نابەزێنن، بەڵام وەك ئێستا دەیبینین هەڵسووڕاوانی بزووتنەوەی گۆڕان باسی ئەوە دەکەن کە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان جیاببنەوەو بگەڕێنەوە بۆ بەغدا، یان وەك ئەو بابەتەی کە بەهۆی ئەو قسە ناشیرینانەی ژنێکەوە لەناو بزووتنەوەی گۆڕان بەرامبەر خێزان و کەسوکاری شەهیدانی پێشمەرگە کردوویەتی، شەقامی کوردستانی تووڕە کردووە، گۆڕان چۆن بوار دەدات ئەم قسانە بکرێت؟ لانیکەم بزووتنەوەی گۆڕان ئەگەر بە ڕاستی لەخەمی پێشمەرگەو بابەتە جوانەکانی ئەم میللەتەدا بوایە، دەبوو تاکو ئێستا بڕیاری دەرکردنی ئەم خانمەی بدایە لەفراکسیۆنەکەی خۆیان لە بەغدا، چونکە ئەمە ڤیدیۆیەو دەنگی ئەوە کە دەڵێت: ژنەشەهید خۆی فرۆشتووە. من خۆم چەند جار گوێم لێگرتەوە، تەسەورم نەدەکرد، چونکە ئەو ژنە تاکو دوێنێ پەیامنێری کەناڵێکی ئاسمانی بووە، واتە لەمیدیا کاری کردووەو دێت بەم شێوەیە قسەدەکات و خۆشیان لێ بێدەنگ کردووە. ئەمە کارێکی زۆر خراپە. لەمەش خراپتر دەیانەوێت پێشمەرگەش بەرنەوە بەغدا، داوادەکەن پێشمەرگە ڕاستەوخۆ مووچە لەبەغدا وەربگرێت و حەیدەر عەبادی ببێتە فەرماندەی گشتیی هێزی چەکدار. ئەمانە هێمای ئەوەن کە ئەوەی ئەوان مەبەستیانە پێش هەموو شت ئەوەیە چۆن و بە چ ڕێگایەك دەسەڵاتێك بگرنەدەست، واتە (الغایة تبرر الوسیلة)، ئەوجا بۆ ئەم مەبەستە ئەوان لایان گرنگ نییە ئەمە لای کێ دەستیان دەکەوێت،

ئەوان بەمجۆرە سەیری بابەتەکان دەکەن، بۆیە ئومێدەوارم ئەوانیش بەهەڵەکانی خۆیاندا بچنەوە. حەزدەکەم ئەو روونکردنەوەیەش بدەم کە دەڵێم گۆڕان، مەبەستم هەندێك لەسەرانی گۆڕانەو مەبەستم خەڵکی گۆڕان نییە، لە راستیدا ئەمانە هەندێ کەسن کە گاڵتە بە خۆیان و بە کادیر و ئەندام و هەڵسووڕاوەکانی گۆڕانیش دەکەن.

*** ئاشکرایە لای هەموومان کە سەرۆك بارزانی بە چ قوربانیدانێك یەکڕیزیی هێزی پێشمەرگەی پاراست و کردی بە سوپای کوردستان، بەڵام ئەم ناسەقامگیرییە سیاسییەی ئێستا هەیە، ئەگەر چارەسەر نەکرێت ئەوەی لەسەرکەوتنەکانی پێشمەرگە بەدەستمان هێناوە، دەیدۆڕێنین، بۆ ئەوەی ئەم دەستکەوتانە لەدەست نەچن، سەرۆك بارزانی دەستپێشخەرییەکی کردووەو پێش هەموان داوای کردووە خۆی لە پۆستەکەی نەمێنێت، ئایا دەبێت چی بکەین بۆ ئەوەی بە هەر نرخێك بێت ئەم ناسەقامگیرییە سیاسییە کۆتایی پێ بێت؟**

- ئەگەر ئێمە سەیری لۆژیك و خەمخۆریی جەنابی سەرۆك بارزانی بکەین، دەبێت پرسیاری ئەوە لەخۆمان بکەین ئایا بەڕێزی ئەم وتارەی لە چ شوێن و کاتێك پێشکەش کردووە؟ بێگومان ئەم وتارەی لە شوێنێك پێشکەش کرد کە پێی دەڵێن شارۆچکەی باشیك، ئەو شوێنەی کە لەچوارچێوەی پرۆسەی ئازادکردنەوەی موسڵ دواشوێن و دواخاڵ بوو کە دەبوو هێزی پێشمەرگەی کوردستان ئازادی بکاتەوە، لەکاتێکدا بوو تەقەی تفەنگەکان کۆتایی هاتبوو، بەڵام خەڵك و پێشمەرگە لەناو باشیك بەهۆی ئەو بۆمبانەوە شەهید دەبوون کە داعش دایناببوونەوە، لەو کاتەدا سەرۆك کە گوتاری سەرکەوتنی پێشکەش دەکرد، داوای لەهەموو لایەنەکانی کوردستان دەکرد، باپێکەوە دابنیشین و کێشەکان چارەسەر بکەین، بۆ ئەمەش جەنابی سەرۆك بەیەکەم قوربانیدان لەخۆیەوە دەستی پێکرد، سەرۆك بارزانی وەك فەرماندەیەکی مەیدانیی ناو شەڕەکە کە هەموو جیهان شاهیدی بۆ دەدەن، لەوپەڕی سەرکەوتندا داوا لەلایەنە سیاسییەکان دەکات و پێیان دەڵێت ئەگەر پۆستی من رێگرە، فەرموو کەسێکی دیکە دەستنیشان بکەن با ئەو پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان وەربگرێت. ئەمەش لەوتارەکەیدا هاتووە، بۆیە کاتێك دەڵێم قوربانی داوە، ئەمە قوربانیدانە، پرسیاری من ئەوەیە چ سەرۆکێك لەم جیهانەدا لەکاتی سەرکەوتندا دەستی لەکارکێشاوەتەوە، سەرۆکەکان لەکاتی شکستدا دەست لەکار دەکێشنەوە. هەر بۆ نموونە جەمال عەبدولناسر لەساڵی ١٩٦٧ دوای ئەوەی هێزە ئاسمانییەکانی ئیسرائیل هەموو فڕۆکەخانەکانی میسری کاول کرد، هات و دەست لەکارکێشانەوەی خۆی راگەیاند، بەڵام سەرۆك بارزانی لەکاتی سەرکەوتن ئەمەی کردووە، بۆچی؟ بێگومان بۆ ئەوەیە بگەینە ئەو دەرەنجامەو ئەم ناسەقامگیرییە کۆتایی پێبێت. بۆیە نەك هەر دەبێت پێشوازی لێ بکرێت، بەڵکو دەبێت بەگەرمی پێشوازی لێ بکەین و پێی بڵێین دەبێت تۆ هەبیت و سەرپەرشتیارمان بی، هەتا سیستمێك بۆ خۆمان دادەنێین، تا هەڵبژاردن دەکەین، تا ئەو کاتە تۆ هەر بڕیاریك بدەیت، ئێمە لەگەڵتاین، ئەمەش لەبەر ئەوەیە گەیشتووینەتە قۆناخێك کە پێی دەڵێن قۆناخی دەستکەوت، ئەو دەستکەوتەی بەخوێنی زیاتر لە ١١ هەزار شەهیدو بریندار بەدەست هاتووە، نابێت خوێنی ئەم شەهید و بریندارانە بەفیڕۆ بڕوات.

*** دیارە سەرۆك بارزانی هەموو کات پێشمەرگە بووەو ئەوەی لای گرنگ نەبووە، پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستانە، هەروەها بارزانیی نەمر بۆ بەرگری لەکۆماری کوردستان بووە پێشمەرگەی ئەو کۆمارە، پێتوانییە لای سەرۆك بارزانی پێشمەرگایەتی گرنگترە لە پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان؟**

- من باسی خۆم دەکەم وەك ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان، کاتێك بە مسعود بارزانی دەڵێم سەرۆکی هەرێمی کوردستان، هەست دەکەم غەدری لێدەکەم، لەبەر ئەوەی ئەو رێبەری نەتەوەیی نەتەوەی کوردە، تەنانەت ئەوەشی لەیاسای سەرۆکایەتی هەرێمدا هاتووە، سەرۆك بارزانی کردووە بەکارمەندێك و ئەرکێکی پێ سپاردووە، بۆیە دەڵێم یاسای ئێمەش زوڵمی لێکردووە. ئەم رێبەرە هێشتا تەپوتۆزی شەڕی

**لەوانەیە ئەوانەی گۆڕان کە ٣-٤ ساڵە خەریکی خۆدەوڵەمەندکردنن لەگەڵ بەرپرسێک کە ١٠-١٢ ساڵە خەریکە جیاوازییەکی هەبێت، بەڵام ئەوەی گۆڕان-یش هەمان رێچکەی گرتووەو بەهەمان رێگەدا هەنگاو هەڵدەگرێت، لەسەر ئەم بابەتەش هەر کەسێک دەڵێت، ئەمە تۆمەتە، من ئامادەم بەڵگەکان بخەمەڕوو کە تاکو ئێستا چی کراوە**

**پێشتر رێکخەری بزووتنەوەی گۆڕان دەیگوت ئەگەر ئێمە بەشداری دەسەڵات بین و وەزارەتی دارایی لای ئێمە بێت، ئەوکاتە خەڵک هەقی خۆیەتی گلەیی و گازندەمان لێ بکەن، ئەم قسەیە بە ڤیدیۆ و بە تۆمارکراوی هەیەو چەندین جار لێدراوەتەوە**

**با بەرپرسان و کەسانی ئەم حکومەتە باشیش بن، بەڵام کە پەرلەمان ئەکتیڤ نەبێت، ناتوانیت بە چەند کەسێکی پاک و باش حکومەتێک بەڕێوەبەریت**

لەسەر شانی خۆی نەتەکاندووە، بەخەڵکی کوردستان و حزبەکانی کوردستان دەڵێت ئەگەر من کێشەم، کەسێکی دیکە لەشوێنی من دابنێن با ئیتر ئەو سەرۆکایەتی ئێوە بکات، ئەمە لەوتارەکەی ئەودا هاتووە. بۆیە شکۆی سەرۆك بارزانی وەك پێشمەرگە وەك ڕێبەری نەتەوەیی زۆر لەسەرۆکی هەرێم گەورەترە، هەر وەك نموونە لەیەك دوو ڕۆژی ڕابردوو بەڕێز مسرور بارزانی کە پۆستەکەی تەنیا ڕاوێژکاری ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستانە، بەڵام لەبەر ئەوەی کوڕی سەرۆکە، جێگری سەرۆکی ئەمەریکا لەگەڵ کوڕی سەرۆکی ئێمە دادەنیشێت، پاشانیش بەشێوەیەکی فەرمی لەسەر ئاستی کۆشکی سپی ڕادەگەیەندرێت. ئەمە شانازییە بۆ هەر کوردێك لەهەر پارچەیەکی کوردستان بێت، ئەوجا نەك جەنابی سەرۆك، هەر کەسێکی دیکە وەك سەرۆك بارزانی ئەو پێگەیەی هەبوایە بۆ هەموو کورد جێگەی شانازی بوو. هەروەها وەك ئێوەش ئاماژەتان پێکرد مەلا مستەفای بارزانی لە چلەکانی سەدەی ڕابردووداو کاتێك کۆماری کوردستان لەسەر دەستی قازی محەمەد ڕاگەیەندرا، جەنابی قازی محەمەد دەیزانی جەنابی مەلا مستەفا چ ڕێبەرێکە، بەڵام بۆ پاراستنی کۆماری کوردستان مەلا مستەفا بارزانی ڕازی بوو ببێتە پێشمەرگەی ئەو کۆمارەو یەکێك لەفەرماندە سەربازییەکان کە فەرمانی قازی محەمەد جێبەجێ بکات، شانازی بە قازی محەمەدو کۆماری کوردستانەوە دەکردو ئامادەبوو خۆی و هەڤاڵەکانی بەرگری لەسەروەریی ئەو کۆمارە بکەن و چەندین کەسیان لەبەرەکانی شەڕی سەقزو شوێنەکانی دیکە لەپێناوی کۆماری کوردستان شەهیدکران، هەروەها لە بارزانەوە بەفەرمانی جەنابی شێخ ئەحمەدی بارزانی، مەلا مستەفا بارزانی جووڵەی کرد بۆ بەهاناچوونی شێخ مەحمودی حەفید، هەروەها لە باکووری کوردستانەوە چوو بەهانای ئەرمەنییەکانەوە. ئەمەش واتە لەهەرشوێنێك کوردایەتی هەبێت، بارزان لەو شوێنە بووە، لەهەر شوێنێك کە کوردایەتی و تێکۆشان هەبووبێت، بارزان خزمەتکاری ئەو شوێنە بووەو خوێنی بەخشیوەو قوربانی داوە لەپێناو کوردایەتی و کوردستان، بائێمە هەموان بەو شێوەیە سەیری یەکتر بکەین، بابەم شێوەیە هاوکاری یەکتر بکەین، یەکتری سڕینەوە دەبێت نەمێنێت و کۆتایی بێت و لە جێگەیدا یەکتری قبووڵکردن و خۆشەویستی دروست ببێتەوە.

*** ئەگەر لایەنێك پێیوابێت دەتوانێت لایەنەکەی بەرامبەری بسڕێتەوە ئایا ئەمەی بۆ دەکرێت، یان بۆی دەچێتەسەر؟**

- دەبێت بە ڕاشکاوی قسە بکەم. ئێمە وەك بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستان مێژوویەکی خوێناویمان هەیەو زۆر دەوڵەت و ڕژێم هەوڵیانداوە لەناومان بەرن، بەڵام نە توانییان، نە بۆشیان چۆتەسەر، هەر بۆ نموونە، شای ئێران نەیتوانی ئێمە لەناو ببات، هەموو مەلیك و سەرۆکەکانی عێراق نەیانتوانی ئەم بزاڤە لەناو ببەن، دەوڵەتی تورکیا داخڵی شەڕ بوو لەسەر سنوور لەگەڵ ئێمە، نەیتوانی ئێمە لەناو ببات، هێزی یەرموکی سووری لەسنووری زاخۆ داخڵی کوردستانی باشوور بوو، بۆ لێدانی بزاڤی مەلا مستەفای بارزانی، نەیتوانی لەناوی ببات، ئەندێرا غاندی سەرۆك وەزیرانی هیندستان لەو کاتەدا پردێکی هەوایی لەنێوان نیودەلهی و بەغدا دروست کرد بۆ هاوکاریکردنی هێزەکانی عێراق، نەیتوانی ئێمە لەناو ببات، پردێکی هەوایی لەنێوان قاهیرەو بەغدا دروست بوو کە چەندین دەوڵەتی عەرەبی لەگەڵ بەغدا بوون، نەیتوانی ئێمە لەناو ببات، دیارە شکستی ئەوان لەبەر ئەوە نەبوو کە ئێمە زۆر لەوان بەهێزتر بووین، نەخێر، لەبەر ئەوە بوو ئەم بزاڤە ڕەگ و ڕیشەی لەگەڵ خاکی کوردستان هەیە. لێرەدا دەمەوێت لەسەر پارتی دیموکراتی کوردستانیش ڕوونکردنەوەیەك بدەم. ئەم پارتییە حزبێك نییە، بەڵکو بزاڤێکی جەماوەرییەو ڕەگ و ڕیشەی لەناو جەماوەری کوردستاندا هەیەو لەهەموو پارچەکانی کوردستاندا بستێك نییە کە پارتی خوێنی لەسەر نەڕشتبێت، یان داستانێك لەداستانەکانی ئەم بزاڤە لێی تۆمار نەکرابێت. بۆیە کاتێك پارتی وەك حزبێك ناودەبرێت، من پێموایە غەدر لەپارتی دەکرێت، لەبەر ئەوەی پارتی بزاڤێکی جەماوەریی و نەتەوەییە. ئەمە بزاڤی میللەتی کورد و ماڵی میللەتی کورد بووە، ئەمە ئەو شوێنە بووە کە کورد پێی گەیشتووەو کوردایەتی تێدا کردووە .

**نەوشیروان مستەفا دەیویست لەناو حزبەکەی خۆیدا گۆڕانکاری بکات و پێگەیەکی بەهێز بۆ خۆی دروست بکات، بەڵام لە هەموو کۆنفرانسە ناوخۆییەکانی یەکێتیدا شکستی هێنا، ئیدی خۆی لە حزبەکەی جیاکردەوەو ویستی لە هەلومەرجێکی دیاری کوردستاندا بەناوی چاکسازییەوە بارودۆخەکە بقۆزێتەوە**

**سلێمانی قەڵای قوربانیدان و خەبات و ڕۆشنبیرییە و بەشێکی زۆری ڕەسەنایەتی کوردەواری لەکەسایەتییە هونەری و ڕۆشنبیرییە دیارەکانی ئەم شارەدا ڕەنگی داوەتەوە**

**هەوڵدان بۆ جیاکردنەوەی سلێمانی لەکوردستان و گەڕاندنەوەی بۆ بەغدا، نەک تەنیا هەڵەیەکی سیاسییە، بەڵکو ناپاکییەکی گەورەی نەتەوەیی و نیشتیمانییە**

*** بێگومان ئەو دەستپێشخەرییەی سەرۆك بارزانی لەپێناوی ئەوەیە ئەو ناسەقامگیرییەی لەدەڤەری سلێمانی هەیە، نەمێنێت، جەنابی سەرۆك دەڵێت: ئیرهابێكی فیكری لەسەر سلێمانییە و دەبێت ئەو ئیرهابی فیكرییە بشكێت، ئەمە چۆن كۆتایی دێت؟**

- بەكاربردنی وشەی ئیرهابی فیكری لەلایەن جەنابی سەرۆكەوە، هەروا ووشەیەك نەبوو لەدەمی دەربچێت و وا باسی لێوە دەكات، بیركردنەوەیەكی زۆر قووڵ لەپشت بەكاربردنی ئەم زاراوەیەی ئیرهاب فیكری بوو. من پێشتریش گوتم لە ساڵانی ١٩٧٤-١٩٧٥ بۆشاییەك دروست بوو، پاش ئەوەیش رێكككەوتنی نێوان ئێمەو یەكێتی وایكرد كە پارتی زۆر تەدەخولی لەو ناوچەیە نەكرد، خەڵكێكیش لەو سنوورەدا تەحەمولی هەموو شتێكی نەدەكرد، بەڵام بەم ئیرهابە فیكرییە خەڵك سنووردار كرا. ئێستاش دەڵێم سەیری سلێمانی بكەن، ئەو خەڵكانەی سلێمانی كە خەڵكی رەسەنی ئەو شارەن و خاوەنی مێژووی رۆشنبیری ئەو شارەن، بەشێكی زۆریان لەو شارە نەماون، ئەوجا، یا لەبەغدان، یا لەهەولێرن، یا لەدهۆكن، یا لەئەمەریكاو ئەوروپاو شوێنەكانی دیكەی ئەم جیهانە دەژین. ئەوان بەرگەی ئەو ئیرهابە فیكرییەیان نەگرت كە لەم شارە پیادە دەكرا. لە شارەكەدا جۆرێك لەئیرهابی فیكری پیادەكراو خەڵكانێك ترسێنران و تووشی زۆر گرفت بوون و ناووناتۆرەی ناشیرینیان بۆ دروست كراوە، بێگومان فەلسەفەی جنێو و جنێودان و كارگەی دروستكردنی ئەم جنێوانە لەناو شاری سلێمانی زۆر جوان دیارەو خەڵك دەزانن ئەم كۆمپانیایە لەكوێیەو هەر لەم كۆمپانیاشەوە منداڵ و گەنجەكانیان فێركرد بەهەموو شێوەیەك جنێو بدەن، بەڵام ئەمە سرووشتی شاری سلێمانی نییەو فەلسەفەی جنێو و جنێودان لە رەوشت و ئەخلاقی خەڵكی سلێمانی دوورە، ئەمە بابەتێكە هێنراوە بۆ ناو شاری سلێمانی. كاتێك جەنابی سەرۆك ئاماژە بەم بابەتە دەكات، لێرەیە دەبێت كار لەسەر ئەم بابەتە بكرێت. من دڵنیاتان دەكەمەوە شاری سلێمانی قسەی خۆی دەبێت و زۆری نەماوە، ئەم دڵنیاییە بە ئێوەی بەرێز وەكو راگەیاندن هەروەها بەخەڵكی دڵسۆزی كوردستانیش دەڵێم. بەم نزیكانە سلێمانی دەگەڕێتەوە بۆ پێگەی جوانی خۆی لە مەعریفەت و عەقڵانی و رۆشنبیری و مێژووی تێكۆشان و قوربانیدانی كوردایەتی، من ماوەی شەش مانگ و نیوە لەم شارەم هیچ كات و ساتێك خۆم بە غەریب و نامۆ لەسلێمانی نەبینیوە، بەپێچەوانەوە هەرچی پێدەچێت، لەبابەتەكانی ئەم شارە نزیكتر دەبمەوە. دەزانم ئەم شارە شاری مێژوویەكی پڕ لەخەبات و سەروەرییە، شاری شێخان و شاری شێخ مەحمودی نەمرە، شاری شێخ ئەحمەدی بارزان و شاری مەلامستەفای بارزانی و شاری هەر كوردێكی بەوەفاو خاوەن ویژدان و شەرەفە، سلێمانی دەیەوێت شتە جوانەكانی خۆی و رەسەنایەتی خۆی دەربخات، پایتەختی رۆشنبیرییە بەهەموو مانای وشەكە، نەك بەمجۆرە بازرگانییەی كە ئێستا بەسلێمانی دەكرێت، كە ئەمە لەدەرەوەی دابونەریتی خەڵكی سلێمانی و ئەم دەڤەرەیە.

*** دوایین پرسیارمان ئەوەیە ئایا ئایندەی پێوەندیەكانی نێوان كوردستان و عێراق چۆن دەبینن؟**

- وەك رای شەخسی خۆم، پێموایە ئەگەر كاربەدەستانی بەغدا بە لۆژیك و ئەقلانی بیربكەنەوە، لەوانەیە هەتا ماوەیەكی دیاریكراوی دیكە واتە یەك دوو ساڵی دیكە بتوانین لەگەڵ بەغدا پێكەوەبژین، واتە ئەگەر بەغدا رێز لەم ئەمری واقیعەی كوردستان بگرێت و داواكارییەكانی خەڵكی كورستان جێبەجێ بكات، بەمەش زەمینیەك دروست دەبێت بۆ ئەوەی بتوانین بەشێوەیەكی لەسەرخۆ و بەبێ ئەوەی بارێكی گران بكەوێتە سەرشانمان، بەرەو جیابوونەوە بچین، بەڵام ئەگەر بەپێچەوانەوە رەفتار بكات، هەروەك چۆن لەچەند رۆژی رابردوو یاسای بودجەیان تێپەڕاند بەبێ ئەوەی شایستە داراییەكانی هێزی پێشمەرگە دابین بكەن و مووچەی فەرمانبەرانی كوردستان دابین بكەن، ئەوا جیابوونەوەكەمان خێراتر دەبێت، ئەوجا لەگەڵ ئەوەشی دەزانین ئەمە دەبێتە هۆكاری ئەوەی هەندێك ئەركی سەرشانی كوردستان قورستریش بێت، بەڵام بڕیاری سەربەخۆیی هەر دەدرێت.

**كەسانێک هەن كە بانگەشەی ئەوە دەكەن نوێنەری میللەت، یان حزبن، بەڵام لە راستیدا نوێنەری خۆشیان نین، چونكە بەشێوەیەک باسی پێشمەرگەو خانەوادە سەربەرزەكانیان دەكەن، كە هەموو شتێک دەخاتە ژێر پرسیارەوە، تەنانەت ئەو تۆمەتانەی بۆ پێشمەرگەو خانەوادە سەربڵندەكانیان دروست دەكرێت، دوژمنەكانیشمان نەیانكردووەو بگرە رێگەشیان بەخۆیان نەداوە تۆمەتی وامان بۆ دابتاشن**

**كەسێک كە بیركردنەوەیەكی ناوچەگەرانەی هەبێت و ئەنفال و كیمیاباران و سووتاندنی دێهاتەكانی لەبیر نەبێت، ئیتر چۆن چاوەڕێی لێدەكەیت كارێكی باش بۆ ئایندەی ئەم كوردستانە بكات؟**

**هەندێ لایەنی سیاسی هەن، تەنیا بۆ تێكدان و وێرانكردن و شێواندن و گەوجاندن دروست بوون، ئەمەش واقیعی تاڵی ئێمەیە**





فۆتۆ: ئازاد لەشکری

# ناسەقامگیری و گەندەڵیی سیاسی

## وەک هەڕەشەو تەحەددا لەسەر ئەو سەرکەوتنانەی بەخوێنی پێشمەرگە بەدەستهاتوون

هیچ نەتەوەیەك قەیران و كێشە چۆكی پێدانادات، ئەگەر ناسەقامگیری و گەندەڵیی سیاسی شیرازەی پرۆسەی سیاسی لەبەریەك هەڵنەوەشاندبێت، گرفتی سەرەكیی پەتای ناسەقامگیریی سیاسی لەدەرهاویشتە خراپەكانی دەردەكەوێت و دەبێتە هۆكاری ئەوەی سیستم و كۆمەڵگەی دیموكراتی لەكۆمەڵگەی سەقامگیرەوە بگۆڕێت بۆ بێنیزامی و پاشاگەردانی و ژینگەیەكی خراپی ئەوتۆ لەپێوەندیی نێوان حزبە سیاسیەكاندا دروست دەكات كە سیاسەت تێیدا هیچ مانا و بەهایەكی نامێنێت و لەبری ئەوەی حزبە سیاسییەكان لەسەر بنەمای لێكتێگەیشتن و دیالۆگ ببنە هۆكارو میكانیزم بۆ چارەسەركردنی كێشەكانی نێوان خۆیان و هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو بۆ قەیران و كێشەكانی كۆمەڵگە، ئەوا زمانی مامەڵەكردنی نێوان حزبەكان دەگۆڕێت بۆ ئەو زمانەی هیچ لایەك لەوی دیكە تێنەگات و سەرەنجامیش هەر ڕەفتاری حزبە سیاسییەكان دەبێتە هۆكاری ئەوەی قەیران و كێشەكانی كۆمەڵگە زیاتر قووڵ ببنەوە و لە چارەسەركردن دووربكەونەوە.

نموونەی سەركەوتووی پرۆسەی نەتەوە لەماوەی ١٠٠ ساڵی ڕابردوودا، ئەوەمان پێدەڵێت لە هەر نەتەوەو وڵاتێكدا ناسەقامگیری و گەندەڵیی سیاسی بوونی هەبووبێت و نەتوانرابێت چارەسەری بۆ بدۆزرێتەوە، ڕاشكاوانەتر نەتوانرابێت حزبە سیاسییەكان وەك بەشێك لەكێشەوگرفتەكان بگۆڕێت بۆ بەشێك لەچارەسەر و ڕزگاركردنی نەتەوە لەو قەیران و كێشانەی ڕووبەڕووی دەبێتەوە، ئەوا ئەو نەتەوەیە، یان ئەو وڵاتە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ هەموو ژێرخانەكانی لەبەریەك هەڵوەشاوەتەوەو چەند توانای مرۆیی و ماددی لەبەردەستدا بووبێت، بەڵام لە پرۆسەی بونیادنانی نەتەوەو دەوڵەتدا شكستی هێناوە.

**سەرۆک بارزانی ئەم لۆژیک و ئەزموونەی لەماوەی دووساڵی ڕابردووی شەڕی داعش لەناو هێزی پێشمەرگەی کوردستان تاقیکردەوەو بە لۆژیکی خۆی توانی گەندەڵیی سیاسی لەناو ڕیزەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستاندا بنبڕبکات و هێزی پێشمەرگە تەنیا سەرقاڵی پاراستنی کوردستان بێت و خۆی تێکەڵی پرۆسەی سیاسی و ململانێی حزبەکان نەکات. ئاکامی ئەم ئەزموونەش دوای پشتیوانی خوا ئەوە بوو کە هەموو جیهان سەرکەوتنەکانی پێشمەرگەی بینی**

ئێمە وەك كوردستان تەنیا نەتەوەو دەوڵەت نین كە لەئاكامی ڕەفتاری حزبە سیاسییەكان تووشی پەتای ناسەقامگیری و گەندەڵیی سیاسی بووبینەوە. بەڵكو بەشێكی زۆری دەوڵەت و نەتەوەكانی جیهان لەقۆناخی بونیادنانەوەی وڵاتی دوای شەڕ و لەقۆناخی ڕاگواستن بەرەو دیموكراتی، تووشی هەمان پەتای ناسەقامگیری و گەندەڵیی سیاسی بوونەتەوە.

لەهەندێك وڵات و نەتەوەدا بە ڕێگەی جۆراوجۆر هەوڵدراوە سنوورێك بۆ ناسەقامگیری و گەندەڵیی سیاسی دابنرێت، هەربۆیە كاتێك ئەزموونی وڵات و نەتەوەكانی جیهان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ناسەقامگیری و گەندەڵیی سیاسی دەخوێنینەوە، ئاكامی جیاواز دێنە بەردەممان. بۆیە ڕووبەڕووبوونەوەی ناسەقامگیری و گەندەڵیی سیاسی بە هاوشێوەی ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی دارایی و دامەزراوەكان چارەسەری كۆپیكراوی وڵاتانی لەسەر پراكتیزە ناكرێت، بەڵكو پێویستی بەوە هەیە كە لەچوارچێوەی ژینگەی سیاسی و كۆمەڵایەتیی نەتەوەدا چارەسەری گونجاوی بۆ بدۆزرێتەوە. بۆیە لەم خاڵەوە دەبێت لەبری ئەوەی پەنا بۆ لاساییكردنەوە، یان كۆپیكردنەوەی ئەزموونی وڵاتان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم دیاردەیە ببەین، ئەوا دەبێت سوود لەو ئەزموونانە وەربگرین و ڕەهەندە هاوبەشەكانی نێوان ژینگەی سیاسی و كۆمەڵایەتی كۆمەڵگەی خۆمان لەگەڵ وڵاتانی دیكەی جیهان بدۆزینەوەو پاشان لەبەر ڕۆشنایی تایبەتمەندیی كۆمەڵگەی خۆمان چارەسەری گونجاوی بۆ بدۆزینەوە.

**دوای ئەوەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان دوایین خاڵی لەسەر سنووری باشووری کوردستان لەتیرۆریستانی داعش پاککردەوە، سەرۆک بارزانی لەگەڵ ڕاگەیاندنی پەیامی سەرکەوتن داوای کرد، کێشەکانی کوردستان بە دیالۆگ چارەسەر بکرێن و دەبێت ئەو لوغمە سیاسییانەش کە بۆ پرۆسەی سیاسی دانراون، پووچەڵ بکرێنەوە**

ڕەهەندی هاوبەش لەنێوان سەرجەم ئەو هەوڵ و ڕێگەچارانەی كە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی دارایی و دامەزراوەیی هەموو ئەزموونی قەڵاچۆكردنی ئەم جۆرەی گەندەڵی پێكەوە كۆدەكاتەوە، بریتییە لەوەی (فاكتەرەكانی هاندانی گەندەڵی بگۆڕێت بۆ فاكتەری هاندانی دژەگەندەڵی) بۆ تەرجەمەكردنی ئەم وەرچەرخانە وڵاتان شێوازی جۆراوجۆریان تاقیكردۆتەوەو ئاكامی جیاوازیشمان پیشاندەدەن. ئەو نەتەوەو دەوڵەتانەی كە توانیویانە لەبەر ڕۆشنایی تایبەتی كۆمەڵگەی خۆیان ئەم وەرچەرخانە دروست بكەن، سەركەوتنی زۆر گەورەیان بەدەست هێناوە، ئەوانەشی هەوڵیانداوە ئەم وەرچەرخانە بەلاساییكردنەوە، یان كۆپیكردنی ئەزموونی وڵاتانی دیكە لەسەر كۆمەڵگەی خۆیان ئەنجام بدەن، لەبری ئەوەی توانیبێتیان ژینگەیەك بۆ كەمكردنەوەی گەندەڵی دورست بكەن، بەپێچەوانە ژینگەیەكی ئەوتۆیان بۆ بڵاوبوونەوەی گەندەڵی دروستكردووە كە گەندەڵی لەكارێكی قێزەوەنەوە كردووە بە چالاكییەكی ئابووری.

بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی و ناسەقامگیریی سیاسیش لەكۆمەڵگەدا، ئەو ڕەهەندە هاوبەشانەی هەموو ئەزموونی وڵاتانی سیستمی دیموكراتی لەجیهاندا پێكەوە كۆدەكاتەوە، بریتییە لەوەی كە دەبێت (حزبە سیاسییەكانی كۆمەڵگە وەك هۆكارێك بۆ دروستبوونی كێشەو گەندەڵی و ناسەقامگیری سیاسی بگۆڕێت بۆ هۆكارێك بۆ چارەسەركردنی كێشەكان و دروستكردنی سەقامگیریی سیاسی لەكۆمەڵگەو كۆكردنەوەی هەوڵەكان بۆ چارەسەركردنی قەیران و كێشەكانی كۆمەڵگە)، دیارە بۆ ئەمەشیان سیستمە دیموكراتییە جیاوازەكان ڕێگەی جیاوازیان بۆ تەرجەمەكردنی ئەم

وەرچەرخانە تاقیکردۆتەوەو ئاکامەکانیش جیاوازن، بەڵام لاساییکردنەوەی ئەزموونی وڵاتانی دیکە، شکستی گەورە بەسەر پرۆسەی بونیادنانی نەتەوە دەهێنێت و سیستمە دیموکراتییەکەش دەگۆڕێت بۆ پاشاگەردانییەکی ئەوتۆ کە شکۆی دەوڵەت و نەتەوە پێکەوە دەخاتەبەر مەترسی. هەر بۆیە ئەگەر فەرەنسا دیاردەی ناسەقامگیری و گەندەڵیی سیاسی بە هەمووارکردنی دەستوور و ڕاگەیاندنی کۆماری پێنجەم کۆتایی پێهێنابێت، ئەوا تورکیا کە دەوڵەتێکی دراوسێمانە بە ڕێگەی سندوقەکانی دەنگدان و بوون بە زۆرینەی پارتی دادوگەشەپێدان لەساڵی ٢٠٠٢ کۆتایی پێهێناوە، لەبەرامبەردا لەکۆریای باشوور بە ڕێگەی کودەتای سەربازی و گێڕانەوەی یاساو نیزام، بەڵام لەسنگافورا و تایوان و ژاپۆن بە ڕێگەی پارتێکی بەهێز کە توانیویەتی سەرکردایەتی پرۆسەی پەرەپێدان و پەرەپێدانی بەردەوام بگرێتەدەست.

ئەگەر سەرنج لەهەر یەك لەم ئەزموونانە بدەین، مێژووی ئەو نەتەوانە پێمان دەڵێت، شکۆی نەتەوە دوای گێڕانەوەی سەقامگیری و کۆتاییهاتنی گەندەڵیی سیاسی دەستپێدەکات، هەر بۆ نموونە فەرەنسا کە لەماوەی ١٩٤٦- ١٩٥٨ خەریك بوو شکۆی دەوڵەتی فەرەنسا بوونی نەمێنێت، لەدوای ساڵی ١٩٥٨ و دەستپێکردنی کۆماری پێنجەم، نەك هەر شکۆی گەورەیی بۆ دەوڵەتی فەرەنسا گەڕاندەوە، بەڵکو گەڕانەوەی شکۆی فەرەنسا وەك دەوڵەتێکی بەهێز بووە هۆکاری ئەوەی لەگەڵ ئەڵمانیادا بەردی بناخەی یەکێتی ئەوروپا دابنێن، تورکیا لە نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو تا ساڵی ٢٠٠٢ ڕۆژ لەدوای ڕۆژ ئابوورییەکەی لەبەریەك هەڵدەوەشا، بەڵام کە گەندەڵی و ناسەقامگیریی سیاسی کۆتایی هات، تورکیا بووە یەکێك لەدەوڵەتانی گروپی ٢٠، واتە یەکێك لە ٢٠ دەوڵەتە دەوڵەمەندەکەی جیهان. هەروەها ئەگەر سەرنج لەئەزموونی کۆریای باشوور بدەین، دەبینین لەساڵی ١٩٥٣ – ١٩٦١ کۆریای باشوور گەیشتە ئەو بارودۆخەی ئومێد بۆ کۆریای باکوور بخوازێت، بەڵام لەدوای ساڵی ١٩٦١ تەنیا لەماوەی ١١ساڵدا کۆریای باشوور لەوڵاتێکی کاولکراوی دوای شەڕەوە هاتە ڕیزی دەوڵەتە پێشکەوتووەکانی ڕۆژئاوا، لەوانەیە ئەزموونی سەنگافورا کە پرۆسەی بونیادنانی نەتەوە لەگەڵ پرۆسەی ڕاگەیاندنی دەوڵەت تا ڕادەیەکی زۆر هاوشێوەی ئەزموونی کوردستان بێت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە لەساڵی ١٩٦٥ کاتێك سەربەخۆیی لەلایەن مالیزیاوە بەسەر سەنگافورا فەرزکرا، زۆر گروپ و لایەن هەبوون شەڕی بەوەکالەتیان بۆ مالیزیا دەکرد، بۆ ئەوەی دەوڵەتی سەنگافورا لەبار بەرن، بەڵام لی کوان یوو بە بونیادنانی سوپایەکی بەهێز خەونی وەکیلەکانی مالیزیای لەگۆڕ ناو وڵاتێکی بونیاد نایەوە کە هەموو جیهان ناچارە چیرۆکی سەرکەوتنی سەنگافورا بخوێنێتەوە، بۆ ئێستای ئێمەش لەکوردستان، لای کەس شاراوە نییە کە هێزی پێشمەرگە بۆ پاراستنی سنوورەکانی کوردستان، قوربانییەکی ئەوتۆی داوە کە هەموو جیهانی سەرسام کردووە، بەڵام ئەگەر بێتو ئەم سەرکەوتن و قوربانیدانەی پێشمەرگە نەبێتە ئیلهام بۆ ئەوەی حزبە سیاسییەکانی کوردستان بگۆڕدرێن بۆ فاکتەری سەقامگیری و کۆتاییهێنان بەگەندەڵیی سیاسی، ئەوا خوانەخواستە ئەگەر ئەمە نەکرێت، ئەوا دەبێت چاوەڕێی ئەوە بین وەك حزبەکانی کۆماری چوارەمی فەرەنسا، شکۆی کوردستان و سەرکەوتنەکانی پێشمەرگە بکەوێتە بەردەمی مەترسی و فەوتاندنەوە.

### ● کاتێك حزبی سیاسی دەبێتە فاکتەرێك بۆ تێکدانی هاوسەنگیی سیستمی سیاسی

فرانسیس فۆکۆیاما سەبارەت بەو شکستە گەورە ئابوورییەی بەسەر یۆنان هات و بووە هۆکاری ئەوەی نەتوانێت وەك دەوڵەتانی دیکەی یەکێتی ئەوروپا چارەسەری بکات، کە دواتریش ناچار بوو ڕاپرسی لەسەر ئەو پرسە بکات کە لە یەکێتی ئەوروپا بێتەدەرەوە، یان بمێنێتەوە، هۆکارەکەی دەگێڕێتەوە بۆ ئەو هاوپەیمانە حزبییە چەپ و ڕاستەی کە بەشێوەی خولی و وەك دوو حزب دەستاودەستی دەسەڵات لەسیستمی سیاسی یۆنان دەکەن.

فۆکۆیاما دەڵێت: گرفتی سەرەکیی نێوان ئەو دوو هاوپەیمانە، یان ئەو دوو حزبە، ئەوە نییە کە بە شێوەیەکی ڕێکوپێك و لەکاتی خۆیدا دەستاودەستی ئاشتییانەی دەسەڵاتییان نەکردبێت، بەڵکو گرفتی سەرەکی ڕەفتاری ئەم دوو حزبەیە لەگەڵ حکومەتدا، هەر ئەوەش بۆتە هۆکاری ئەوەی گەندەڵی و ناسەقامگیریی سیاسی دروست بێت و پاشانیش حکومەتی یۆنان نەتوانێت کێشە داراییەکانی چارەسەربکات و ببێتە کارەسات بەسەر ئەو وڵاتەوە، دیارە ئەمەش بەرەنجامی ئەوەیە ئەم دوو حزبە هەر کاتێك هەڵبژاردنیان بردبێتەوەو چووبێتنە دەسەڵات، هەموو پۆستە گشتییەکانی حکومەتی پێشوویان گسك لێداوەو لەشوێنی ئەوان ئەندام و کادری سەربە حزبەکەی خۆیان داناوە، بەمەش نەیانهێشتووە هیچ ئەزموونێکی حوکمڕانی و هەڵسووڕانی دامەزراوەیی لەناو حکومەتی یۆنان دروست بێت، بۆ ئەوەی کاتێك

**دەبێت دەستبەجێ هەڵگری ڤایرۆسی گەندەڵیی سیاسی سڕبکرێت و ڕێگەنەدرێت ئەم ڤایرۆسە بچێتە ناو هێزی پێشمەرگەو هەروەها دەبێت کۆمەڵگەشی لێ پاک بکرێتەوە**

**ئەگەر لەژێر پەردەی ئازادی ڕادەربڕین و دیموکراتی بە پێشمەرگە بگوترێت «شەڕی بەوەکالەت دەکات و بەکرێگیراوە»، ئایا بزووتنەوەی گۆڕان دیموکراتی نەکردۆتە ئەو بارووتەی کە هەرچی لەکوردستاندا بونیادنراوە، بیرووخێنێت؟**

**بۆ یەکەمینجارە لەمێژووی هەموو سەرۆکەکانی جیهاندا، سەرۆکێک لەدوای ڕاگەیاندنی گوتاری سەرکەوتن لەشەڕێکی جیهانیدا داوابکات لە پۆستەکەی خۆیدا نەمێنێت**

ڕووبەڕووی قەیرانێك دەبنەوە، بتوانن چارەسەری بۆ بدۆزنەوە.

هەر ئەم بیرمەندە سەبارەت بە سیستمی دیموکراتی هیندستانیش دەڵێت: هیندستان لەناو ئاسیادا لەدوای ڕاگەیاندنی سەربەخۆییەوە لەساڵی ١٩٤٧ تائێستا نموونەیەکی باشی دیموکراتییە لەئاسیادا، بەڵام کێشەی سەرەکیی سیستمی سیاسیی هیندستان ئەوەیە کە حزبە سیاسییەکانی هیندستان بەشێوەیەك مامەڵە لەگەڵ حکومەت ناکەن، هەتا حکومەت بتوانێت بڕیاری ڕاست و دروست بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان دەربکات. لەمبارەوە ئاماژە بەنموونەیەك دەکات ئەویش ئەوەیە توێژینەوەیەك دەریخستووە، ئەو مامۆستایانەی لەگوندەکانی هیندستان دامەزراون، بۆ ئەوەی منداڵی ئەو گوندانە فێری خوێندەواری بکەن، نیوەیان مووچە وەردەگرن، بەڵام لە قوتابخانەکان دەوام ناکەن، ئەم بابەتە لەگەڵ ئەوەی چەندین جار بۆتە گەورەترین بابەتی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکان، بەڵام دوای چەندین ساڵ کە دووبارە لێکۆڵینەوە کراوە، دەبینن دیاردەکە زیادی کردووەو کەمی نەکردووە و بەهەمان ڕێژەو زیاتریش مامۆستایان لە قوتابخانەکاندا دەوام ناکەن. ئەوجا ئەگەر لەو نموونە دیاریکراوەوە بەراوردی هیندستان و ژاپۆن بکەین، ئەوا دەزانین بۆچی ژاپۆن ئەندامی گروپی هەشت دەوڵەتە گەورە پیشەسازییەکەی جیهانەو بۆچیش هیندستان هەر بەهەژاری ماوەتەوە. خۆ ئەگەر بەراوردی هیندسستان لە ڕووی ژمارەی دانیشتووانەوە لەگەڵ کۆماری چینی میللی بکەین، ئەوا دووبارە دەبینین کە سیستمە دیکتاتۆرییەکەی کۆماری چین لە ڕووی ئابوورییەوە، زۆر لە سیستمە دیموکراتییەکەی هیندستان سەرکەوتووترە.

ئاماژەکردنمان بەو دوو نموونەیە، لاوازیی دوو سیستمی سیاسی دیموکراتیمان پیشان دەدا، ئەمەش بەو مانایەی ئەگەر هاووڵاتیانی دەوڵەتانی ئاسیا ئەو توانایەیان هەبێت کە نموونەی ژاپۆن و تایوان و سەنگافورا و کۆریای باشوور لەبونیادنانەوەی دەوڵەت و نەتەوە پیشانی جیهان بدەن، ئەوا هەموو ئەو فاکتەرانەی وەك سامانی مرۆیی و داب و نەریت و فاکتەری ئایینی کە لەو وڵاتانە بوونیان هەیە، هەمان فاکتەر و بگرە زیاتریش لە هیندستان بوونی هەیە، هەروەها ئەگەر سەیری قەیرانەکەی یۆنان و تەواوی دەوڵەتانی یەکێتی ئەوروپا بکەین، ئەوا بەهەمان شێوە دەبینین ئەو قەیرانە داراییەی کە لە ساڵی ٢٠٠٨ ڕووی لەهەموو دەوڵەتانی یەکێتی ئەوروپا و ئەمریکا کرد، هەر هەمان قەیرانیش ڕووبەڕووی یۆنان بۆتەوە، بەڵام پرسیار ئەوەیە بۆچی بۆ یۆنان بووە کارەسات و ئەمریکا و دەوڵەتانی یەکێتی ئەوروپا تێیانپەڕاند؟ ئەوا لەهەردوو حاڵەتەکەدا بۆمان دەردەکەوێت ئەو پەتای ناسەقامگیری و گەندەڵییە سیاسییە لە هیندستان و یۆنان هەیە، لە دەوڵەتانی ژاپۆن و کۆریای باشوور و تایوان و سەنگافورا و یەکێتی ئەوروپا و ئەمریکا بوونی نییە. ئەمەش مانای ئەوەیە هیچ کێشەو قەیرانێك لەئیرادەی دەوڵەت و نەتەوە گەورەتر نییە، ئەگەر لەناو ئەو دەوڵەت و نەتەوەیە پەتای ناسەقامگیری و گەندەڵیی سیاسی بوونی نەبێت.

لەم ڕوانگەیەوە ئەگەر خوێندنەوەیەك بۆ ناسەقامگیری و گەندەڵیی سیاسی لە ژینگەی ئاڵۆزی کوردستاندا بکەین، ئەوا ڕاشکاوانە دەگەینە ئەو ئاکامەی کە هۆکاری قەیرانە داراییەکانی کوردستان بە پلەی یەکەم دابەزینی نرخی نەوت، یان سیاسەتی فرۆشتنی ڕاستەوخۆی نەوت نییە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە، بەڵکو دروستکردنی ناسەقامگیری و ئەو گەندەڵییە سیاسییەیە کە حزبەکانی کوردستان بوونە بەربەست لەبەردەم ئەوەی پەرلەمان و حکومەت بتوانن کاری خۆیان بکەن. هەروەها حزبەکان بوونە لەمپەرو ئاستەنگ لەبەردەم ئەوەی حکومەت و پەرلەمان پێکەوە نەخشەیەکی ڕێگە بۆ چۆنیەتی چارەسەرکردنی قەیرانە داراییەکان دابڕێژن.

لێرەوەوە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ سەرکەوتنەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و ئەو پرسیارە لەخۆمان بکەین، ئایا چۆن هێزی پێشمەرگەی کوردستان لەناو ئەو هەموو قەیرانەدا (قەیرانی دارایی و چەك و لۆجیستی سەربازی) توانی ئەو سەرکەتنە مەزنانە بەدەست بهێنێت و هەموو جیهان سەرسام بکات؟ بێگومان وەڵامەکەی تەنیا ئەوەیە کە ئەو گەندەڵییە سیاسییەی لەناو پرۆسەی سیاسی بوونی هەیە، لەناو هێزی پێشمەرگەی کوردستان بوونی نییە. خۆ ئەگەر خوانەخواستە ئەو گەندەڵی و ناسەقامگیرییە سیاسییە لەناو هێزی پێشمەرگەی کوردستان بوونی هەبوایە، ئەوا خوا دەیزانی چ کارەساتێکی گەورە بەسەر کوردستاندا دەهات و کوردستان بوونی نەدەما، هەروەك چۆن ئێستا شارەکانی ئەنبار و تکریت و موسڵ و حەلەب بوونی نەماوە.

نەتەوەیەك خاوەنی سامانی مرۆیی پێشمەرگە بەهەموو ماناکانیەوە بێت، ئەگەر حزبە سیاسییەکان سەر لەم میللەتە نەشێوێنن، هەموو تاکێکی کوردستان بە ژن و پیاوەوە هەمان بیرکردنەوەی پێشمەرگەیان

**لەئێستاداو لەمیانەی ئەو گەندەڵییە سیاسییە ژەهراوییەی ڕۆژانە پەرلەمانتار و هەڵسووڕاوانی بزووتنەوەی گۆڕان دەیڕژێننە ناو پرۆسەی سیاسیی کوردستانەوە، ئێستا لەکوردستاندا خەریکە دیموکراتی و سیستمی دیموکراتی ڕووی دووەمی باڕووتمان پیشان دەدات، لەبری ئەوەی بەکاری بهێنێن بۆ دروستکردنی ڕێگەوبان و پێکەوە گرێدانەوەی نەتەوە**

**دوای ئەوەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان دوایین خاڵی لەسەر سنووری باشووری کوردستان لەتیرۆریستانی داعش پاککردەوە، سەرۆک بارزانی لەگەڵ ڕاگەیاندنی پەیامی سەرکەوتن داوای کرد، کێشەکانی کوردستان بە دیالۆگ چارەسەر بکرێن و دەبێت ئەو لوغمە سیاسییانەش کە بۆ پرۆسەی سیاسی دەنراون، پووچەڵ بکرێنەوە**

هەیە، تواناکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان هەڵقوڵاوی ئەو رۆحە خۆڕسکەیە کە پێشمەرگەی تێدا پەروەردە بووە، نەك ئەو توانایە لەمەیدانەکانی مەشق و راهێنانی سەربازی دروست بوویت، بۆیە هەمان ئیرادە و گیان لەناو هەر تاکێکی کوردستان هەیە، ئەگەر حزبەکان ئەم توانایانە سڕنەکەن، ئەوا چارەسەرکردنی کێشە داراییەکانی کوردستان لە تێکشکاندنی تیرۆریستانی داعش قورستر نییە. بەڵام حزبە سیاسییەکانی کوردستان بوونەتە هۆکاری دروستبوونی ناهاوسەنگی پرۆسەی سیاسی و بوونەتە فاکتەری ئەوەی کە حکومەت و پەرلەمان نەتوانن بڕیاری راست و دروست بدەن، هەموو هۆکاری ئەمانەش رەفتار و کاردانەوەی خودی حزبەکانە لەگەڵ یەکتری و ئەگەر بەقووڵایی کێشەکەدا رۆچین، دەبینین لە کوردستاندا بێجگە لەکێشەو عینادیی حزبە سیاسییەکان هیچ کێشەیەکی دیکە بوونی نییە.

**● هەوڵێك هەیە بۆ ئەوەی گەندەڵیی سیاسی هێزی پێشمەرگەش بگرێتەوە**

لە رۆژی ١٧ی ئۆکتۆبەری رابردووەوە کە پرۆسەی ئازادکردنەوەی موسڵ دەستی پێکردووە، شاڵاوێکی ناڕەوا لەلایەن (هەڵسووڕاوانی گۆڕان)ەوە دژی پێشمەرگە دەستی پێکردووە، تا گەیشتۆتە ئەو ئاستەی کە هەفتەی رابردوو پەرلەمانتارێکیان بەئاشکرا سووکایەتی بە کەسوکارو خێزانی پێشمەرگە کرد، لەمەش زیاتر دوای ئەوەی پێشمەرگە دوایین خاڵی سنووری کوردستانی لەتیرۆریستانی داعش پاك کردەوە، کەچی تازە بەتازە پەرلەمانتارەکانی بزووتنەوەی گۆڕان زۆر بە ئاشکرا داوادەکەن هێزی پێشمەرگە راستەوخۆ مووچە لەحکومەتی بەغدا وەربگرێت، یان بانگەشە بۆ ئەوە دەکەن لەبەر ئەوەی هێزی پێشمەرگە لەژێر فەرمانی سەرۆك وەزیرانی عێراق وەك فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکانی عێراقدا نییە، کەواتە شایستەی ئەوە نییە لە خەرجی سەروەریی عێراق پشك و مووچەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان دیاری بکرێت.

ئەم بانگەشەکردنانەی بزووتنەوەی گۆڕان بەتەنیا راوبۆچوونی پەرلەمانتارێك، یان هەڵسووڕاوێکی ئەو بزووتنەوەیە نییە، بەڵکو ئەمە ئەو بەرنامەو پیلانەیە کە دژی سەربەخۆیی کوردستان و هێزی پێشمەرگە وەك سوپای بەرگریی کوردستان داڕێژراوە، ئەوجا لەبەر ئەوەی بانگەشەکردن بۆ ئەم پیلانە نانیشتمانییە کارێکی هێندە قێزەونە، بزووتنەوەی گۆڕان وەك خۆی ناتوانێت و ناوێرێت بەئاشکرا بانگەشەی بۆ بکات، ئەوا بە رێگەی ئەوەی کە (ئەمە رای تایبەتی ئەندام پەرلەمانێك، یان هەڵسووڕاوێك)ی ئەو حزبەیە، بازاڕ گەرمی بۆ دەکرێت، هەتا دەگاتە ئەو ئاستەی کە ئیدی شەرم نەبێت، باس لەم پیلانە بکرێت. بۆیە ئەم بانگەشانەی دەکرێن بۆ بێبەهاکردنی ناوی پیرۆزی پێشمەرگەو سەرکەوتنە مەزنەکانیان، وەك یەکەم بریسکەی ئازاری پێش جەڵتەی بەهێزی دڵ و دەماغ وایە، ئەگەر حیسابی زۆر ورد بۆ ئەو بریسکەیە نەکرێت، پێش ئەوەی جەڵتەکە روویدات، ئەوا کە جەڵتەکە روویدا ئەوجا جەڵتەی دڵ بێت، یان هی دەماغ، چارەنووسی مرۆڤەکە دەخاتە سێ ریانێکەوە، یان ئەوەیە دەستبەجێ دەیکوژێت، یان ئەوەیە دووچاری حاڵەتی مردنی کلینیکی دەکاتەوە، یان ئەوەیە بەجۆرێك لە ئیفلیجبوون دەیهێڵێتەوە، بەڵام چاوەڕێی ئەوە بین کە مرۆڤ بە سەلامەتی لەجەڵتەی بەهێزی دڵ و دەماغ دەردەچێت، ئەوا هەتا ئێستا زانستی پزیشکی ئەم راستییەی نەسەلماندووە.

بۆ ئێستای کوردستان هێزی پێشمەرگە، دڵ و دەماغی کوردستانە، بۆیە ئەگەر زۆر بە هۆشیارانە رێگە لەو بانگەشانە نەگرین کە پێشمەرگە دەکاتە میلیشیا و خێزان و کەسوکاری شەهیدان دەکاتە (لەشفرۆش) ئەوا ئەمیش وەك بریسکەی ئازاری پێش جەڵتەی بەهێزی دڵ و دەماغ، خوانەخواستە ئەگەر بکەوێتە ناو هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە، ئەوا کوردستان لە سێ حاڵەت بەدەر نابێت، ئەویش ئەوەیە: یان ئەو سەرکەوتنانەی بەدەست هاتوون و بەنیازین دەوڵەتی کوردستانی لەسەر دروست بکەین، لەدەستمان دەچێت و کۆتایی دێت، یان کوردستان دەبێتە دەوڵەتێکی مردووی کلینیکی، واتە هەتا ئەگەر بشبینە دەوڵەت، هیچ توانایەکمان نابێت، یان ئەوەیە هەموو دامەزراوەکانی کوردستان دووچاری ئیفلیجبوون دەبن.

ئەو بیرمەندو پسپۆڕانە کار لەسەر ئەو پرسانە دەکەن کە (بۆچی لەئێستادا سیستەمی دیموکراتی وەك پێویست ئەدای ئەرکەکانی ناکات؟ یان بۆچی سیستەمی دیموکراتی دووچاری پاشەکشە بۆتەوە؟) لەوەڵامی ئەم پرسیارانەدا ئەو پسپۆڕ و بیرمەندانە دەڵێن: (دیموکراتی وەك باروت وایە، هەم دەتوانێت رێگەوبانی پێ دروست بکەیت و نەتەوەکەت پێکەوە گرێ بدەیتەوە، هەمیش دەتوانیت رێگاوبانەکانی پێ برووخێنێت و پێکهاتەی نەتەوەکەت لەیەکتری دووربخەیتەوە).

**لەوانەیە ئەزموونی سەنگافورا کە پرۆسەی بونیادنانی نەتەوە لەگەڵ پرۆسەی راگەیاندنی دەوڵەت تا رادەیەکی زۆر هاوشێوەی ئەزموونی کوردستان بێت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە لەساڵی ١٩٦٥ کاتێک سەربەخۆیی لەلایەن مالیزیاوە بەسەر سەنگافورا فەرزکرا، زۆر گروپ و لایەن هەبوون شەڕی بەوەکالەتیان بۆ مالیزیا دەکرد، بۆ ئەوەی دەوڵەتی سەنگافورا لەبار بەرن، بەڵام لی کوان یو بە بونیادنانی سوپایەکی بەهێز خەونی وەکیلەکانی مالیزیای لەگۆڕ ناو وڵاتێکی بونیاد نایەوە کە هەموو جیهان ناچارە چیرۆکی سەرکەوتنی سەنگافورا بخوێنێتەوە**

**دیموکراتی وەک باروت وایە، هەم دەتوانێت رێگەوبانی پێ دروست بکەیت و نەتەوەکەت پێکەوە گرێ بدیتەوە، هەمیش دەتوانێت رێگاوبانەکانی پێ برووخێنێت و پێکهاتەی نەتەوەکەت لەیەکتری دووربخەیتەوە**

بەداخەوە لەئێستاداو لەمیانەی ئەو گەندەڵییە سیاسییە ژەهراوییەی رۆژانە پەرلەمانتار و هەڵسووڕاوانی بزووتنەوەی گۆڕان دەیڕژێننە ناو پرۆسەی سیاسیی کوردستانەوە، ئێستا لەکوردستاندا خەریکە دیموکراتی و سیستمی دیموکراتی رووی دووەمی باروتمان پیشان دەدات، لەبری ئەوەی بەکاری بهێنێن بۆ دروستکردنی رێگەوبان و پێکەوە گرێدانەوەی نەتەوە، واتە خەریکە بزووتنەوەی گۆڕان دیموکراتی دەکاتە ئەو باروتەی کە رێگاوبانەکان بڕووخێنێت و گەلەکەمان لەیەکدی بترازێنێت و دووری بخاتەوە.

لێرەوە ئەگەر ئاماژەیەکی خێرا بە قسەی هەندێك لەپەرلەمانتارو هەڵسووڕاوانی بزووتنەوەی گۆڕان بکەین، دیارە لەسەرەتای پرۆسەی ئازادکردنی موسڵەوە هەڵسووڕاو و پەرلەمانتارێکی بزووتنەوەی گۆڕان زۆر بەبێ شەرمی گوتی: «پێشمەرگە شەڕی بەوەکالەت دەکات.»! ئەگەر لەسەر ئەم قسەیە هەڵوەستە بکەین کە بە پێشمەرگە دەگوترێت، ئەوا هیچ تەفسیرێکی دیکە هەڵناگرێت و هەموو ئەوانەی لەسیاسەت کاردەکەن دەزانن، (شەڕی بەوەکالەت واتە بەکرێگیراو)، باشە ئەگەر لەژێر پەردەی ئازادی رادەربڕین و دیموکراتی بە پێشمەرگە بگوترێت «شەڕی بەوەکالەت دەکات و بەکرێگیراوە»، ئایا بزووتنەوەی گۆڕان دیموکراتی نەکردۆتە ئەو باروتەی کە هەرچی لەکوردستاندا بونیادنراوە، بیڕووخێنێت؟

لەمەش زیاتر ژنە پەرلەمانتارێکی دیکەی بزووتنەوەی گۆڕان جیا لەوەی بەخێزان و کەسوکاری شەهیدان دەڵێت «لەشفرۆش» لەهەمانکاتدا بۆ دژایەتی و سووکایەتیکردن بە پێشمەرگە بە راشکاوی بەرگری لەداعش دەکات، هەر بۆ نموونە دوای ئەوەی زیاتر لە ١٠٠ چەکداری داعش لە ٢١ی ئۆکتۆبەری رابردوو دزەیان کردە ناو شاری کەرکووك، کە ئەگەر جوامێریی پێشمەرگەو خەڵکە قارەمانەکەی کەرکووك نەبووایە، مەترسیی ئەوە بوو داعش کەرکووك داگیر بکات، لەم هێرشەی داعشدا زیاتر لە ١٥٠ پێشمەرگەو هێزەکانی ئاسایش و پۆلیس و خەڵکی قارەمانی کەرکووك شەهیدو بریندار بوون، هەموو تۆمارەکانیش ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، کە کۆمەڵێك ماڵی عەرەب لە باشووری کەرکووك ئاسانکارییان بۆ ئەو چەکدارانەی داعش کردووە، کەچی ئەو ژنە پەرلەمانتارەی گۆڕان لەبەرنامەیەکی کەناڵی (دجلە)دا لەبری ئەوەی راستییەکان بۆ رای گشتی روون بکاتەوە و بڵێت ئەو خەڵکانە داعشن و ئاسانکارییان بۆ داعش کردووە بۆ ئەوەی کەرکووك کاول بێت و داگیربکرێت، کەچی زۆر بێ شەرمانە دەڵێت: «هەرچی لەسەر پێشێلکاری مافی مرۆڤ لەسەر پێشمەرگە دەگوترێت، راستەو ئەو پێشێلکارییانە بەفەرمانی ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان ئەنجام دراوە.» لەمەش زیاتر کاتێك عالیە نوسەیفی پەرلەمانتاری جەبهەی ئیسلاح هێرشی زۆر توندی کردە سەر پێشمەرگەو کوردستان، پێشکەشکاری بەرنامەکە رووی کردە ژنە پەرلەمانتارەکەی گۆڕان بەوەی کە هێرشی توند نەکات، کەچی لەوەڵامدا دەڵێت: «بەرنامەکە بەو ئاراستەیەدا مەبەن بەرگری لە کوردستان بکەم، من بەرگری لەکوردستان ناکەم و بڕوام بە حکومەتی هەرێمی کوردستان نییە، ئەگەر بۆ ئەمە بووایە (واتە بۆ بەرگری لەکوردستان بووایە) من نەدەهاتم.»

سەرنج لەم قسانە بدەن، ئایا ئەگەر ئەمە بەرنامەو پیلانێکی سیاسیی داڕێژدراو نەبێت لە دژی پێشمەرگەو سەروەریی کوردستان، هیچ تاکێکی کوردستان ئاستی خۆفرۆشی دەگاتە ئەو ئاستەی نکۆڵی لەخاك و حکومەتی خۆی بکات؟ لەمەشدا بزووتنەوەی گۆڕان، سیستمی دیموکراتی کردۆتە بەرمیلێك باروت بۆ ئەوەی کوردستانی پێ کاول بکات.

بۆ رێگرتن لەم پەتایە کە نەچێتە ناو هێزی پێشمەرگە، بە تەنیا ئەم کارە کاری وەزارەتی پێشمەرگە نییە کە بەیاننامەیەك لەسەر ئەو لێدوانانە دەربکات، یان لە رێگەی داواکاری گشتییەوە سکاڵای لەسەر تۆمار بکات، بەڵکو رووبەڕووبوونەوەی پەتای لەمجۆرە کە پێی دەگوترێت: «تاعونی دیموکراتی»، پێویستی بە کۆبوونەوەی بەپەلەی ئەنجومەنی وەزیران هەیە بۆ ئەوەی هەموو وەزارەتە پێوەندیدارەکان بەرنامەیەکی بەپەلە دابڕێژن و رووبەڕووی ببنەوە، لەپێش هەموویانەوە ئەرکی وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستانە چاو بە یاسای پارتە سیاسییەکانی کوردستاندا بخشێنێتەوە و رێنمایی پێویست دەربکات کە رەفتاری لەوجۆرە هەر حزبێك بیکات، دەچێتە خانەی خیانەتی نیشتمانییەوە، ئەم پەتای گەندەڵیی سیاسییە، دەبێت وەك پەتای (شێتیی مانگا) سەیربکرێت و وەك بەریتانیای مەزن مامەڵەی لەگەڵ بکرێت و بڕیاری بوێری لەسەر بدرێت، چۆن بەریتانیا کە بەیەکێك لە دەوڵەتە گەورەکانی هەناردەکەری گۆشتی مانگا حیساب دەکرێت، لەگەڵ بڵاوبوونەوەی پەتای (شێتیی مانگا) دەستبەجێ چی گۆشتی مانگا هەبوو، هەمووی دەستبەسەر داگرت و رێگەی نەدا بچێتە بازاڕەکانی بەریتانیا و یەکێتی

**بۆ ئێستای کوردستان هێزی پێشمەرگە، دڵ و دەماغی کوردستانە، بۆیە ئەگەر زۆر بە هۆشیارانە رێگە لەو بانگەشانە نەگرین کە پێشمەرگە دەکاتە میلیشیا و خێزان و کەسوکاری شەهیدان دەکاتە (لەشفرۆش) ئەوا ئەمیش وەک بریسکەی ئازاری پێش جەڵتەی بەهێزی دڵ و دەماغ، خوانەخواستە ئەگەر بکەوێتە ناو هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە، ئەوا کوردستان لە سێ حاڵەت بەدەر نابێت**

**ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ سەرکەوتنەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و ئەو پرسیارە لەخۆمان بکەین، ئایا چۆن هێزی پێشمەرگەی کوردستان لەناو ئەو هەموو قەیرانەدا (قەیرانی دارایی و چەک و لۆجیستی سەربازی) توانی ئەو سەرکەوتنە مەزنانە بەدەست بهێنێت و هەموو جیهان سەرسام بکات؟ بێگومان وەڵامەکەی تەنیا ئەوەیە کە ئەو گەندەڵییە سیاسییەی لەناو پرۆسەی سیاسی بوونی هەیە، لەناو هێزی پێشمەرگەی کوردستان بوونی نییە**

ئەورووپا و جیهانەوە، بەهەمان شێوە ئێمەش سەبارەت بە پەتای گەندەڵیی سیاسی دەبێت ڕێگربین لەوەی بچێتە ناو هێزی پێشمەرگەوەو دەبێت دەستبەجێ هەڵگری ڤایرۆسی گەندەڵیی سیاسی سڕبکرێت و ڕێگەنەدرێت ئەم ڤایرۆسە بچێتە ناو هێزی پێشمەرگەو هەروەها دەبێت کۆمەڵگەشی لێ پاك بکرێتەوە.

## ● دەستپێشخەری سەرۆك بارزانی نەخشەڕێگە بۆ کۆتاییهێنان بە گەندەڵیی سیاسی

دوای ئەوەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان دوایین خاڵی لەسەر سنووری باشووری کوردستان لەتیرۆریستانی داعش پاککردەوە، سەرۆك بارزانی لەگەڵ ڕاگەیاندنی پەیامی سەرکەوتن داوای کرد، کێشەکانی کوردستان بە دیالۆگ چارەسەر بکرێن و دەبێت ئەو لوغمە سیاسییانەش کە بۆ پرۆسەی سیاسی دانراون، پووچەڵ بکرێنەوە، لەمەش زیاتر هەر دوای ڕاگەیاندنی پەیامی سەرکەوتن، سەرۆك بارزانی وەك وەڵامدانەوەیەك بۆ خواستی خەڵکی کوردستان، سێ پێشنیاری کرد، کە لەپێش هەمووانەوە داوای کرد حزبەکان کۆببنەوەو کەسێك بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەستنیشان بکەن.

ئەگەر سەرنج لەم پێشنیارەی سەرۆك بارزانی بدەین، دەبینین ئەمە بۆ یەکەمینجارە لەمێژووی هەموو سەرۆکەکانی جیهاندا، سەرۆکێك لەدوای ڕاگەیاندنی گوتاری سەرکەوتن لەشەڕێکی جیهانیدا داوابکات لە پۆستەکەی خۆیدا نەمێنێت.

سەرۆك بارزانی ئەمەی لەپێناوی ئەوەدا کردووە کە کوردستان لە دوو مەترسی زۆر گەورە دووربخاتەوە:

١. پووچەڵکردنەوەی ئەو لوغمە سیاسییانەی بۆ پرۆسەی سیاسیی کوردستان دانراون، بۆ ئەوەی پرۆسەی سیاسی لەکوردستاندا تێکبشکێنێت.

٢. کۆتاییهێنان بەو ئیرهابە فیکرییەی دژی سەربەخۆیی کوردستان و پێشمەرگە لەلایەن بزووتنەوەی گۆڕان و بەشێك لە حزبەکانی دیکەوە بەڕێوەدەچێت.

ئەو دووخاڵەی سەرۆکی کوردستان ئاماژەی پێکردوون، هەردووکیان پێکەوە ئەو گەندەڵییە سیاسییەیە کە خەریکە دەبێتە مەترسی و تەحەددا لەسەر هەموو شتێکی جوانی ئەم کوردستانە، ئەمەش مانای ئەوەیە سەرۆك بارزانی ئامادەیە هەموو شتێك بکات بۆ ئەوەی کۆتایی بەو گەندەڵییە سیاسییە بێت و جارێکی دیکە پرۆسەی سیاسی کارا بکرێتەوەو هەموو تواناکان یەکبخرێن بۆ ئەوەی ڕێگەچارەیەك بۆ قەیرانە دارایی و سیاسییەکانی کوردستان بدۆزرێتەوە.

ئەزموون و لۆژیك و بڕوابوونی سەرۆك بارزانی بە ئیرادەی خەڵکی کوردستان، هەمان ئەو لۆژیك و بڕوابوونەیە کە لەدوای ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ لە دیداریکدا لەگەڵ هارڤارد پۆلتیکل ریڤیو ئاماژەی پێکرد: «میللەتی ئێمە میللەتێکی تەمبەڵ و هەژار نییە، ئێمە وڵاتێکی دەوڵەمەندو گەلێکی خاوەن ئیرادەمان هەیە، ئێمە تەنیا پێویستی ئەوەندەمان بە ئێوەیە هەتا تۆزێك دێینەوە سەرخۆمان، پاشان میللەتی ئێمە دەزانێت چۆن خۆی ڕێکدەخاتەوە.»

سەرۆك بارزانی ئەم لۆژیك و ئەزموونەی لەماوەی دووساڵی ڕابردووی شەڕی داعش لەناو هێزی پێشمەرگەی کوردستان تاقیکردەوەو بە لۆژیکی خۆی توانی گەندەڵیی سیاسی لەناو ریزەکانی هێزەی پێشمەرگەی کوردستاندا بنبڕبکات و هێزی پێشمەرگە تەنیا سەرقاڵی پاراستنی کوردستان بێت و خۆی تێکەڵی پرۆسەی سیاسی و ململانێی حزبەکان نەکات. ئاکامی ئەم ئەزموونەش دوای پشتیوانی خوا ئەوە بوو کە هەموو جیهان سەرکەوتنەکانی پێشمەرگەی بینی. ئێستاش کە سەرۆك بارزانی ئەم دەستپێشخەرییەی ڕاگەیاندووە بۆ ئەوەی حزبەکان کۆببنەوە هەتا ئەوەی کێشەکانی خۆیان چارەسەر بکەن و کەسێکیش دەستنیشان بکەن بۆ ئەوەی پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان وەربگرێت، ئەمە گەورەترین قوربانیدانە بۆ ئەوەی گەندەڵیی سیاسی کۆتایی پێبێت و حزبەکان بەخۆدا بچنەوەو پرۆسەی سیاسی بخەنەوە سەر ڕاستەڕێی خۆی، هەروەکو بەشی هەرە زۆری حزبە سیاسییەکانیش لەوەڵامی ئەم دەستپێشخەرییەی سەرۆك بارزانیدا گوتوویانە: «ئەم دەستپێشخەرییەی سەرۆك بارزانی بواری موزایەدەی سیاسی بۆ هیچ لایەك نەهێشتۆتەوە.»

لێرەوە پێویستە حزبە سیاسییەکان سوود لەم فرسەت و دەستپێشخەرییەی سەرۆك بارزانی وەربگرن و ڕاستگۆیانە بەخەڵکی کوردستان بڵێن کێشەکانیان چین. خۆ ئەگەر بیانەوێت بە جۆرێك لە مانۆڕی سیاسی مامەڵە لەگەڵ ئەم دەستپێشخەرییە بکەن و ئاستەنگ دروست بکەن بۆ ئەوەی گەندەڵیی سیاسی هەر بەردەوام بێت، ئەوا لەم حاڵەتەدا ڕێگەی دیکە نامێنێت بێجگە لەوەی سەرۆك و پێشمەرگەو خەڵکی کوردستان بەناچاری بەدوای ڕێگەیەکی دیکەدا بگەڕێن، ئەمەش لەپێناوی ئەوەی هەم کوردستان پارێزراو بێت، هەمیش چیدیکە خەڵکی کوردستان لەوناو ئەو هەموو قەیرانانەدا نەژین.

■

**هێزی پێشمەرگە بۆ پاراستنی سنوورەکانی کوردستان، قوربانییەکی ئەوتۆی داوە کە هەموو جیهانی سەرسام کردووە، بەڵام ئەگەر بێتو ئەم سەرکەوتن و قوربانیدانەی پێشمەرگە نەبێتە ئیلهام بۆ ئەوەی حزبە سیاسییەکانی کوردستان بگۆڕدرێن بۆ فاکتەری سەقامگیری و کۆتاییهێنان بەگەندەڵیی سیاسی، ئەوا خوانەخواستە ئەگەر ئەمە نەکرێت، ئەوا دەبێت چاوەڕێی ئەوە بین وەک حزبەکانی کۆماری چوارەمی فەرەنسا، شکۆی کوردستان و سەرکەوتنەکانی پێشمەرگە بکەوێتە بەردەمی مەترسی و فەوتاندنەوە**

■

**تواناکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان هەڵقوڵاوی ئەو ڕۆحە خۆڕسکەیە کە پێشمەرگەی تێدا پەروەردە بووە، نەک ئەو توانایە لەمەیدانەکانی مەشق و ڕاهێنانی سەربازی دروست بوویت، بۆیە هەمان ئیرادە و گیان لەناو هەر تاکێکی کوردستان هەیە، ئەگەر حزبەکان ئەم توانایانە سڕنەکەن، ئەوا چارەسەکردنی کێشە داراییەکانی کوردستان لە تێکشکاندنی تیرۆریستانی داعش قورستر نییە**



د. سەرحان ئەحمەد سلیڤانی
ئەندامی لیژنەی دارایی پەرلەمانی عێراق بۆ گوڵان:

# جگە لە پارتی چوار لایەنە کوردستانییەکەی دیکە رازی بوون مووچەی پێشمەرگە لە یاسای بوودجە نەنووسرێت

**ئەمساڵیش پەسەند کردنی پرۆژە یاسای بوودجەی ٢٠١٧ لەلایەن پەرلەمانی عێراقەوە پەسەندکرا، بەبێ ئەوەی مووچەی هێزی پێشمەرگە لەو یاسایەدا جێگیر بکرێت، هەروەها بەغدا سوورە لەسەر ئەوەی کە لەسەر بنەمای ئاماری تۆمارکراوی ناوی فەرمانبەرانی کوردستان لە ساڵی ٢٠٠٤ مامەڵە لەگەڵ مووچەی فەرمانبەرانی کوردستان بکات، کە ئەمەش نیوەی کەمتری مووچەخۆرانی کوردستان دەگرێتەوە، لایەنێکی دیکە کە جۆرێك لە لێدوانی جیاواز لەسەر شێوازی پەسەندکردنی یاسای بوودجەی ئەمساڵ و پشکی هەرێمی کوردستان لە بوودجەی عێراق دروست بووە، لەلایەك چوار لایەنەکە ( گۆڕان و یەکێتی و کۆمەڵ و یەکگرتوو) کە دەنگیان بە یاساکە داوە بەرگری لێدەکەن و فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان کە بایکۆتی دەنگدانەکەی کردووە ئاماژە بەوە دەکات ئەو یاسایە پشکی هەرێمی کوردستان و مووچەی پێشمەرگە دابین ناکات، بۆ قسەکردن لەسەر وردەکاری ئەم پرۆژە یاسایە، ئەم دیمانەیەمان لەگەڵ پەرلەمانتار د.سەرحان ئەحمەد سلێڤانی ئەندامی لیژنەی دارایی پەرلەمانی عێراق سازکرد و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**

*** پەسندکردنی پرۆژە یاسای بوودجەی عێراق بۆ ساڵی ٢٠١٧ جۆرێك ئیشکالیەتی لای خەڵکی کوردستان دروستکردووە، لایەك دەڵێت زۆر باشە و لایەك دەڵێت خراپە، ئایا تۆ وەك ئەندامی لیژنەی دارایی چۆن سەیری ئەم پرۆژەیە دەکەیت؟**

- لەبەر ئەوەی من پەرلەمانتاری کوردستانم لە لیژنەی دارایی پەرلەمانی عێراق، لەسەر ئەو ماددانە پرۆژە یاسای بوودجەی ٢٠١٧ قسە دەکەم کە پەیوەندارن بە هەرێمی کوردستانەوە، ماددەکان بریتین لە:

١. لەم پرۆژە بوودجەیەدا لە ماددەی یەکەم لە برگەی ( ب) هاتووە کە دەبێت حکومەتی هەرێمی کوردستان رۆژانە ٥٥٠ هەزار بەرمیل نەوت رادەستی کۆمپانیای سۆمۆ بکات بۆ ئەوەی بەغدا پشکی هەرێمی کوردستان لە بوودجەی عێراق بنێرێت، ئەم برگەیە هەمان برگەی پرۆژە بوودجەی ساڵانی ٢٠١٥ و ٢٠١٦ یەو ئەمساڵیش دووبارە کراوەتە، لەسەر ئەم برگەیە حکومەتی هەرێمی کوردستان هیچ کێشەیەکی نییە و رازییە ئەو نەوتە رادەستی سۆمۆ بکات، بەڵام بەو مەرجەی حکومەتی عێراق پابەندبێت بەتەواوی ئەو شایستە داراییانەی کە دەبێت بۆ هەرێمی کوردستانی بنێرێت،لەسەر ئەمە کۆمەڵێك کێشە هەیە کە دواتر باسیان دەکەم.

٢. سەبارەت بە ماددەی ٩ کە پەیوەندی بە مووچەی پێشمەرگەوە هەیە و لە چەند رۆژی رابردوودا بۆتە سەردێڕی هەواڵی میدیاکانی ناوخۆ و دەرەوە و هەر کەس بە ئارەزووی خۆی باسی دەکات و تیایدا هاتووە پێشمەرگە وەك بەشێك لە سیستمی بەرگریی عێراق بەشێك لە خەرجی هێزی پیادەی عێراقی بۆ خەرج دەکرێت، بەڵام بەبێ ئەوەی ئەو رێژەیە دیاری کرابێت یان ژمارەی پێشمەرگە کە ئێمە داوامان کردبوو دەبێت مووچە بۆ ١٠٠ هەزار پێشمەرگە لە یاساکەدا بنووسرێت، ئەو ژمارەیەش نەنووسراوە، بۆیە بەمشێوەیە ئێستا ئەم یاسایە هیچ مافێکی ئەوتۆ بۆ پێشمەرگە دابین ناکات.

٣. پرۆژەی یاسای بوجەی ٢٠١٧ لەسەر بنەمای ئەو ئامارەی فەرمانبەرانی کوردستان مامەڵە دەکات کە لە ساڵی ٢٠٠٤ لەلایەن وەزارەتی دارایی حکومەتی عێراق تۆمار کراوە و کە ژمارەکە تەنها ٦٨٠ هەزار فەرمانبەرە، بەڵام ئاشکرایە و حکومەتی هەرێمی کوردستان رایگەیاندووە، ملیۆنێك و ٤٠٠ هەزار فەرمانبەر لە کوردستان مووچە وەردەگرێت.

ئەمانە ئەو خاڵە گرنگانەن کە پەیوەندیان بە هەرێمی کوردستانەوە هەیە و لە یاساکەدا دەنگی لەسەر دراوە، بەڵام لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان رەتیکردۆتەوە و بایکۆتی دەنگدانەکەی کردووە و دەنگی بەو یاسایە نەداوە لەبەرئەوەی لە بەرژەوەندی پێشمەرگە و خەڵکی کوردستاندا نییە.

> **ماددەی ٩ کە پێشمەرگە وەک بەشێک لە سیستمی بەرگری عێراق بەشێک لە خەرجی هێزی پیادەی عێراقی بۆ خەرج دەکرێت، بەڵام بەبێ ئەوەی ئەو رێژەیە دیاری کرابێت، ئێمە داوامان کردبوو دەبێت مووچە بۆ ١٠٠ هەزار پێشمەرگە لە یاساکەدا بنووسرێت، ئەو ژمارەیەش نەنووسراوە، بۆیە ئێستا ئەم یاسایە هیچ مافێکی ئەوتۆ بۆ پێشمەرگە دابین ناکات.**

*** ئەگەر بە وردی هەڵوێستە لەسەر مووچەی پێشمەرگە بکەین، دیارە هەموو فراکسیۆنە کوردییەکانی بەغدا باس لەوە دەکەن بەرگریان لە مافی پێشمەرگە کردووە، ئایا ئەو خاڵانە چین کە فراکسیۆنی پارتی بە پێشێلکردنی مافی پێشمەرگەی دەزانیت؟**

- سەرەتا ئێمە هەر پێنج فراکسیۆنە کوردییەکەی

**ئەوەی من ئاگادارم یەک دوو رۆژ پێش ئەوەی دەنگ لەسەر ماددەی مووچەی حەشدی شەعبی بدرێت، نوری مالیکی سەرۆکی فراکسیۆنی دەوڵەتی یاسا، بانگهێشتی فراکسیۆنی گۆڕان و یەکێتی کردبوو لەگەڵیان کۆبووە و رێککەوتبوون کە دەنگ بە مووچەی حەشدی شەعبی بدەن، ئەمەش مانای ئەوەیە نوری مالیکی رازی کردبوون کە دەنگ بە حەشدی شەعبی بدەن**

**پەرلەمانتاری گۆڕان داوایان لە حەیدەر عەبادی کرد راستەوخۆ مامەڵە لەگەڵ پارێزگای سلێمانی بکات بەبێ ئەوەی بگەڕێنەوە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەڵام حەیدەر عەبادی زۆر بە توندی وەڵامی دانەوە و بەدەق پێی گوتن:( من لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان مامەڵە دەکەم نەک پارێزگاکان، لەبەر ئەوەی هەرێمی کوردستان کیانێکە لەسەر بنەمای یاسا و دەستوور دامەزراوە و ئەگەر ئێوە کێشەیەکتان هەیە بچن لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان چارەسەری بکەن، پاشان وەرنە لای من هەر کارێکتان هەبوو بەسەر چاو بۆتان جێبەجێی دەکەم)**

بەغدا کۆبووینەوە بۆ ئەوەی لە یاسای بوودجەدا دەقێکی یاسایی هەبێت کە گەرەنتی مووچەی پێشمەرگە بکات، لەم کۆبوونەوەیە رێککەوتین ماددەیەك زیاد بکرێت کە بە ژمارە مووچەی ١٠٠ هەزار پێشمەرگە لە یاسای بوودجەدا بنووسرێت، ئەم رێککەوتنەی نێوان فراکسیۆنە کوردییەکان جێگەی سەرنج و پێشوازی فراکسیۆنەکانی دیکەی ناو پەرلەمانی عێراقیش بوو، لەسەر ئەم بنەمایەش کەوتینە دانوستاندن لەگەڵیاندا، بەڵام لەپڕ لەلایەن فراکسیۆنی هاوپەیمانی نیشتمانی (هاوپەیمانی شیعە)، زیادکردنی ئەو ماددەیەیان رەتکردەوە کە مووچەی ١٠٠ پێشمەرگە لە یاساکەدا بچەسپێنرێت، ئەمە لە کاتێکدا بوو کە مووچە بۆ ١٢٢ هەزار چەکداری حەشدی شەعبی لە یاساکەدا چەسپێنراوە و بە خشتەی پاشکۆی بۆکراوە و بە یاساکەوە گرێدراوە، لەسەر ئەم پرسە چووینە لای د.سەلیم جبوری بەو سیفەتەی کە سەرۆکی پەرلەمانی عێراقە لەوێ لەبری ئەوەی بە حەماسەوە پێداگیری لەسەر ئەوە بکەین کە هەر دەبێت مووچەی ١٠٠ هەزار پێشمەرگە بخرێتە ناو یاساکە و رەتکردنەوەی هاوپەیمانی شیعە قبوڵ نەکەین، بەڵام بینیمان چوار فراکسیۆنە کوردیەکە (گۆڕان و یەکێتی و یەکگرتوو و کۆمەڵ) بەو رەتکردنەوەی هاوپەیمانی شیعە رازی بوون، ئەمەش جێگەی داخ بوو لەبەر ئەوەی زیانێکی گەورە بە شایستەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان کەوت.

*** بەڵام ئەو لایەنانە دەڵێن رێژەی ١٧٪ پشکی دیاریکراو بۆ هێزە زەمینیەکانی عێراق بۆ پێشمەرگە دیاری کراوە، ئایا بۆ پێشمەرگە چ خراپییەکی هەیە؟**

- ئەم پێشنیارەی لایەنە کوردییەکان بۆ سڕینەوەی ئارەقی شەرمەزاری بوو، دوای ئەوەی بەوە رازی بوون کە مووچەی ١٠٠ هەزار پێشمەرگە لەیاساکە دیاری نەکرێت، داوایان کرد رێژەیەك بۆ پێشمەرگە لە خەرجی هێزی پیادە دیاری بکرێت، ئێمە وەك فراکسیۆنی پارتی ئەو پرسیارەمان لێکردن: ئایا ئەو رێژەیە چەندە؟ لە پارەیەکی دیاریکراو بۆ پێشمەرگە خەرج دەکرێت؟ ئەوان وەڵامیان دایەوە لە پشکی ١٧٪ لە خەرجی دیاریکراو بۆ هێزی زەمینی عێراق، ئەمەش دوای ئەوەی وەزارەتی بەرگری و وەزارەتی پێشمەرگە هەماهەنگی دەکەن بۆ پێدانی ئەو بڕە پارەیە بۆ ئەوەی بۆ مووچەی پێشمەرگە خەرج بکرێت. سەبارەت بەم لایەنە پرسیار ئەوەیە ئایا هێزی پیادەی عێراق ژمارەیان چەندە؟ بێگومان هێزی پیادەی عێراق ژمارەیان لە ١٥٠ هەزار تێپەڕ ناکات، بۆیە ئەگەر ١٧٪ ئەو پارەیەی بۆ ١٥٥ هەزار سەرباز تەرخانکراوە بدرێتە پێشمەرگە، واتە حساب تەنها بۆ ٢٥ هەزار پێشمەرگەی کوردستان کراوە، کەچی لە ئێستا ژمارەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە ٢٠٠ هەزار پێشمەرگەش زیاترە.بۆیە ئێمە وەك فراکسیۆنی پارتی لە پێداگیری خۆمان بەردەوام بووین بۆ ئەوەی مووچەی ١٠٠ هەزار پێشمەرگە بخرێتە ناو بوودجەکە بەڵام چوار لایەنە کوردیەکەی دیکە ئەم پێداگیریەیان نەکرد.بۆیە رامانگەیاند ئەگەر ئەم ژمارەیە نەخرێتە ناو یاسای بوودجە ئەوا ئێمە بایکۆتی دەنگدان دەکەین، ئەوەبوو بایکۆتمان کردو دەنگمان بەیاساکە نەدا. ئەو بڕگەیەشی کە تایبەتە بە پێشمەرگە و لایەنە کوردییەکان بێجگە لە پارتی دەنگیان پێداوە ئەمە دەقەکەیەتی: (بەشێك لەو پارەی کە بۆ هێزەکانی پیادەی عێراق تەرخانکراوە بۆ هێزی پێشمەرگە جیادەکرێتەوە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە پێشمەرگە بەشێکە لە سیستمی ئاسایشی عێراق و دەبێت مووچەیان بۆ دابین بکرێت، ئەمەش بە هەماهەنگی دەبێت لە نێوان وەزارەتی بەرگری عێراق و وەزارەتی پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان)، ئەمەش ئەو دەقەیە کە ٤ لایەنە کوردییەکە لەپەرلەمانی عێراق دەنگیان پێداوە و تەنها مووچەی ٢٥ هەزار پێشمەرگە لە خۆی دەگرێت.

*** ئەوەی بینیمان ئەو چوار لایەنە بە گشتی و پەرلەمانتارانی گۆڕان و بەشێکیش لە پەرلەمانتارانی یەکێتی، زۆر بە حەماسەوە داکۆکیان لە مووچەی حەشدی شەعبی کرد و دەنگیان پێدا، ئایا نەدەبوو ئەم پشتگیریەی بۆ مووچەی حەشدی شەعبی پیشانیاندا، بیانخستایە دوای ئەوەی گەرەنتی مووچەی پێشمەرگە بکەن، ئایا هۆکاری پشت ئەمە چی بوو کە بەرگری لە مووچەی حەشد بکرێت و بۆ مووچەی پێشمەرگە بێدەنگ بن؟**

- دەبێت ئەم پرسیارە لەو پەرلەمانتارانە بکرێت و ئەوان وەڵامی خەڵکی کوردستان و پێشمەرگە بدەنەوە، دەبێت ئەو پرسیارەیان لێ بکەین ئایا

ئێوە گەرەنتی مووچەی پێشمەرگەتان کردووە وا پشتگیری لە مووچەی حەشدی شەعبی دەکەن و دەنگی پێدەدەن؟ بەڵام ئەوەی من ئاگادارم یەك دوو رۆژ پێش ئەوەی دەنگ لەسەر ماددەی مووچەی حەشدی شەعبی بدرێت، نوری مالیکی سەرۆکی فراکسیۆنی دەوڵەتی یاسا، بانگهێشتی فراکسیۆنی گۆڕان و یەکێتی کردبوو لەگەڵیان کۆبووەوە و رێککەوتبوون کە دەنگ بە مووچەی حەشدی شەعبی بدەن، ئەمەش مانای ئەوەیە نوری مالیکی رازی کردبوون کە دەنگ بە حەشدی شەعبی بدەن، ئەگەر ئەمەش دەڵێن وانییە، پرسیار ئەوەیە ئەوانەی دەنگیان بۆ مووچەی حەشد دا، ئەی کوا مووچەی پێشمەرگە؟ کوا ژمارەی هێزی پێشمەرگە کە پێویستە بە خشتەی پاشکۆ بە یاسای بوودجەوە گرێبدرێتەوە، ئایا خۆیان نازانن مووچەی ١٢٢ هەزار چەکداری حەشدی شەعبی بە خشتەی پاشکۆ بە یاساکەوە گرێدراوە، بۆ لە بەرامبەر مووچەو شایستەکانی پێشمەرگە هەڵوێستیان نەبوو.

*** ئەوەی لە چەند رۆژی رابردوو لە پەرلەمانتارانی گۆڕان گوێبیستی دەبین، ئەوەیە بە ئاشکرا سووکایەتی بە پێشمەرگە دەکەن، ئایا وەك هەڵوێستیان نەبوو ئەم سووکایەتی پێکردنە دەچێتە چ خانەیەکەوە؟**

- لێرەوە من سڵاو بۆ پێشمەرگەی کوردستان دەنێرم و شانازی بە سەرکەوتنەکانیانەوە دەکەم، ئەو پەرلەمانتارانەی بزووتنەوەی گۆڕان کە سووکایەتی بەناوی پێشمەرگە دەکەن، پێش هەموو شت خیانەت بەرامبەر گەل و نیشتمانی خۆیان دەکەن، ئەوان بە کرداریش دژایەتی هەرێمی کوردستان دەکەن و زۆر بێ شەرمانە لەناو میدیاکانی عێراقدا سووکایەتی بە هەرێمی کوردستان دەکەن و ناشرینی دەکەن، بەشێوەیەکی راستەوخۆ هەمان گوتاری مالیکی و دەوڵەتی یاسا دووبارە دەکەنەوە، پێش ماوەیەك ئێمە وەك لیژنەی دارایی پەرلەمانی عێراق بۆ قسەکردن لەسەر پرۆژە یاسای بوودجە سەردانی حەیدەر عەبادی سەرۆك وەزیرانی عێراقمان کرد، لەم سەردانەدا یەکدوو پەرلەمانتاری گۆڕانیش لەگەڵمان هاتن، لەوێ داوایان لە حەیدەر عەبادی کرد راستەوخۆ مامەڵە لەگەڵ پارێزگای سلێمانی بکات بەبێ ئەوەی بگەڕێنەوە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان، سەیر بکەن ئاستی خیانەتی ئەم حیزبە دژی کوردستان گەیشتۆتە چ ئاستێك، بەڵام حەیدەر عەبادی زۆر بە توندی وەڵامی دانەوە و بەدەق پێی گووتن:(من لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان مامەڵە دەکەم نەك پارێزگاکان، لەبەر ئەوەی هەرێمی کوردستان کیانێکە لەسەر بنەمای یاسا و دەستوور دامەزراوە و ئەگەر ئێوە کێشەیەکتان هەیە بچن لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان چارەسەری بکەن، پاشان وەرنە لای من هەر کارێکتان هەبوو بەسەر چاو بۆتان جێبەجێی دەکەم). بۆیە ئەگەر حزبێکی وەك گۆڕان بەو ئاستە دژایەتی هەرێمی کوردستان بکات و بەغداش بەو جۆرە توندە وەڵامیان بداتەوە، ئەوە ئیدی کاتی ئەوە هاتووە کە هێزی پێشمەرگە بە ئاشکرا رایبگەیەنێت کە ئەوانەن دژی مووچەی پێشمەرگە دەنگیان داوە و پشتگیری حەشدی شەعبیان کردووە.

*** ئەگەر بێینە سەر مووچەی فەرمانبەران و پشکی کوردستان لە بوودجەی عێراق، ئایا بۆچی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئامادە نەبوو ئەو بڕە نەوتەی دیاریکراوە بیداتە بەغدا بۆ ئەوەی ئەم قەیرانە کۆتایی بێت؟**

- ئەمساڵ هەوڵێکی زۆرماندا بۆ ئەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی بەغدا لەسەر ئەم بڕگەیە رێکبکەون، بۆ ئەمە لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان قسەمان کردو، حکومەتی هەرێمی کوردستان لەوەڵامدا دوو پێشنیاری پێداین:

یەکەمیان: حکومەتی هەرێمی کوردستان رازییە بڕی ٥٥٠ هەزار بەرمیل نەوت رۆژانە بداتە بەغدا وەك لە ماددەی یەکی پرۆژە یاسای بوودجەی عێراق هاتووە.

دووەمیان: لەبەرامبەردا دەبێت حکومەتی فیدراڵی عێراق پابەندبێت بەرامبەر ئەو پابەندبوونانەی بەرامبەر هەرێمی کوردستان دەکەوێتە سەرشانی و مووچەی تەواوی فەرمانبەران و خانەنشینان و چاودێریی کۆمەڵایەتی کوردستان بنێرێت.

سەبارەت بەو پابەندبوونانەی دەکەوێتە سەر حکومەتی عێراق بۆ مووچەی فەرمانبەران، حکومەتی عێراق دەڵێت من پابەندم بە ناردنی مووچەی فەرمانبەرانی کوردستان کە لە ساڵی ٢٠٠٤ لەلایەن وەزارەتی دارایی حکومەتی عێراقەوە تۆمار کراوە، باشە پرسیار ئەوەیە ئایا

**بەپێی تۆماری ساڵی ٢٠٠٤، رێژەی فەرمانبەرانی کوردستان تەنها ٦٨٠ هەزار فەرمانبەرە، بەڵام ئێستا زیاتر لە یەک ملیۆن و ٤٠٠ فەرمانبەر لە کوردستاندا هەیە و دەبێت مووچەیان بۆ دابین بکرێت. ئەگەر بەغدا تەنها مووچەی ٦٨٠ هەزار بدات، ئایا ئەو ٧٢٠ هەزار فەرمانبەرەی دەمێنێتەوە چۆن مووچەیان بۆ دابین دەکرێت؟ ئایا نیوەی وەری بگرێت و نیوەی بێ بەش بێت**

**سەلیم جبوری بە پەرلەمانتارانی گووت، ئەمە بۆ عێراق خراپە، چۆن کوردستان هەتا ئێستا بەشێکە لە عێراق و ئێمە نەوت لەکوردستان بکرین، ئەگەر ئێمە کوردستان بەبەشێک لە عێراق دەزانین، دەبێت پێش هەموو شت شایستە داراییەکانی کوردستان دابین بکەین، پاشان ریککەوتنێکی تازە لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان بکەین**

**ئەگەر ١٧٪ ئەو پارەیەی بۆ ١٥٥ هەزار سەرباز تەرخانکراوە بدرێتە پێشمەرگە، واتە حساب تەنها بۆ ٢٥ هەزار پێشمەرگەی کوردستان کراوە، کەچی لە ئێستا ژمارەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە ٢٠٠ هەزار پێشمەرگەش زیاترە.بۆیە ئێمە وەک فراکسیۆنی پارتی لە پێداگیری خۆمان بەردەوام بووین بۆ ئەوەی مووچەی ١٠٠ هەزار پێشمەرگە بخرێتە ناو بودجەکە بەڵام چوار لایەنە کوردیەکەی دیکە ئەم پێداگیریەیان نەکرد**

**حکومەتی عێراق لە داهاتی نەوت مووچەی فەرمانبەرانی بۆ دابین ناکرێت، ئەگەر یەدەگی نەختینەی بانکی ناوەندی عێراق نەبوایە کە پێشتر ٨٠ ملیار دۆلای تێدابووە و ئێستا بوتە ٤٥ ملیار دۆلار، ئەوا عێراق نەیدەتوانی مووچەی فەمانبەرانی بدات، هەروەها عێراق دەوڵەتە توانیوویەتی سوود لە قەرزی بانکی نێودەوڵەتی و سندوقی نەختی نێودەوڵەتی وەربگرێت**

لەسەر ئاستی عێراق و کوردستان لە ماوەی ١٢ ساڵی رابردوو چەند ژمارەی فەرمانبەر زیادی کردووە؟ ئایا بۆ دەبێت حکومەتی بەغدا ئەو مافە بەخۆی بدات کە چەند هێندە فەرمانبەری لە ٢٠٠٤ەوە تائێستا زیادی کردووە، بەڵام دەبێت ژمارەی فەرمانبەرانی کوردستان هەمان ژمارەی ساڵی ٢٠٠٤ بێت، بەپێی تۆماری ساڵی ٢٠٠٤، رێژەی فەرمانبەرانی کوردستان تەنها ٦٨٠ هەزار فەرمانبەرە، بەڵام خۆتان دەزانن ئێستا زیاتر لە یەك ملیۆن و ٤٠٠ هەزار فەرمانبەر لە کوردستاندا هەیە و دەبێت مووچەیان بۆ دابین بکرێت. پرسیاری دیکە لێرەدا ئەوەیە ئەگەر بەغدا تەنها مووچەی ٦٨٠ هەزار بدات، ئایا ئەو ٧٢٠ هەزار فەرمانبەرەی دەمێنێتەوە چۆن مووچەیان بۆ دابین دەکرێت؟ ئایا نیوەی وەری بگرێت و نیوەی بێ بەش بێت.ئەمە پرسیارێکی گرنگە و دەبێت هەڵوەستەی جدی لەسەر بکرێت. بۆیە حکومەتی کوردستان رازییە نەوتەکەی بداتە بەغدا، بەڵام رازی نییە بەغدا تەنها مووچەی نیوەی فەرمانبەرانی کوردستان بنێرێت. بۆیە ئێمە وەك فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان پێداگیریمان لەسەر ئەوە کرد کە حکومەتی هەرێمی کوردستان رۆژانە ٥٥٠ هەزار بەرمیل دەداتە بەغدا، بەڵام بە مەرجێ حکومەتی بەغدا مووچەی تەواوی فەرمانبەران و خانەنشینان و چاودێری کۆمەڵایەتی کوردستان بنێرێت،بەڵام ئەوان ئەمەیان رەتکردەوە و سووربوون لەسەر ئەوەی تەنها مووچەی ٦٨٠ هەزار فەرمانبەر دەنێرین. بۆیە ئێمە رامانگەیاند دەنگ بەو یاسایەی بوودجە نادەین کە نیوەی فەرمانبەرانی کوردستان لە مووچە بێ بەش دەکات.

*** باشە ئەگەر گریمانەی ئەوە بکەین، ئێوە رازی بوونایە کە بەغدا مووچەی ٦٨٠ هەزار فەرمانبەر بنێرێت، ئایا بەغدا بەمەش پابەند دەبوو؟**

- سەبارەت بەم خاڵەش کە لە جێگەی خۆیەتی، پێشنیارێکی دیکەیان کردوو و لە یاسایە نووسیویانە ناردنی ئەم مووچەیەش گرێدەدرێتەوە بە رێژەی ئەو نەوتەی هەرێم رادەستی سۆمۆی دەکات، ئەمەش مانای ئەوەیە ئەگەر لەبەر هەر هۆکارێك کوردستان نەیتوانی ئەو رێژەیە بنێرێت، بۆ نموونە بووە مانگێك تەنها توانی ٤٠٠ یان ٥٠٠ هەزار رۆژانە رەوانە بکات، ئەوا بەغدا هێندەی پارەی ئەو نەوتە پارە دەنێرێت بۆ هەرێمی کوردستان.لەسەر ئەم پرسە من قسەم لەگەڵ سەلیم جبوری سەرۆکی پەرلەمانی عێراقکرد و پێمگووت، ئایا هیچ دەوڵەتێك بەمشێوەیە مامەڵە لەگەڵ هاووڵاتیانی خۆی دەکات؟ لە وەڵامدا سەلیم جبوری بە پەرلەمانتارانی گووت، ئەمە بۆ عێراق خراپە، چۆن کوردستان هەتا ئێستا بەشێکە لە عێراق و ئێمە نەوت لەکوردستان بکرین، ئەگەر ئێمە کوردستان بەبەشێك لە عێراق دەزانین، دەبێت پێش هەموو شت شایستە داراییەکانی کوردستان دابین بکەین، پاشان رێککەوتنێکی تازە لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان بکەین، بۆیە ئەگەر ئێمە تەنها لەسەر ئەوە رازی بین مووچەی ٦٨٠ هەزار فەرمانبەری کوردستان بنێرین، ئەی ئەو ٧٠٠ هەزار فەرمانبەرەی دەمێنێتەوە چۆن مووچەیان بۆ دابین دەکرێت.

*** باشە چەند جارێك گوێمان لە بەرپرسانی عێراقی بووە دەڵێن، هەرێمیش وەك ئێمە نەوت دەفرۆشێت، بۆ ئێمە دەتوانین مووچە بدەین بۆ هەرێم ناتوانێت مووچە بدات، ئایا لەسەر ئەم قسانە چی دەڵێیت؟**

- ئەو قەیرانە ئابوورییەی لە کوردستاندا هەیە لە عێراقدا خراپترە، حکومەتی عێراق لە داهاتی نەوت مووچەی فەرمانبەرانی بۆ دابین ناکرێت، خۆ ئەگەر یەدەگی نەختینەی بانکی ناوەندی عێراق نەبوایە کە پێشتر ٨٠ ملیار دۆلاری تێدابووە و ئێستا بوتە ٤٥ ملیار دۆلار، ئەوا عێراق نەیدەتوانی مووچەی فەمانبەرانی بدات، هەروەها عێراق دەوڵەتە توانیویەتی سوود لە قەرزی بانکی نێودەوڵەتی و سندوقی نەختی نێودەوڵەتی وەربگرێت، ئەمەش مانای ئەوەیە تەنها بۆ دابینکردنی مووچە فەرمانبەران، حکومەتی عێراق لەم دووساڵەدا نزیکەی ٤٠-٥٠ ملیار دۆلار کورتهێنانی هەبووە، بەڵام حکومەتی هەرێمی کوردستان نە یەدەگی بانکی ناوەندی لەبەردەستە نە بانکی نێودەوڵەتی و سندوقی نەختی نێودەوڵەتی مامەڵەی لەگەڵ دەکات و قەرزی بداتێ، بۆیە کاتێك خەڵکانێك چ لەسەر ئاستی کوردستان و چ لەسەر ئاستی عێراق، ئەم بەراوردە لە نێوان کوردستان و عێراق دەکەن، ئەمە بێجگە لە موزایەدەی سیاسی و دژایەتیکردنی هەرێمی کوردستان شتێکی دیکە نییە و واقیعەکە چەواشە دەکەن.

# سیاسەت کردن بە مانای چەواشەکاری و بێ ڕێز کردنی پیرۆزییەکان نییە

لە هەر وڵاتیك بوونی پارتی سیاسی و مومارەسەی ئازادانەی ئەو پارتانە بۆ جێبەجێ کردنی ئەجێندای سیاسی خۆیان، دوای ئەوەی لە هەڵبژاردنەکان دەنگی پێویست دێنن، کارێکی ئاساییەو بگرە هەنگاوێکی دیموکراسیانەشە بۆ ئەوەی ئەو پارتە بتوانێت بەرنامەو پرۆگرامی کاتی بانگەشەی خۆی، دوای گرتنە دەستی دەسەڵات یان پشکدار بوونی لە دەسەڵات، یان ئەگەر وەك ئۆپۆزیسیۆنیش بێت، جێبەجێی بکات، بەڵام بێگومان دەبێت بەرنامەکانی لە خزمەت هاووڵاتی و نیشتماندا بێت و بەها باڵاکانی وڵاتی لەبەرچاو بێت و بۆ بەرژەوندییە گشتییەکان تێبکۆشێت، نەك ببێتە درکێك بۆ پێشڤە نەبردنی بەرژەوەندی گشتی وڵات و وڵات بباتە لێواری لەناوچوون و هۆکار بێت بۆ دروست کردنی ئیرهابی هزری.

بە داخەوە هەر لە ساڵی (٢٠٠٩) ەوە تا ئێستاش ئەو سیاسەت کردن و مومارەسە سیاسییەی لەلایەن هەندێك پارتی سیاسییەوە ئەنجام دەدرێت و ئەو فەوزایەی لە گۆڕەپانی سیاسی کوردستانەوە دەگوزەرێت، سیاسەتێکی ناتەندروست و ناسروشتییە کە بەناوی هەندێك پرەنسیپی جیهانی وەك مافی مروڤ و ئازادیی رادەربڕین و دەستاودەست کردنی ئاشتیانەی دەسەڵات و ....هتد، خۆڵیان کردۆتە چاوی خەڵك و دەستیان داوەتە چەواشەکاری و ئیرهابێکی فیکریان دەست پێکردووە کە تەنیا هاووڵاتی رەشوڕووت زەرەرمەندی یەکەمە.

ئەو پارتە سیاسییانەی کە بە قسەی خۆیان، خۆیان کردۆتە دەم راستی خەڵکی هەژار و داماوی کوردستان و بوونەتە (رۆبین هۆد) بۆ رزگارکردنی خەڵك لە نەهامەتی، ئەوا خەریکن کە رابردوو و ئێستا و داهاتووی گەلی کورد و کوردستان بخەنە مەترسی و دوو دەستی تەسلیمی بەغدای بکەن.

کاتێك لە ئۆپۆزیسیۆن بوون، هەرچی رێگەی نەشیاوی ئۆپۆزیسیۆنی بوو کە لە هیچ قاموسێکی پارتە ئۆپۆزیسیۆنەکانی جیهانی نەبووەو نییە، تاقی کردەوە، کەسە ناپسپۆرەکانیان ببوونە پسپۆری دارایی و داتاو ژمارەی هەڵەیان دەرخواردی خەڵك دەدا، هەر یەکێك ببووە حاسیبەو وای لێهاتبوو کە مێشیان دەکردە گامێش.

هەموو ئەو چەنەبازییەشیان بۆ ئەوە بوو کە بێنە نێو دەسەڵات، ئاخیر ئەوانە، ئەو پارتە ئۆپۆزیسیۆنانە، لە دڵی کور، حەزیان دەکرد دەسەڵاتیان هەبێت، بەڵام هێندە درۆیان بۆ خەڵك کردبوو، نەیاندەزانی چۆن بێنە نێو دەسەڵات، هێندە هاتوهاواریان کرد، کە لە دوماهی هەر هاتنە نێو دەسەڵات. حزبی براوە کە پارتی



نەدا مێرگەسۆری*
بۆ گوڵان نووسیویەتی

دیموکراتی کوردستان بوو لەپێناو گەل و نیشتمان و داهاتووی وڵات بەشی خۆشی لە گەل ئەوان دیسان بەش کردەوەو هاتنەوە نێو دەسەڵات، بەڵام چ جۆرە هاتنێك؟ مانایان بۆ هیچ پڕەنسیپێکی سیاسی و ئەخلاقی نەهێشتەوە، پڕەنسیپی تەوافقی سیاسییان شکاند، کە ئەو عێراقەی ئەوان شانازی پێوە دەکەن لەسەر بنیات نرابوویەوەو بە هۆیەوە ببوویەوە وڵاتێکی سەرپێ و تا رادەیەك ئارام، ئاخیر ئەوان زۆرجار دەڵێن، ئێمە دەبێت لە عێراق و حکومەتەکەی و سەرکردەکانی فێرە ئەزموون بین و دیموکراسیەتی بەغدا بگوازینەوە کوردستان، ئەو بەغدایەی کە مووچەی خەڵکی کوردستانی بڕی و هێزی دیجلەی هێنا سەر کوردستان و شەڕی داسەپاوی داعشی بەسەر کوردستان سەپاندو تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت نەیتوانیوە کەمترین خزمەتگوزاری شایستە، پێشکەشی هاووڵاتیانی بکات، گەر خۆیان لە خوا نەکەن، هەموویان سەردانی پارێزگاکانی ناوەڕاست و باشووریان کردووە و دەزانن خەڵکی ئەم شوێنانە بە بەغداشەوە لە چ نەهامەتییەك دەژین.

ئەوان گوتیان، نە، ئێمە کەمینە و تەوافوق ناهێڵین و دەبینە پاڵەوانی بێ رکابەری گۆڕەپانی سیاسی کوردستان و وڵات بەرەو ئایندەی رۆشن دەبەین و پارتی دیموکراتی کوردستان بە چۆك دادێنین و ئەجێندای ناکوردستانی لە کوردستان جێبەجێ دەکەین و دڵی ئەوانە خۆش دەکەین کە بە شکانی پارتی دیموکراتی کورستان دڵخۆش دەبن، ئاخیر پارتی دیموکراتی کوردستان و بارزانی دروشمی دەوڵەت بوونی هەڵگرتووە، کونسوڵی ئێران داوەتی کۆدەتاکەی پەرلەمان دەکەین، بۆ ئەوەی پێی بڵێین، ئەوە خەریکین ئەجێندا راستەقینەکانمان جێبەجێ دەکەین.

مخابن، نەك وڵاتیان بەرەوە ئایندەی رۆشن نەبرد، بەڵکو بوونە هۆکاری پەکخستنی پەرلەمان و هۆکاری ئاژاوەو نانەوەی دووبەرەکی. من لێرە بە وردتر دەمەوێ رووی دەمم ئاراستەی (گۆڕان) بکەم، کە ویستی بیگۆڕێت، نەك نەیتوانی بیگۆڕیت، بەڵکو خۆشی هەمدیسان گۆڕا بەرەو ئاراستەیەکی ناسروشتی، کە گومانی لای هەمووان دروست کردووە کە بە راستی ئەوان بۆ کێ وا دەکەن؟ بۆچی وا دەکەن؟ ئەمانە کوردایەتی دەکەن؟ ئەمانە بۆ کوردستان و نەتەوەی کورد و داهاتووی سەربەخۆی کوردستان وا دەکەن؟.

ئەوان لە کوردستان و بەغدا خەریکی چین؟ پارێزگای سلێمانی، پایتەختی رۆشنبیرییان کردۆتە پایتەختی ئیرهابی فیکری و یاری بە داهاتووی نەوەیەك دەکەن کە ئەم جیلە جیلی بنیاتنەری دەوڵەتی کوردستانن، خەڵکی سلێمانی زۆر لەوە مەزنترە کە کۆمەڵە کەسێکی نابەرپرسی بێ عەقل، یاری بە داهاتوو و رابردوو و ئێستای ئەوانەوە بکەن، خەڵکی رۆشنبیر و خۆڕاگری سلێمانی چۆکی بە هەموو دوژمنان داداوە، بۆیە دەبێت زۆر چاوکراوەتر بن لەوەی هەندێك کەس و لایەن بیانەوێت بۆ بەرژەوندی حیزبی و لە پێناو دوو کورسیی زیاتری پەرلەمانی یاری بە داهاتووی ئەوان و منداڵەکانیان بکەن.

ئەوان لە بەغدا خەریکی ئەوەن لەگەڵ عەرەبە هاوبیرەکانیان لە بەهاو پێگەی هەرێم و حکومەتەکەی کەم بکەنەوە، ئەو بەغدایەی چاکەت و پێڵاوەکانیان لێ بە جێماو و تا ئێستاش نازانرێت چاکەت و پێڵاوەکانیان چی بەسەر هات! ئەوان خەریکی ئەوەن هەرچی حەنان فەتلاوی لە پەرلەمانی عێراق دژی هەرێم و حکومەتی کوردستان بڵێت، بە نیشانەی راستی و دروستی ئاخافتنەکانی، سەری بۆ بهەژێنن و پێی بڵێن دەستخۆش و دواتر دوو ماچیشی لێ بکەن. ئەوان خەریکن لەگەل نانبڕەکەی کوردستان(نوری مالیکی ) لە دژی هەرێم و کەرکوك و بەتایبەتیش پارتی دیموکراتی کورستان پرۆژەی مەترسیدار بۆ داهاتووی کوردستان و عێراق جێبەجێ بکەن، ئەمانە تۆمەت نین، ئەمانە ئەو دەرهاوێشتانەن کە ئێمە لە هەڵسوکەوت و سیاسەت کردنی ئەوان لە کورستان و بەغدا دەیبینین.

ئەوان خەریکن هەموو شتێك تاقی دەکەنەوە تەنیا بۆ ئەوەی کوردستان و داهاتووی کوردستان خەوشدار کەن، ئەو شەڕەی ئەوان ئێستا دەیکەن، رەنگە شەڕی دوای پۆست دەوڵەت بوون بێت، ئەگەر بە راستی خەمیان خەمی بنیات نانی دەوڵەتێکی دیموکرات و ئازادە. بەڵام ئەوان دەستیان بۆ هەموو شتێکی مەترسیدار بردووە، بەهاو پیرۆزییەکانی نیشتمان، لای ئەوان رۆژانە بێ رێزی بەرامبەری دەکرێت، دەست بردن بۆ پیرۆزییەکان مایەی نیگەرانی و مەترسییە، کابرا عاقڵەکە، ئەوەی گوتبووی خۆ قاز نین (سەرۆکی

**ئەو پارتە سیاسییانەی کە بە قسەی خۆیان، خۆیان کردۆتە دەم راستی خەڵکی هەژار و داماوی کوردستان و بوونەتە (رۆبین هۆد) بۆ رزگارکردنی خەڵک لە نەهامەتی، ئەوا خەریکن کە رابردوو و ئێستا و داهاتووی گەلی کورد و کوردستان بخەنە مەترسی و دوو دەستی تەسلیمی بەغدای بکەن**

**(گۆڕان) نەک نەیتوانی بیگۆڕیت، بەڵکو خۆی گۆڕا بەرەو ئاراستەیەکی ناسروشتی، کە گومانی لای هەمووان دروست کردووە کە بە راستی ئەوان بۆ کێ وا دەکەن؟ بۆچی وا دەکەن؟ ئەمانە کوردایەتی دەکەن؟ ئەمانە بۆ کوردستان و نەتەوەی کورد و داهاتووی سەربەخۆی کوردستان وا دەکەن؟**



پێشووی پەرلەمان) زۆر بێ شەرمانە، پێشمەرگە بە میلیشیا وەسف دەکات، ئەو پێشمەرگە قارەمانانەی کە گیانیان بۆتە قەلغان بۆ پاراستنی (یوسف) و نموونەکانی هاوبیری یوسف. رۆژێکی دیکە (عەدنان) ناوێکی گۆڕانخواز دێت و بێ رێزی بەرامبەر بە پێشمەرگە دەکات.


ئا لەم دوو سێ رۆژەی رابردووش (سروە عبدالواحید) پەرلەمانتارە گۆڕانخوازەکەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، لە کەناڵی راگەیاندنی (دجلة) و لە بەرنامەی (بصراحة) زۆر بێ شەرمانە و دوور لە هەموو بەهایەکی ئەخلاقی و لەجیاتی ئەوەی بەرگری لە کورد و کوردستان و پێشمەرگە و کەرکوك بکات و بەرگری لە داوێن پاکژیی ئافرەتی کوردی و دایك و هاوسەر و کچ و خوشکی شەهید بکات، بە وشە و رستەی نەشیاو باس لە فرۆشتنی جەستەی کەسوکاری شەهید دەکات، دەبێت ئەمە چ جۆرە بیرکردنەوە و چ جۆرە خزمەتێك بێت کە ئەم مرۆڤە بیەوێت بەم جۆرە قسانەی هاریکاری کەسوکاری شەهیدان و گەلی کورستان بکات و دواتریش بێ شەرمنانە بڵێت من وام نەگوتووەو ئامادە نەبێت داوای لێبووردنیش بکات، خۆ عوزر لە قەباحەت مەزنتر بێت، کارەساتە! ئەم خاتوونە کوردە گۆڕانخوازە دەبێت بیری چووبێتەوە کە ئەگەر قارەمانیەتی پێشمەرگەو خوێنی پاکی شەهیدان و جەرگ سووتاوی و خۆڕاگری خیزان و کەسوکاری شەهیدان نەبوایە، ئێستا ئەو بەرێزە و ئەوانەی وەك ئەو بیر دەکەنەوە وەك جارییە لە باوەشی داعەشەکان نوستبوون. بە داخەوە بۆ ئەوانەی وەك ئەم خاتوونە بیر دەکەنەوە، مخابن سیاسەت کردنی ئەوان تەنیا بۆتە دروست کردنی ئیرهابی فیکری و ئاژاوە نانەوە و فەوزا و بێ رێزی کردن بە پیرۆزییەکان و بەها باڵاکانی وڵات، ئەم جۆرە سیاسەتە سیاسەتێکی فاشیلە و هاووڵاتی کوردستانی و ئەوانەی بە راستی دڵیان بەو کوردستانەو و خوێنی شەهیدانەوە هەیە نابێت بە دوای ئەوان بکەون و کوردستان و داهاتووی وڵات بخەنە مەترسییەوە و پێشکەشی دۆژمنانی بکەن.

**ئەم خاتوونە کوردە گۆڕانخوازە دەبێت بیری چووبێتەوە کە ئەگەر قارەمانیەتی پێشمەرگەو خوێنی پاکی شەهیدان و جەرگ سوتاوی و خۆڕاگری خیزان و کەسوکاری شەهیدان نەبوایە، ئێستا ئەو بەرێزە و ئەوانەی وەک ئەو بیر دەکەنەوە وەک جارییە لە باوەشی داعشەکان نوستبوون**

---

*** پەرلەمانتارو بڕیاردەری فراکسیۆنی پارتی ديموکراتی کوردستان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق**

# کوردستان و عێراق لەدوای موسڵ



حوسێن کوردنەژاد

بۆ گوڵان نووسیویەتی

لەچەند ساڵی رابردوودا لەئاکامی جێگیرتربوونی پێگەی کوردستان لەسیاسەتی ناوچەو جیهانداو بەهێزتربوونی پێوەندییە نێودەوڵەتییەکانی، هەروەها لەسەر بنەمای هەبوونی بارودۆخی مومکین بۆ بەرزکردنەوەی خواستی دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی، سەرۆکایەتی کوردستان ئەم ویستەی لەشیعار راگواستەوە بۆ خواستێکی واقیعی سیاسیی میللەتی کورد. تاکوو لەسیاسەتی رۆژانەو لەپێوەندییەکانی دەرەوەدا ببێتە بنەمای کارلەسەرکردن.

**● بەستێنی نێوخۆو ناوچەیی**

ویستی دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردستان چەندین رەد فیعل و دژکردەوەی جۆراوجۆری لێکەوتەوە، لایەنگران و دژبەران دەستی خۆیان رووکردەوە، بەڵام لەهەموویان بەرچاوتر پاڵنان بوو بە (داعش)ـەوە بەرەو کوردستان، تاکوو پێش لەم رەوتە بگرن.

بەغدا فرسەتی بە غەنیمەت زانی و بە هەموو هێزەوە بۆ پێشگرتن لەپرۆسەی خۆبەهێزکردنی کورد بودجەی بڕی و دەستی خستە ناوماڵی کوردەوە.

گشت فشارەکان تێکڕای کێماسیەکانی ستراکچراڵ و مێژوویی کۆمەڵگەی کوردی بوونە هۆی سازبوون و سەرهەڵدانی چەندین قەیرانی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووریی و دارایی و ئەنیستیتوشناڵ، دیارە کەم تەجروبەیی کورد لەسیاسەتی بەڕێوەبردنی وڵاتدا کە ئەرکی هەموو لایەنە سیاسییەکانە لەوڵاتاندا، کارتێکەریی نێگەتیڤی لە چارەسەری قەیرانەکاندا هەبووە.

ئێستا شەڕی داعش لەعێراقدا لەکۆتایی خۆی نزیك دەبێتەوە، ئەوەی دیارە ئەمانەن:

- کوردستان لەپرۆسەی شەڕی دژی داعشدا نەڕووخا.
- پێشمەرگە نەبوو بە دوو دەستەو چەند دەستە،
- کوردستان دابەش نەبوو بە میلیشیاتی بچووك بچووکی نەوتی.
-هاوپەیمانان و سیاسەتی نێودەوڵەتی کوردی جێنەهێشت.
- سەرهەڵدانی کۆمەڵایەتی لەدژی حوکمڕانیی کورد ساز نەبوو.
-گشت ئەمانە لەپلانی ناحەزاندا بوون، بەڵام هیچیان نەبوون بە راستیی کوردوکوردستان، بە پێچەوانەوە:
-پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان مەحکەمتر بوون، تەنانەت وڵاتانی بچووکی رۆژئاواش هاتنە یارمەتی پێشمەرگە.
- لەجیاتی رووخاندنی حوکمڕانیی کورد، پۆل پۆل گەنجەکانی کوردستان خۆیان گەیاندە سەنگەرەکانی شەڕو کوردستانیان پاراست بە دەیان و سەدان شەهیدیان دا، زۆرجار مووچەو گوزەرانیشیان نەبوو.

- پێشمەرگە لەم شەڕەدا سەرکەوتوو هاتەدەر، بە چەك، بە تەدریب، بە یەکگرتوویی پێشترو پێشتر کەوت و ئێستا لەکۆتایی شەڕی داعشدا، نەك هەر جێی هیوای میللەتی خۆیەتی، بەڵکوو دنیا پێی سەربڵندە.

- هەوڵی بەغدا لەژێر ڕێنوێنی بەتایبەت ئێراندا نەیتوانی دووبەرەکیی جددی لەناو کورددا ساز بکات. لەم حەوتووانەی ڕابردووشدا شاهیدی ملدانی گشت لایەنەکان بووین بۆ بەیەك گەیشتن لەسەر بنەمای ستراتیژیی میللەت.

ئەحزاب ستراتیژی جۆراوجۆریان هەیە، بەڵام میللەت و پرسی میللەت یەك ستراتیژییە، ئەوەش سەرۆکی هەرێم کردوویەتی بە بەرنامەی کاری خۆی و گشت لایەنەکانی هاوکار. ڕۆیشتن بەرەو تەحقیقی ئەم ستراتیژییە سیاسەتێکی گەورەکە، ناوەڕۆکی ئەو سیاسەتە لەکتێباندا نییە، ئەوەش بریتییە لەبەهێزترکردنی میللەتی کورد لەدنیای ئیدارەی وڵاتی خۆی و ئیدارەی سیاسەتی خۆیدا، جا چ لەناوخۆدا بێ، یان ناوچە، یان جیهاندا بێت. بە ڕاشکاوی ماوەیەك لەمەوبەر سەرۆکی هەرێم پێیگوتین، ئێمە لە ناوچەیەکدا دەژین، ئەگەر بەهێز نەبین، دەمانخۆن.

### ● بەستێنی جیهانی

گۆڕانکاری لەناوەندی بەهێزی دەسەڵاتی جیهانیدا کە بریتییە لە وەسەرکارهاتنی سەرۆك کۆماری تازەی ئەمریکا گشت ناوەندی وڵاتانی دنیای سەرقاڵ کردووە بە دراسەی سیاسەتەکانی داهاتووی ئەم ناوەندەوە. ئێمەی کوردیش یەك لەو لایەنانەین، بۆیە گرینگە بزانین سیاسەتی ئەو ناوەندە جیهانییە کە بەهێزترین پشتیوانی پێشمەرگە بووە، لەداهاتوودا چ فۆرم و شکڵ و ناوەڕۆکێکی دەبێ.

کەوابوو، دەبێ بزانین چۆن ئەو سیاسەتەی داهاتوو لەئێستایەوە بیخوێنینەوەو چ بکەین بۆ ئەم ئامانجەو چۆنی بکەین؟

یەکەم شت زانیارییە گشتییەکانن لەسەر چۆنیەتی سیاسەت لەوڵاتاندا بۆ ئەوەی کە تا ڕادەیەکی باش بتوانین پرۆسەی مێژوویی ئەو وڵاتە تایبەتە بخوێنینەوە.

دووەم شت دراسەی ئەو کەسایەتییانە بکەین کە دەبنە کاربەدەستی کارتێکەر لەو ئیدارەیەدا و چاو لەراگەیاندنەکانیان بکەین کە چییان گوتووە.

سێیەم شت چاو لەو ئەرکانە بکەین کە سەرەڕای ویستی ئەم کەسایەتییانە هەر دەبێ چارەیان بۆ بدۆزرێتەوە. دەبێت ئەو چەند خاڵە گرینگەش ڕەچاو بکەین:

یەکەم: سەرەڕای ئەوە کە لەهەڵبژاردنەکاندا چ دەگوترێ، سیاسەتمەدار کە گەیشتە سەر دەسەڵات لەگەڵ واقیعێك ڕووبەڕوو دەبێتەوە کە بەرلەویش هەر بوونی هەبووەو مەجبوورە مامەڵە لەگەڵ ئەو واقیعەدا بکات، سەرەڕای بۆچوونە تایبەتەکانی، زۆر جار بەمە دەڵێن (جەبری ژیۆپۆلیتیك)و ئەو ئۆپۆزیسیۆنە کە لەوڵاتێکدا هەیە.

لەم خاڵەدا گرینگە باس لە ڕەوت و پاشخانی چەند دەیەی ڕابردووی پێگەی ئەمریکا لەدنیادا بکەین. لەساڵی ١٩٨٩وە ئەوە ئەمریکا تەنیا سوپەرپاوەری دنیایە، یەکێتی سۆڤیەت بوو بە چەندین وڵات و گەورەترینەکەی ڕووسیایە کە گەورە هێزێکی ناوچەییەو نەك زیاتر، بەڵام لەئاسمان و عەرزو ئاودا ئەمریکا حاکیمە. یەك لەو کەسانە کە باس لە دەوری تازەی ئەمریکا دەکات، جۆرج فریدمەن سەرۆکی ئەنیستیتۆی ستراتفۆرە، کە پێیوایە ئەمریکا ئیمپراتۆرییەکە، بەڵام کۆمارییبوونی سیستمی نێوخۆی پێش لەئیمپراتۆربوونی بەتەواوی ئەمریکا دەگرێت. بۆیە پێشنیاری ئەوەیە کە ئەمریکا سەرەڕای ئەوە کە کۆمارییە، دەبێ وەك ئیمپراتۆرییەك هەڵسوکەوت بکات.

دووەم: کەسایەتییەکانی کابینەی ترامپ

دووکەس تاکوو ئێستا بۆچوونی خۆیان بە ڕوونی ئاشکرا کردووە، یەك لەوانە ژەنراڵ ماتیس-ە کە پیتێت بێرگێن نووسەری کتێبی دەوڵەتە یەکگرتووەکانی جیهادی، لە٧ی ئەم مانگەدا لە (سی ئێن ئێن) دا باسی کردووە. پرۆفێسۆر بێرگێن پشت دەبەستێت بە کتێبێکی هاوبەشی ماتیس و کۆریی شەیك کە پسپۆڕە لەمێژووی شەڕداو چەندین خاڵ لە بۆچوونەکانیان دەخاتەڕوو،یەك لەو خاڵانە ئەوەیە کە ماتیس لە ئانالیزی خۆیدا باسی ئەوەی کردووە کە دوژمنانی ئەمریکا شەڕی تەواو لەدژی ئەمریکا دەکەن، بەڵام ئەمریکا شەڕی نیوەشەڕیان لەگەڵدا دەکات، بۆ نموونە شەڕەکانی ئەفغانستان و عێراق ئامانجەکانیان بەتەواوی دەستنیشان نەکرابوون، بۆیە سەرچاوەکانی شەڕ سنووردار دەکران و کاتی دەستنیشانکراو بۆ هێندێ بڕیاران بارودۆخی سەر عەرزی لەبەر چاو نەدەگرت.

ئەم بۆچوونەی ژەنراڵ ماتیس پاڵپشتی لەو تیۆرییە دەکات کە سیاسەتی ئەمریکا خەریکە لایەنگرانی هەڵسوکەوتی ئیمپراتۆرییانەی خۆی پەیدادەکات،

**دەبێ خۆشبین بین، زیاتر خۆماندوو بکەین و دڵنیابین کە داهاتوو هی ئێمەیە. لە دوای شەڕی موسڵ دنیاو ناوچەکە دەبنە خاوەن میللەتێکی زۆر بەهێزتر لەجاران لەناوچەدا، ئەو میللەتەش کوردە**

**بە حکومەتێکی زۆرینەی کاریگەرەوە دەتوانین گرفتەکانمان چارەسەر بکەین و دەبێت لەدوای شەڕی موسڵ بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەگەرەکان زۆر زیاتر لەجاران بەهێزترو ئامادەتر بین**

**کە پێشمەرگە شەڕەکەی بردەوەو سەرۆکی وڵات لەمەیدانی سەرکردایەتی پێشمەرگەوە لەمەیدانی دیپلۆماسیدا توانی دنیا بۆ پاراستنی کوردستان بێنێتە پشت هێزی پێشمەرگە، ئێستا ئەحزاب دەبێ لە بەڕێوەبردنی وڵاتدا ئەرکی سەرشانی خۆیان بەجێ بهێنن**

بۆیە دەتوانین چاوەڕوانی ئەوە بین کە ئەمریکا چیتر خۆی بە وردەشەڕان و شەڕی سنووردارەوە سەرقاڵ نەکات، بەڵکوو ئەگەر هاتوو شەڕی کرد، وەك ئیمپراتۆرییەك بە هەموو هێزەوە شەڕبکات و ئامانجی سیاسی و واقیعی سەرعەرزیش یەکتر بخوێننەوە.

کەسایەتیی دیکە کە وەك راوێژکاری سەرەکیی ئاسایشتی نیشتمانی پرێزیدێنتی هەڵبژێردروای ئەمریکا باسی لێوە دەکرێ، ژەنراڵ مایکل فلینە کە لە وتووێژێکی دوورو درێژی لە (سی ئێن ئێن)دا باسی بیروبۆچوونی خۆی کردووە، جگە لەوەی زۆر شت کە بە نێگەتیف بۆی نووسراوە، بەڵام باسی دوو خاڵی گرینگ لە پێوەندی لەگەڵ رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەکات، یەکەمیان دەبێ پلانێکی گشتگیری وەك (مارشاڵ)ی بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەبێت بۆ هەڵسانەوەیەکی گەورەی ئابووری و کۆمەڵایەتی، دووەم ئەم کارە دەبێ لەگەڵ هاوپەیمانان بێ، مەرجی بۆ هاوپەیمانیش ئەوەیە کە دەسەڵاتێکی مەزهەبی نەبێت و لەگەڵ ئەوان هاوبۆچوون بن. خاڵی سێیەم و گرینگیش تەئکیدو پێداگری خودی ترامپە لەسەر بووژانەوەی ئابووریی ناوخۆی ئەمریکا، کە بە رادەیەکی بەرچاویش سیاسەتی بەرگری لەبازاڕیی خۆماڵی پەیڕەو دەکات.

ئەگەر هەر ئەم قسانە لە تەنیشت یەك دابنێین، بۆمان دەردەکەوێ کە سیاسەتی بەهێز کردنی ناوەندو هەڵسوکەوتی ئەو ناوەندە لەدنیادا بە شێوەیەکی کاریگەر هەم بەهێز دەکرێت، هەمیش گۆڕانی بەسەردا دێت.

ئەم سیاسەتە لایەنگری کاری نیوەچڵ نییەو پرۆژەکانیان هەوڵ دەدەن گشتگیر بێت و پرسەکان چارەسەر بکات لەو کارەدا لەگەڵ ئەوانەی کە حازرن هاوکاری بکەن و ببنە هاوپەیمان بە گوێرەی مەرجەکانی سەرەوە کە باسمان کرد، هاوکاریی دەکەن.

سێیەم: ئەو ئەرك وکارانەی کە دەبێ بکرێن

لەسیاسەتی نێوخۆی ئەمریکادا ترامپ دەستی لەسەر زۆر گرفتی نێوخۆی کۆمەڵگەی ئەمریکا داناوەو لەسیاسەتی دەرەوەدا باسی تیرۆری کردووە کە مەبەستییتی چارەسەری بکات. تیرۆر دەبێتە پرسێکی سەرەکی. باڵانسی ئابووریی جیهانی ئەرکێکی دیکەیە کە هەر ناچارن چاویان لێ بێ، لەبەر ئەوەی لەهیچ شوێنێکدا درز بۆ قەیرانی بانکی و دارایی و شۆك پەیدا نەبێ. ئەولەوییەتی شەڕی تیرۆر لەلایەن کابینەی تازەی ئەمریکا بە هەموو هێزەوە، بۆ ئێمەو ناوچەی ئێمە گرینگ دەبێت.

هەر چەند من پسپۆڕی نیزامی نیم، بەڵام کە میدیاکان باس لە(خاوبوونی شەڕی موسڵ) دەکەن، خۆی دەتوانێ هۆکارێکی ئەوە بێت کە مەسەلەی موسڵ دەبێ چاوەڕوانی گۆڕانی ناوەند، بە واتای هاتنەسەرکاری ترامپ بێت، ئەگەر لە دەورانی ئۆباما-دا دەستی پێ کرد، لە دەورانی ترامپدا کۆتایی دێت.

ئەمریکا ئاگاداری حەساسییەتی موسڵە، لەبەر ئەوەی چەندین هێزی ناوچەیی چاویان لەکەوتنی موسڵە تاوەکوو بتوانن نفووزی خۆیان فراوان بکەن و ستراتیژیی ناوچەیی خۆیان پەرە پێ بدەن. بۆیە دەتوانین بڵێین کە کەوتنی موسڵ پێدەچێت، لەبەر هەڵوێستی زۆرینەی بەشدارانی کابینەی ترامپ پێش لەفراوانبوونی نفووزی حەشدی شەعبی و ئێران دەگرێت و ئەرتەشی سەر بە عەبادی لەعێراقدا پاڵپشتی دەکرێ و کابینەی تازەی ئەمریکا دەتوانێ دەوری زۆر پۆزەتیف بگێڕێ لەنێوان کوردی رۆژئاواو باشوورو تورکیادا. هەر چۆنێك کە لە رەوتەکە دەڕوانین، دەبینین ئەوەی دەبێ لەناوچەدا پاشەکشە بکات، ئێرانە. ئەم خاڵە گرینگەو هەموو بەشەکانی حەرەکەی کوردی پێویستە لەحیساباتی ناوچەیی خۆیاندا ئاگاداری ئەم خاڵە بن.

شەپۆلی سیاسەتی تازەو رەوتی گشتی لەگەڵ هەڵسوکەوتی کورد لەچەند ساڵی رابردوودا هاودەنگ و هاوئاهەنگە، مەسەلەی پلۆرالیزمی سیاسی، بە واتای ئەحزابی ئێتنیکی و مەزهەبیی و کورد، ئەو مەرجەی هاوپەیمانیەتییەی تێدا بەرجەستەیەو لەناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا سەری بەرزە، لە شەڕی دژی تیرۆردا نموونەیەکی جیهانییە، ئەگەر بەستێنی ژیانی سیاسی و نێوخۆیی کورد لەهەڕەشەی ناحەزان دوور بێت، دامەزراندنی سیستمێکی دیموکراتیك و پلۆرالیستی ئامانجێکی واقیعییە، بۆیە دەتوانین بڵێین کە ئێمە لەسەر رێگایەکی راست دەڕۆین و لەگەڵ دنیای ئازاددا هاوتەریبین.

جگە لەشەڕی تیرۆرو جگە لەسنووردارترکردنی نفووزی ئێران لەوڵاتانی عێراق و سووریادا بە گوێرەی ئەو بارودۆخە کە لەسەر ئەرزی واقیع لەسووریادا هەیەو حکومەتی ناوەندیش هەوڵدەدات هەتا ترامپ دێتەسەرکار، تا ئەو رادەیە کە دەتوانێ دەسەڵاتی خۆی بڵاوبکاتەوە، بەتایبەت لەشەڕی حەلەب-دا، هەروەها ئەو سیاسەتە چارەسەرە ریشەیی و گشتگیرە کە گوتمان کەسانی ترامپ باسی لێوە دەکەن، دەبینین کە دابەشکردنی سووریا وەك وڵات زۆر ئاسانتر دەبێ، تاکوو ئەو وڵاتەی جارێکی دیکە وەسەر یەکی

**پێشمەرگە لەم شەڕەدا سەرکەوتوو هاتەدەر، بە چەک، بە تەدریب، بە یەکگرتوویی پێشترو پێشتر کەوت و ئێستا لەکۆتایی شەڕی داعشدا، نەک هەر جێی هیوای میللەتی خۆیەتی، بەڵکوو دنیا پێی سەربڵندە**

**لەجیاتی رووخاندنی حوکمڕانیی کورد، پۆل پۆل گەنجەکانی کوردستان خۆیان گەیاندە سەنگەرەکانی شەڕو کوردستانیان پاراست بە دەیان و سەدان شەهیدیان دا، زۆرجار مووچەو گوزەرانیشیان نەبوو**

**بەغدا فرسەتی بە غەنیمەت زانی و بە هەموو هێزەوە بۆ پێشگرتن لەپرۆسەی خۆبەهێزکردنی کورد بودجەی بڕی و دەستی خستە ناوماڵی کوردەوە**

**ویستی دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردستان چەندین رەدفیعل و دژکردەوەی جۆراوجۆری لێکەوتەوە، لایەنگران و دژبەران دەستی خۆیان رووکردەوە، بەڵام لەهەموویان بەرچاوتر پاڵنان بوو بە (داعش)ەوە بەرەو کوردستان، تاکوو پێش لەم رەوتە بگرن**

بنێنەوە. پێوەندی و بۆچوونی ترامپ لەسەر رووسیا دەتوانێ ئاسانكاری بۆ ئەو ئەلتەرناتیڤە بكات. لەم پێوەندییەشدا بەجێیە كە ئەم پرسیارانە بخرێنەڕوو:

-ئاخۆ ئەو كارە مومكینە بەر لەشەڕێكی جددی و قورس لەدژی داعش؟

-لەو شەڕەدا كوردەكانی سووریا چەندە دەتوانن خۆیان لەستراتیژیی راگەیەندراوی ترامپ نزیك بكەنەوە؟

-ئەگەر هاتوو دابەشكردنی سووریا هاتە دەستووری كارەوە، پرسیارێكی دی ساز دەبێ، كە ئایا ئەوە مومكینە بەبێ ئەوەی كە كارتێكەری لە سەر عێراق هەبێ؟

## ● باشووری كوردستان لە دوای داعش

یەكەم پرسیار كە دێتە بەرچاو ئەوەیە كە كۆتایی داعش كەنگێیە؟ كە لەموسل خەلاس بوون؟ كە هیچ شوێن و ناوچەیەكی جوگرافیایی لەبەر دەستیاندا نەما، یان هەر مەبەست كۆتایی داعشە وەك رێكخراوێكی تێرۆریستی، جا چ شاردروا بن، یان ئاشكرا؟ ئایا تەنیا لەعێراقدا كۆتایی داعش مەبەستە، یان لەسووریاشدا؟

بۆیە دەبێ وەك پرۆسە چاو لەم پرسە بكەین، ئەم پرۆسەیە شەڕی دژی تیرۆری تێدایە لەباشوورو رۆژئاوای كوردستاندا، كە ترەمپ شەڕی دژی داعشی بە ئەولەوییەتێكی سیاسەتی خۆی داناوە، دەبێ نەتیجەی مەنتیقیی ئەو سیاسەتە ئەمانە بێت:

- پێوەندییەكانیان لەگەڵ كوردستاندا بەهێزتر دەبێت و كەمتر نابێت.

- هەروەها روونە كە سیاسەتی ئیدارەی ترامپ نابێتە هاوكاری و سازان لەگەڵ ئێران، بەڵكوو نفووزی ئێران و هاوكارەكانی سنووردار دەكرێت.

- حەشدی شەعبی و لایەنگرانی ئێران دەستیان لە كوردستان كورتتر دەبێتەوەو مەترسیی ناكۆكی نێوان هێزەكانی پێشمەرگەی كوردستان و هەڕەشەكانی حەشدی شەعبی دەڕەوێتەوە.

لە بەغدا كە ئیدارەی ئۆباما خوازیاری بەهێزتركردنی جەماعەتی عەبادی بوو، كورد بۆ بەهێزتركردنی ئەو جەماعەتەو بە مەبەستی دۆزینەوەی هاوتایەك بۆ دیالۆگ لە بەغدا، یارمەتیدەری سیاسەتی ئەمریكا بووە، ئێستا كە ئەمریكا هەنگاو بۆ سیاسەتێكی زۆر ئەكتیڤتر لەجاران بۆ سنووردار كردنی سیاسەتی ئێران لەعێراقدا هەڵدێنێت، دیارە مەجال بۆ نفووزی كورد لەبەغدا و هاوكاریی زیاتر دەكاتەوەو رێگا خۆشتر دەبێت بۆ دابەشكردنێكی ئاشتییانەی عێراق كە خواستی كوردەو كۆمەڵگەی جیهانیش دژی نییە.

لەئێستاوە تاكوو كۆتایی ئەم پرۆسە مێژووییە گرینگە كە كورد هیچ هێلكەیەك لە سەبەدەی ئەسەد، یان بەتایبەت ئێران دانەنێت، ئەگەر یەك هێلكەش لێی دانرابێت، هەر چی زووە هەر لایەنەو هێلكەی خۆی لەو سەبەدەیە هەڵگرێت و بیباتە هەولێر كە ئێستا ناوەندی عەمەلیاتی هاوپەیمانانەو بڕیارەكان لەوێ دەدرێن.

## ● كۆتایی

ئەگەر ئەوەی گوتمان لە راستی نزیك بن و باش تێگەیشتبین، دەتوانین بڵێین كە ئاسۆ لەدوای شەڕی موسڵ بۆ بەهێزتركردنی پێگەی كورد مووناسبتر دەبێت. ئەوە دێتە ئەم واتایە كە دەتوانین لە سیاسەت و ئابووری و ئیدارەدا خەونی گەورەتر ببینین. كە پێشمەرگە شەڕەكەی بردەوەو سەرۆكی وڵات لەمەیدانی سەركردایەتی پێشمەرگەو لەمەیدانی دیپلۆماسیدا توانی دنیا بۆ پاراستنی كوردستان بێنێتە پشت هێزی پێشمەرگە، ئێستا ئەحزاب دەبێ لە بەڕێوەبردنی وڵاتدا ئەركی سەرشانی خۆیان بەجێ بهێنن. لەبەر ئەوەی حوكمڕانی ئەركی ئەحزابی حاكمە، بەڵام بەڕێوەبردنی وڵات ئەركی سەرشانی گشت هێزەكانەو دەبێت هەموویان پشتیوان بن بۆ پێشخستنی وڵات و ئەركی حكومەتیشە وەك ماكس ڤیبەر دامەزراندنی بیرۆكراسییەكی كاریگەر بۆ سەركەوتنی سیاسەت و ئابووری وەك پێشمەرج ببینێت.

تەنیا بەكارو تێكۆشان و چالاكیی هەموو تاك و گروپ و حزب و سەرمایەدار و كرێكاری ئەم وڵاتەوە دەتوانین گرفتەكانمان چارەسەر بكەین و داهاتووی نەوەكانی داهاتوومان مسۆگەر بكەین، بۆ ئەوەی بتوانین لەم ئەركەدا سەركەوین، دەبێ رۆژ لە دوای رۆژ سیستمی سیاسی و ئابووریی وڵات كراوەترو كراوەتر بێت، تاكوو هەموو كەس مەجالی بەشداری تێدا هەبێت. بە حكومەتێكی زۆرینەی كاریگەرەوە دەتوانین گرفتەكانمان چارەسەر بكەین و دەبێت لەدوای شەڕی موسڵ بۆ رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەگەرەكان زۆر زیاتر لەجاران بەهێزترو ئامادەتر بین.

بە كورتی، دەبی خۆشبین بین، زیاتر خۆماندوو بكەین و دڵنیابین كە داهاتوو هی ئێمەیە. لە دوای شەڕی موسڵ دنیاو ناوچەكە دەبنە خاوەن میللەتێكی زۆر بەهێزتر لەجاران لەناوچەدا، ئەو میللەتەش كوردە.

**حەشدی شەعبی و لایەنگرانی ئێران دەستیان لە كوردستان كورتتر دەبێتەوەو مەترسیی ناكۆكی نێوان هێزەكانی پێشمەرگەی كوردستان و تەهدیداتی حەشدی شەعبی دەڕەوێتەوە**

**هەر چۆنێك كە لە رەوتەكە دەڕوانین، دەبینین ئەوەی دەبێ لەناوچەدا پاشەكشە بكات، ئێرانە. ئەم خاڵە گرینگەو هەموو بەشەكانی حەرەكەی كوردی پێویستە لەحیساباتی ناوچەیی خۆیاندا ئاگاداری ئەم خاڵە بن**

**سیاسەتی ئەمریكا خەریكە لایەنگرانی هەڵسوكەوتی ئیمپراتۆرییانەی خۆی پەیدادەكات، بۆیە دەتوانین چاوەڕوانی ئەوە بین كە ئەمریكا چیتر خۆی بە وردەشەڕان و شەڕی سنووردارەوە سەرقاڵ نەكات، بەڵكوو ئەگەر هاتوو شەڕی كرد، وەك ئیمپراتۆرییەك بە هەموو هێزەوە شەڕبكات و ئامانجی سیاسی و واقیعی سەرەرزیش یەكتر بخوێننەوە**



**کریستۆفەر فێتویس، بڕوانامەی دکتۆرای لە بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و سیاسەتی بەراوردکاری لەزانکۆی ماریلاند بەدەستهێناوە، لەئێستادا پرۆفیسۆرە لە بەشی زانستی سیاسی لەزانکۆی تولین، پێشتریش پرۆفیسۆری کاروباری ئاسایشی نەتەوەیی بووە لەکۆلێژی جەنگی دەریایی ئەمەریکی. بۆ تاوتوێکردنی ڕەوشی ئاڵۆزی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و قسەکردن لەسەر چۆنیەتی چارەسەرکردنی تەنگژەکانی ئەم ناوچەیە، گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجامداو ئەویش بەم شێوەیە هاتەئاخافتن.**

## کریستۆفەر فێتویس
### پسپۆڕی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان بۆ گوڵان:

# سەقامگیریی کوردستان لەناو گێژاوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەگەری سەربەخۆیی بەهێزتر کردووە

*** چۆن لەشەڕی ڕزگارکردنی موسڵ و پێشڕەوییەکانی و ڕۆڵی پێشمەرگە لەو شەڕەدا دەڕوانیت؟**

- لە ڕاستیدا ڕەنگە ئێوە خۆتان باشتر ئاگاتان لە بارودۆخەکە بێت. ئەوەی ئێمە لێرە دەیبیستین، بەتایبەتی لەپێوەندی بە شەڕی موسڵەوە، ئەوەیە کە ڕاستە پێشڕەوییەکان سست و خاون، بەڵام بەردەوامن و ڕانەوەستاون، هەروەها پێشمەرگە شەڕێکی زۆر سەختی کردو قوربانییەکی زۆریشیدا. کەواتە لەئێستادا دۆخەکە بە بەراورد بە چەند ساڵی پێشوو سەقامگیرترە، ئەگەرچی من ئومێدی باشتریش دەخوازم.

*** لەئێستادا بارودۆخێکی پڕلەپشێوی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا باڵادەستە، بەڵام کێشەکە لەوەدایە کاریگەرییەکانی ئەم پشێوییە تەنیا لە چوارچێوەی ئەم ناوچەیەدا قەتیس نابێت، بەڵکو دەرهاویشتەی لەسەر بەشەکانی دیکەی جیهانیش دەبێت، کەواتە ئایا نابێت لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی هەوڵی چارەسەرکردنی قەیرانەکانی ئەم ناوچەیە بدرێت؟**

- من نیگەران دەبم کاتێك هێزە دەرەکییەکان زۆر خۆیان سەرقاڵ دەکەن بە سەقامگیرکردنی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە، چونکە زۆرجار ئەو کەسانەی کە نییەتێکی پاکیشیان هەیە،

بارودۆخەکە پتر بەرەو پشێوی دەبەن. لەبەر ئەوە باشترین کارێك کە بکرێت بریتییە لە پشتیوانیکردنی خەڵکانی ناوچەکە بۆ ئەوەی بڕیار بدەن. ئەگەر کەسێکی گەشبینیت، ئەوا بیر لە لوبنان بکەرەوە، چونکە لەساڵانی هەشتاکاندا وا دەهاتە بەرچاو کە چارەسەرکردنی شەڕە ناوخۆییەکە مەحاڵ بێت، بەڵام لە کۆتاییدا ئاشتی هاتەئاراوەو بەردەوامیشە. بەڵام کاتێك ئەمەریکا دەستتێوەردانی کرد، کارەساتی لێکەوتەوە، بەڵام ئەوە خەڵکی لوبنان خۆیان بوون کە گەیشتنە ڕێککەوتن. کەواتە دەبێت خەڵکی یەمەن و سووریا و عێراق خۆیان بگەنە ڕێککەوتن، چونکە ڕەنگە شەکەت بن لە شەڕەکەدا، پێموایە ئەوەی لەلوبنان ڕوویدا ئەوە بوو کە لایەنەکان دووچاری شەکەتبوون هاتن و دواتر توانییان بگەنە ڕێککەوتن. کەواتە دەبێت خەڵکی وڵاتەکە خۆیان بەم کارە هەڵبستن.

*** ئێوە باسی ئەوەتان کرد کە پێویستە خەڵکی وڵاتەکە جڵەوی مەسەلەکان بگرنەدەست و خۆیان ئەو بەرپرسیارێتییە هەڵبگرن، بەڵام ئایا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی چۆن دەتوانێت لەم ڕووەوە هاوکار بێت؟**

- کارێکی باش دەبێت ئەگەر هەوڵ و کۆششێکی نێودەوڵەتی هەبێت، بەڵام کاتێك هێزە دەرەکییەکان دەستتێوەردان دەکەن، ئەوا مشتومڕی ئەوە دروست دەبێت کە ئایا تا چەند ڕێککەوتنەکە ڕەچاوی بەرژەوەندی هێزە دەرەکییەکانی کردووە. دوو مانگ پێش ئێستا ئەمەریکا و ڕووسیا هەوڵیاندا ڕێککەوتنی ئاشتی لە سووریا بەدی بێنن، بەڵام تەنیا ٤٨ سەعاتی خایاند، ئەوەش مایەی کارەسات بوو. چونکە لەو ماوەیەدا ئەمەریکا بە هەڵە هێرشی کردەسەر کۆمەڵێك سەربازی سووری، هەروەها باس لەوە کرا کە ڕووسیا نەیتوانی ڕێگری لەهێزەکانی ئەسەد بکات لە هێرشکردنەسەر کاروانی هاوکاری -سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان،-. لەبەر ئەوە من دڵنیانیم لەوەی ئایا هێزە دەرەکییەکان دەتوانن تا چ ڕادەیەك هاوکاری بکەن. بەدڵنیاییەوە لە هەندێ مەسەلەدا هێزە دەرەکییەکان دەتوانن هاوکار بن، بۆ نموونە لە یارمەتیدانی پەنابەراندا کە لە زۆنی شەڕ هەڵدێن و ئەو خەڵکە بێتاوانانەی کەوتوونەتە نێو ئاگری سەرکردە خراپەکان و گروپە توندڕەوەکانەوە، من زیاتر نیگەرانم لە بارەی خەڵکە بێتاوانەکەوە، لەبەر ئەوە دەتوانین کارێك بکەین بۆ چارەسەرکردنی دۆخی ئەو خەڵکانەی کە زۆرترین ئێش و ئازاریان چەشتووە.

*** ئایا هاوڕایت لەگەڵ ئەوەدا کە ئەو ململانێیەی لەناوچەکەدا لەئارادایە سروشتێکی تائیفەگەری هەیە، یان مەسەلەکە ئەوەیە هێزە ناوچەییەکانی وەك ئێران بەرگێکی تائیفەگەرییان بە بەردا کردووە، بۆ ئەوەی پەرە بە دەستڕۆیشتوویی و باڵادەستی خۆیان بدەن لە ناوچەکەدا؟**

- لە ڕاستیدا پێموایە هەموو ئەو فاکتەرانە لەئارادان، فاکتەری تائیفەگەری و دەستتێوەردان و کاریگەری دەرەکی و تەنانەت ململانێی هێز لە نێو گروپە تائیفەگەرییەکاندا، ئەمە بارودۆخێکی زۆر ئاڵۆزی دروست کردووە، چونکە کێ دەزانێت ئێران چەند دەستڕۆیشتووە بەسەر حزبوڵادا، کێ دەزانێت ئەمەریکا چەند کاریگەرە لەسەر گروپە میلیشیاییەکان، کێ دەزانێت ئیدارەی داهاتووی ئەمەریکا چی دەکات.

*** ئایا چۆن دەکرێت کار بۆ سنووردارکردنی دەستتێوەردانی ئێران لەکاروباری ناوخۆیی وڵاتانی ناوچەکەدا بکرێت؟**

- من نازانم، بەڵام ئەوەی ئاشکرایە ئێران زۆر شارەزایە لەوەی پەرە بە ڕۆڵی خۆی بدات لە ناوچەکەدا، بەڵام دەبێت ئەوەش لەبەرچاو بگرین کە هەر دەوڵەتێك ئەم شەڕە لە وڵاتێکی دراوسێیدا ڕووبدات، ئەوا دەستتێوەردان دەکات، هەرچەندە ئەمە بە مانای ئەوە نییە ئێمە پێشوازی لێبکەین، یاخود هەوڵنەدەین سنوورداری بکەین. بەڵام هەر ڕێگاچارەیەك کە دەبێت بگیرێتەبەر بۆ هێنانەدی چارەسەرێکی درێژخایەن پێویستە ئێران و هاوپەیمانەکانی ئێران لە ناوچەکە لەخۆبگرێت. چونکە ئەگەر بکرێنە دەرەوەی هاوکێشەکە ئەوا چارەسەرێکی درێژخایەن بەدی نایەت.

*** هەندێ وڵات هەن لەم ناوچەیەدا کە بە تەواوەتی دوچاری لێکترازان و لەبەریەك هەڵوەشان بوونەتەوە. پرسیارەکە ئەوەیە ئایا تا چەند پێویستە دووبارە ئەم دەوڵەتانە دابڕێژرێنەوە بۆ ئەوەی سەقامگیری و ئارامی بۆ ئەم وڵاتانە بگەڕێتەوە؟**

- من هیوام دەخواست وەڵامەکەم بزانیایە. من پێم باشە چارەسەرێکی چەشنی ڕێککەوتنەکەی لوبنان بێت کە دابەشکردنی دەسەڵاتی لەخۆگرت، بەڵام پێناچێت لەئێستادا ئەسەد ئەمەی بەلاوە گرنگ بێت، یاخود گروپە جیاوازەکانی یەمەن ئەمەیان بەلاوە گرنگ بێت. هەندێ کەس لەگەڵ ئەوەدان کە پێویستە ئەم وڵاتانە دابەش بکرێن، کە هەروەك ئێوە لەمن باشتر دەزانن سنوورەکانی ئەم وڵاتانە دەستکردن. کەواتە هێزە دەرەکییەکان دەتوانن سەرپەرشتی گفتوگۆکانی پەیوەست بە ئاشتییەوە بکەن و دەتوانن فشار لەسەر لایەنەکان بکەن، بەڵام تاوەکو ئەو کاتەی کە لایەنە ناوخۆییەکان نەگەنە ئەو قەناعەتەی کە شەڕ بێهودەیە، ئەوا هیچ شتێك گۆڕانکاری بەسەردا نایەت.

**هێزە دەرەکییەکان دەتوانن سەرپەرشتی گفتوگۆکانی پەیوەست بە ئاشتییەوە بکەن و دەتوانن فشار لەسەر لایەنەکان بکەن، بەڵام تاوەکو ئەو کاتەی کە لایەنە ناوخۆییەکان نەگەنە ئەو قەناعەتەی کە شەڕ بێهودەیە، ئەوا هیچ شتێک گۆڕانکاری بەسەردا نایەت**

**هەر ڕێگاچارەیەک کە دەبێت بگیرێتەبەر بۆ هێنانەدی چارەسەرێکی درێژخایەن پێویستە ئێران و هاوپەیمانەکانی ئێران لە ناوچەکە لەخۆبگرێت**

**تائیفەگەری و دەستتێوەردان و کاریگەری دەرەکی و تەنانەت ململانێی هێز لە نێو گروپە تائیفەگەرییەکاندا، ئەمە بارودۆخێکی زۆر ئاڵۆزی دروست کردووە**



پیتەر دۆگلاس فیڤەر
پرۆفیسۆری زانستی سیاسی بۆ گوڵان:

# ئێران زیاتر سەرچاوەی قووڵکردنەوەی قەیرانەکانی ناوچەکەیە نەک هۆکاری چارەسەرکردنی کێشەکان

**پیتەر دۆگلاس فیڤەر، پرۆفیسۆری زانستی سیاسی و سیاسەتی گشتییە لەزانکۆی دیوك. پێشتر بەڕێوەبەری ئامۆژگای "Triangle" بووە بۆ دیراساتی ئەمنی. وەك راوێژکاری تایبەت بە بواری پلاندانانی ستراتیژی و چاکسازیی دامەزراوەیی کاری لەگەڵ ئیدارەی جۆرج بوش کردووە، هەروەها لەسەردەمی ئیدارەی بیل کلینتۆن بەڕێوەبەری سیاسەتی بەرگری و کۆنترۆڵکردنی چەك بووە لەئەنجومەنی ئاسایشی نیشتمانی. لەم دیمانەیەشدا سەبارەت بە رەوشی ئاڵۆزی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و چۆنیەتی چارەسەرکردنی تەنگژەکانی بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**

*** ئایا پێتوایە گەڕاندنەوەی سەقامگیری و ئارامی بۆ وڵاتانی ئەم ناوچەیە پێویستی بە دووبارە داڕشتنەوەی پێوەندی نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگە هەیەو پێویستە لەم پێناوەشدا گرێبەستێکی کۆمەڵایەتی نویێ بکرێت؟**

- لە راستیدا ئەوە پرۆژەیەکی گەورەیە، راستە خەڵکی بەم هەنگاوە خۆشحاڵ دەبن، بەپێچەوانەی حوکمڕانەکانەوە، چونکە ئەمە دابەشکردنی دەسەڵات لەخۆدەگرێت، کە لە زۆرێك لەم وڵاتانەشدا دابەشکردنی دەسەڵات ریشەیەکی مێژویی نییە. کەواتە من بیرۆکەکەم بەلاوە پەسەندە، بەڵام جێبەجێکردنی کارێکی قورسە. لە سەروەختی بەهاری عەرەبیدا ئەو گەشبینییە هەبوو، کە توانرا لەوڵاتێکی وەك تونسدا دووبارە ئەو گرێبەستە دابڕێژرێتەوە، بەڵام لە زۆر وڵاتی دیکەدا شکشتی هێنا، لەبەر ئەوەی حوکمڕانەکان ئامادەی دووبارە داڕشتنەوەی هیچ شتێك نەبوون، چونکە ئەمە زیانی هەبوو بۆ بەرژەوەندییەکانیان.

*** ئایا هاوڕایت لەگەڵ ئەوەدا کە هەرێمی کوردستان بۆتە مۆدێلێك بۆ پێکەوەژیانی ئاشتییانەی نێوان پێکهاتە ئایینی و ئیتنییە جیاوازەکان بەپێچەوانەی بەشەکانی دیکەی عێراقەوە؟**

- ئەوەی ئێمە دەیبستین ئەوەیە کوردستان سەقامگیرترین بەشی وڵاتەکەیە، بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە کە هەموو شتێك زۆر بە باشی بەڕێوەدەچێت، چونکە هەروەك دەزانن کێشە هەیە لەگەڵ تورکیا، کێشەی کوردی باشووری رۆژهەڵاتی تورکیا هەیە، لەبەر ئەوە پێموایە هەر کەسێك هات و چارەسەرێکی سادەی خستەڕوو ئەوا خۆیشی نازانێت باسی چی دەکات. چونکە بارودۆخەکە یەکجار ئاڵۆزەو دەبێت بیر لەچارەسەری درێژخایەن بکرێتەوە، ئەمەش پرۆسەیەکی درێژخایەنەو ئومێد دەکەین توندوتیژی لەخۆنەگرێت.

*** ئایا پێتوایە ئەم کێشانە دەبنە بەربەست لەبەردەم هەنگاوەکانی کوردستان بۆ هەڵگرتنی هەنگاو بەرەو بەدیهێنانی سەربەخۆیی؟**

من پێموایە ئەگەر بە شێوەیەکی ستراتیژی بیربکرێتەوە، ئەوا نابێت بڵێین ئەو پشێوییەی لە دەوروبەردا هەیە، دەبێتە رێگر، چونکە ئەگەر بارودۆخەکە ئارام بێت، ئەوا پرسیاری ئەوە دروست دەبێت، ئێمە بۆچی پێویستمان بە دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان هەیە، بەڵام ئەگەر کوردستان ببێتە دورگەیەکی ئارام و سەقامگیر لەنێو دەریای پڕ لە پشێوی ناوچەکەدا، ئەوا ئەو کاتە پاساوی سەربەخۆیی بەهێزتر دەبێت.

*** ئـەو بارودۆخـەی لـە رۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتدا لەئارادایە کاریگەرییەکانی پەڕیونەتەوە بۆ بەشەکانی دیکـەی جیهانیش، بەتایبەتی ئەمەریکا، پرسیارەکە ئەوەیـە ئایا تـا چ رادەیـەك پێشـبینی ئـەوە دەکـەن کـە ئیدارەی داهاتـووی ئەمەریـکا هەوڵـی چڕوپڕ بدات بۆ چارەسـەرکردنی تەنگژەو قەیرانەکانی ئـەم ناوچەیـە؟**

- دوایین دوو سەرۆکی ئەمەریکا کاتێك دەسەڵاتیان گرتەدەست، باوەڕیـان وابـوو بەچەشـنی سـەرۆکەکانی پێـش خۆیـان تەرکیـز لەسـەر کێشـەو قەیرانەکانـی رۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت ناکـەن، بـەڵام دواتـر بۆیـان روون بـووەوە کـە ئـەو کێشـانەی لـە رۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتەوە سـەرچاوە دەگـرن، هـەر لـەم ناوچەیـەدا نامێننـەوە، لەبـەر ئـەوە خۆیـان لەدۆخێکـدا بینیـوە کـە ناچاربـوون کات و کۆشـش و سـەرچاوەگەلێکی زیاتـر لـەوەی خۆیـان پێشـبینیان دەکـرد، تەرخـان بکـەن بـۆ چارەسـەرکردنی قەیرانەکانـی رۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت. رەنگـە سـەرۆکی هەڵبژێـردراو –ترەمـپ- هەمـان رێچکـە بگرێتەبـەر. ئـەو کێشـانەی رۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت کـە بـە میراتـی بـۆ ترەمـپ دەمێننـەوە، ئەگـەری ئـەوەی نییـە کـە هـەر لەسـنووری ئـەم ناوچەیـەدا بمێننـەوە. ئەگـەر ئەمەریـکا بەرەوپێشـچوون بەدەست نەهێنێت لەچارەسـەرکردنیان، ئـەوا کێشـەکانی رۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت تەشـەنە دەکـەن و بـۆی هەیـە ببێتـە هەڕەشـەیەکی ئەمنـی ناوخۆیـی لەسـەر ئەمەریـکا.

*** ئایـا تـا چەنـد هاوڕایـت لەگـەڵ ئـەوەدا کـە گەلانـی رۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت بـە تەنیـا خۆیـان کێشـەکانیان پـێ چارەسـەر ناکرێـت و یەکلاکردنـەوەی تەنگژەکانـی ئـەم ناوچەیـە پێویسـتی بەوەیـە لەسـەر ئاسـتی نێودەوڵەتـی کاری بۆبکرێـت، یـان کۆنفرانسـێکی نێودەوڵەتـی رێکبخرێـت. ئایـا پێتوایـە ئەمـە چارەسـەرێکی درێژخایـەن بـە دوای خۆیـدا دەهێنێـت؟**

- پێموانییـە رێکخسـتنی کۆنفرانسـێکی نێودەوڵەتـی یارمەتیـدەر بێـت لەمـەودای نزیکـدا. ئەمەریـکا پێویسـتی بـە گەڕاندنـەوەی هاوسـەنگییەك هەیـە بـۆ ئـەو دەسترۆیشـتوویەی هەیەتـی، بـە چەشـنێك کـە خزمـەت بـە بەرژەوەندییەکانمـان بـکات. لەئێسـتادا دۆخەکـە لەبەرژەوەنـدی رکابەرەکانمانـەو ئێمـە ناتوانیـن لەکۆنفرانسـێکی دیپلۆماسـیدا ئـەوە بەدەسـت بهێنینـەوە کـە بەهـۆی کشـانەوەو پاشەکشـەمانەوە لـە ناوچەکـەدا لەدەسـتمان داوە.

*** بە تێڕوانینی ئێوە ئایا سروشتی ئەم ناکۆکی و ململانێیە چییە کە لەناوچەکەدا دەگوزەرێت و چۆن لـە رۆڵـی ئێران دەڕوانـن لـە کەڵکوەرگرتـن لەکێشـەو قەیرانەکانـی ناوچەکـە بـۆ خوڵقاندنـی پشـێوی زیاتـر لەپێنـاو برەودان بەباڵادەسـتی خۆیـدا؟**

- لـە راسـتیدا دەتوانیـن بڵێیـن ئێـران پتـر سـەرچاوەی قووڵکردنـەوەی قەیرانەکانـی ناوچەکـە بـووە، نـەك هۆکارێـك بـۆ چارەسـەرکردنیان. هـەر ئومێـد و هیوایەك کە ئیدارەی ئۆباما هەیبوو بەوەی بەهۆی رێککەوتنـی ناوکییـەوە لەگـەڵ ئێرانـدا بەدەسـتی بهێنێـت، بێبەرهـەم و بێهـودە بـوو. ئیـدارەی ترەمـپ پێویسـتی بـە گرتنەبـەری رێگاچارەیەکـی توندتـرو هەمەلایەنتـرە لەگـەڵ ئێرانـدا هەیـە.

*** هـەروەك دەزانـن لەئێسـتادا کۆمەڵێك دەوڵـەت لـەم ناوچەیـەدا رووبەڕووی داڕووخان و داکشانی دەسـەڵات بوونەتـەوە، ئایـا تـا چەنـد دووبـارە بنیادنانـەوەی ئـەم دەوڵەتانـە پێویسـتە بـۆ گەڕاندنـەوەی سـەقامگیری و ئایـا پێتوایـە ئاینـدەی وڵاتێکـی وەك عێـراق چـۆن دەبێت و دەبێت چۆن بێت، کـە لەئێسـتادا ئـەم وڵاتـە لـە دۆخێکـی دژواردایـە، بـەڵام چـاوەڕێ دەکرێـت یەکـەم وڵات بێـت کـە تێیـدا داعـش تێکبشـکێندرێت؟**

- عێـراق دووچـاری فشـارێکی زۆر بۆتـەوە. ئێسـتا بۆمـان روون بۆتـەوە کـە بڕیـاردان بـۆ رووبەڕوونەبوونـەوەی داعـش پێش ئەوەی عێراق بەرەو ناسـەقامگیری ببـات و، پێـش ئـەوەی پانتاییەکـی بەرفراوانـی خاکـی ئـەو وڵاتـە داگیربـکات، هەڵەیـەك بـوو گـران لەسـەرمان راوەسـتا. لەگـەڵ ئەوەشـدا بەهۆی ئەوەی عێراق بە تەواوەتی دابەش بووە، ئەوا پتـر لاواز و لـەرزۆك بـووە. رەنگـە باشـترین مۆدێلێك کـە بگیرێتەبـەر بریتـی بێـت لەجۆرێـك لەفیدراڵـی، یـان کۆنفیدراڵـی کـە لەهەنـدێ رەهەنـدەوەو لەسـەر ئاسـتی مەحەلـی مافـی خۆبەڕێوەبـەری دەسـتەبەر دەکات.

*** هـەروەك دەزانـن هەرێمـی کوردسـتان توانیویەتـی ببێتـە مۆدێلێـك بـۆ پێکەوەژیانـی ئاشـتییانەی نێـوان پێکهاتـە ئایینـی و ئیتنییـە جیاوازەکان، بـەڵام هێشـتا ئـەم هەرێمـە نەبۆتـە دەوڵەتێـك کـە لەسـەر ئاسـتی نێودەوڵەتـی دانـی پێدانرابێـت، پرسـیارەکە ئەوەیـە ئایـا تـا چ رادەیـەك گرنگـە کـە ئـەم ئەزموونـە سـەرکەوتووە دانپێدانانـی رەسـمی بەدەسـت بهێنێـت بـۆ ئـەوەی ببێتـە مۆدێلێـك بـۆ چارەسـەرکردنی کێشـەو تەحەددییەکانـی رۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت؟**

- ئەگـەری ئـەوە هەیـە بەدەسـتهێنانی سـەربەخۆیی تـەواو لەلایـەن کـوردەوە کاریگەرییەکـی زیاتـر ناسـەقامگیرکەری لێبکەوێتـەوە بەبـەراورد بەهێنانەئـارای چوارچێوەیـەك کـە تێیـدا هەرێمـی کوردسـتان پتـر بەهرەمەنـد بێـت لـە هەنـدێ رێـکاری خۆبەڕێوەبـەری، بـەڵام لەهەمـان کاتـدا زۆر بـاش ئاوێتـە بێـت لەعێراقـی فیدراڵـی، یـان کۆنفیدراڵیـدا.

**ئەگەر ئەمەریکا بەرەوپێشچوون بەدەست نەهێنێت لەچارەسەرکردنیان، ئەوا کێشەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست تەشەنە دەکەن و بۆی هەیە ببێتە هەڕەشەیەکی ئەمنی ناوخۆیی لەسەر ئەمەریکا**

**دۆخەکە لەبەرژەوەندی رکابەرەکانمانەو ئێمە ناتوانین لەکۆنفرانسێکی دیپلۆماسیدا ئەوە بەدەست بهێنینەوە کە بەهۆی کشانەوەو پاشەکشەمانەوە لە ناوچەکەدا لەدەستمان داوە**

**هەر ئومێد و هیوایەک کە ئیدارەی ئۆباما هەیبوو بەوەی بەهۆی رێککەوتنی ناوکییەوە لەگەڵ ئێراندا بەدەستی بهێنێت، بێبەرهەم و بێهودە بوو**

ئێزیدییەکان بەچاوی ڕێزەوە سەیری ئەو پێکەوەژیان و کەلتووری لێبووردەییە دەکەن کە کوردستان پێ ناسراوە، بەتوندیش دژی ئەو فیکرە توندڕەوەن کە لەدەرەوەی سنوورەکان بۆ هەرێم نێردراوەو لەناوخۆی کوردستانیشدا دەستەو تاقمی جیاجیا بەناوی ئایین و پاساوی جیاجیاوە پەیڕەوی دەکەن. هەربۆیە داوا لەهەموو هێزەکان دەکەن لەدەوری سەرۆك بارزانی کۆببنەوەو زیان بەئەزموونی کوردستان نەگەیەنن، چونکە هێشتا زامی ئێزیدییەکان لەبەرامبەر ئەو ڕەشەکوژییەی کە داعش و هۆزە عەرەبییەکان ئەنجامیانداوە، ساڕێژ نەبووە. سەبارەت بەم پرسە لە پەرستگای لالش چەند پرسیارێکمان ئاراستەی لوقمان سلێمان وتەبێژی پەرستگای لالش کردو بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.



## لوقمان سلێمان وتەبێژی پەرستگای لالش:

# کوردی ئێزیدی بە بارزانی و کوردستان و پێشمەرگەوە گرێدراون بۆیە جگە لەپێشمەرگە پێشوازی لە هیچ تاقم و گروپێکی دیکە ناکەین

*** ئێزیدییەکان تاچەند ئومێدیان بە عێراق و ئەو هۆزە عەرەبییانە ماوە کە چەند ساڵێك دراوسێیان بوون، کەچی لەکاتی هاتنی داعش هاوکاری ئەو گروپە توندڕەوە بوون و تاوانی ژینۆسایدیان دەرهەق کردن؟**

- داعش پێش ئەوەی گروپێکی تیرۆریستی بێت، فیکرێکی توندڕەوییە، ئەو فیکرەیەش لەناو خێڵ و هۆزە عەرەبییەکان ئامادەییەکی باشی هەیە، هەربۆیە کاتێك داعشەکان گەیشتنە دەڤەری کوردانی ئێزیدی هەر زوو هۆزە عەرەبییەکان هاوکاریان بوون، سوپای عێراق سەرجەم چەك و تەقەمەنی و تانك و هەمەڕو چەکی پێشکەوتووی ئەمەریکییان بۆ بەجێهێشتن، بە رادەیەك پێشمەرگە لەتوانایدا نەبوو ڕووبەڕووی ئەو هەموو چەکە پێشکەوتووە ببێتەوە. لەو قۆناعە پڕمەترسییەدا هەرێمی کوردستان و خەڵکەکەی بەتایبەتی پارێزگای دهۆك فریامان کەوتن و دەرگاکانیان لەبەردەم ئاوارە ئێزیدییەکاندا والاکرد. کە سەرەڕای قەیرانی دارایی و قورسی باروگوزەرانی خەڵکی و بوونی زیاتر لە٢٥٠ هەزار پەناهەندەی کوردی رۆژئاوا درێخییان نەکرد لەمیوانداریمان، تەنانەت مامۆستای ئایینی دەرگای مزگەوتی والاکرد بۆ فریاکەوتنی لێقەوماوەکان. دواتر لەسەر دەستی جەنابی مسعود بارزانی و هێزی پێشمەرگە چیاو شاری شنگال و باشیك و دەیان گوندی کوردانی ئێزیدی ئازاد کران، چاوەڕوانی ئەمەشمان لەبارزانی دەکرد، چونکە سەرۆك بارزانی لەسەر فیکری مەلا مستەفای بارزانی پەروەردە کراوەو برەوی بەکەلتووری پێکەوەژیان و لێبووردەیی لە

هەرێمی کوردستان داوە، ئەمە پێچەوانەی عێراقە کە لەکۆنەوە ناوبەناو نەتەوەی کوردو ئایین و ئاینزاکانی دیکەی تێدا قەتڵوعام دەکرێت. ئێزیدییەکان لەمێژوودا کوردستانین، تەنانەت پەرستگای پیرۆزی لالش و ماڵی میری ئێزدی و باباشێخ و سەرجەم مەزارگەکانی لێرەیە. ئێمە نزادەکەین و لەخوا دەپاڕێینەوە کوردستان بپارێزێت و گیانی لێبووردەیی و ڕێزگرتن لەمرۆڤەکان زیاتر بێت. ئەمڕۆ ئەو مەرگەساتەی بەسەر ئێزیدی هاتووە، وا بەئاسانی شوێنەواری زامن نابێت، باوەڕیش ناکەم جارێکی دی هیچ ئێزیدییەك متمانەی بەعێراق مابێت کە بۆتە مۆڵگەی تیرۆریستان و نائارامی و بڵاوبوونەوەی فیکری توندڕەوی، هەربۆیە سوپاس بۆ خودا کە لەسەر دەستی بارزانی شنگال و ناوچەکانمان ئازاد کران، ئەمەش بەزەیی خوای گەورەیە بۆ ئێمە بۆ ئەوەی جارێکی دیکە تاوانی کۆمەڵکوژی و دەستدرێژی نەکرێتە سەرمان.

*** باسی فیکری توندڕەویت کرد، ئایا مەترسیی ئەوەتان هەیە ئەو فیکرە نامۆیە لەکۆمەڵگەی کوردستان تەشەنە بکات؟**

- کوردستان لەعێراق و بگرە زۆر لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست جیاوازە. کاتێك لەعێراق سوپاو هۆزە عەرەبییەکان پشتیان تێکردین، پێشمەرگە بەفەرماندەیی سەرۆك بارزانی لەپێناو ئازادکردنی ناوچەکانمان و ڕاگرتنی داعش بەرگرییان کردو بۆ ئازادکردنەوەی ناوچەکانی ئێزیدیش سەدان شەهیدو بریندارییان داوە، لێرە لە پارێزگای دهۆك مامۆستای ئایینی ئیسلام دەرگای مزگەوتیان بەرووی ئاوارە ئێزیدییەکاندا کردەوە، خەڵکی زاخۆو دهۆك و هەولێرو سلێمانی هاریکاری ئەو ژمارە زۆرەی ئێزیدییەکان بوون، ئێمە لەمێژوودا زۆرجار قەتڵوعام کراوین، بەڵام ئەمە بۆ یەکەمینجارە هێزێکی وەکو پێشمەرگە بەو شێوەیە بەرگریمان لێبکات، کوردستان باخچەیەکی جوانە لەهەموو ئایین و ئایینزایەك گوڵی تێدایە، لە موسڵمان، کریستیان، ئێزیدی، جوو، سائیبە و کاکەیی و زەردەشتی ئەمە جگە لەو هەموو نەتەوەیە، لەناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا تەنیا لەکوردستان بەو شێوەیە هەموو نەتەوەو ئایین و ئایینزاکان پێکەوە دەژین و گیانی لێبووردەییان بەرامبەر یەکتر هەیە، لێرە هەموو جەژنەکان هەیە، بەپێچەوانەی عێراق کە نەك تەنیا فیکری توندڕەویی بەسەردا زاڵە، بەڵکو فیکری تائیفیشی تێدا بڵاوبۆتەوە بەجۆرێك تەنانەت نەتەوەیەکی وەکو عەرەبی سوننەو شیعەش پێکەوە هەڵناکەن، لەگەڵ ئەمەشدا وەنەبێت نەتەوەکانی دەوروبەرمان بەتایبەتی ئەوانەی فیکری شۆڤێنی نەتەوەییان هەیە، دڵیان بەم بارودۆخەی کوردستان خۆش بێت، ئەوان مەترسیی ئەوەیان هەیە کوردستان ببێتە نموونەیەکی جوان لەناوچەکەداو هاندەربێت بۆ گەلانی دیکەی ناوخۆی وڵاتەکەیان کە هەمان ڕێچکە بگرنەبەر، بەتایبەتی گەلی کوردستان لەو وڵاتانەی کە کوردیان بەرکەوتووە، هەربۆیە ئەوان کاردەکەن لەسەر تێکدانی هەموو جوانی و لایەنێکی باشی کوردستان و بەتایبەتی کار دەکەن بۆ چاندنی تۆوی دووبەرەکی و فیتنەی ئایینی و تائیفی.

*** ئێستا لەسەردەستی پێشمەرگە شاری شنگال و زۆربەی دەڤەرەکە ئازادکراوە. ئایا چی بکرێت بۆ ئەوەی ئەم ناوچانە نەبنە شوێنی گروپی چەکداری وا کە هەڵگری ئەجێندەو فکری توندڕەوی بن و زیان بە ئاوەدانکردنەوەو سەقامگیری ئەم بەشە گرنگەی کوردستان بگەیەنن؟**

- کاتێك ژینۆسایدمان دەرهەق کرا، تەنیا پێشمەرگەو کوردستان بووە مۆڵگەو شوێنی فریاکەوتنمان، سەرۆك بارزانی بوو بەڵێنی ڕزگارکردن و ئازادکردنی چیای شنگال و شاری شنگال و باشیکی پێداین، ئەمەش بەخوێنی ئەو گەنجە پێشمەرگانەی کە جوانترین داستانیان تۆمار کرد، ئومێدەوارم گوندەکانی دیکەو تەواوی دەڤەرەکەمان لەسەر دەستی پێشمەرگە ئازاد بکرێت، چونکە هەرشوێنێك پێشمەرگەی لێبێت، زەمانەتێکە بۆ ئێمە بۆ ئەوەی بەرگری و پارێزگاریمان لێبکات، بەتایبەتی دوای دامەزراندنی هێزی شنگال لە ئێزیدییەکان خۆیان کە هێزێکە سەر بە وەزارەتی پێشمەرگەی کوردستانە. ئەگەر جەنابی مسعود بارزانی لەکوردستان نەبێت، ژیانی کوردی ئێزیدی لەکوردستان نابێت، کوردی ئێزیدی بەکوردستان و بارزانی گرێدارون و ئێمە لەژێر خەیمەی مسعود بارزانی بە ئازادانە دەتوانین بژین و یادی بۆنە ئایینییەکانمان بکەینەوە، ئەو کوڕی بابی نەتەوەیی کورد مەلا مستەفای بارزانی-یە، فیکری ئەوان پێچەوانەی فیکری هەندێك لەو حزبە سیاسییانەی دیکەی کوردستانە کە کار بۆ ئەجێندەی دەرەکی و بڵاوکردنەوەی فیکری توندڕەوی دەکەن، ئیسلامی سیاسی دژی دامەزراندنی دەوڵەتێکی عەلمانییە کە ئایین و سیاسەت لێکجیابکاتەوەو دامەزراوەکانی دەوڵەتی هەبێت، دەوڵەتی توندڕەوی ئایینی چارەنووسی وەکو دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی داعش دەبێت و لەکۆمەڵگەی نێودەوڵەتی جێگای نابێتەوە، یا وەکو دەوڵەتانی دیکەی مەزهەبی لەناوچەکەدا دەبێت کە لەسەر چەوسانەوەی مەزهەب و ئایینزاکانی تر بونیات نراوەو بەبەردەوام ناسەقامگیر دەبێت. هەر دەوڵەت و نەتەوەیەك لەسەر فەلسەفەو فیکری توندڕەوی ئایینی و مەزهەبی دامەزرابێت، فەشەلی هێناوە.

**سەرۆک بارزانی لەسەر فیکری مەلا مستەفای بارزانی پەروەردە کراوەو بڕەوی بەکەلتووری پێکەوەژیان و لێبووردەیی لەهەرێمی کوردستان داوە**

**عێراق کە نەک تەنیا فیکری توندڕەویی بەسەردا زاڵە، بەڵکو فیکری تائیفیشی تێدا بڵاوبۆتەوە بەجۆرێک تەنانەت نەتەوەیەکی وەکو عەرەبی سوننەو شیعەش پێکەوە هەڵناکەن**

**ئێمە لەمێژوودا زۆرجار قەتڵوعام کراوین، بەڵام ئەمە بۆ یەکەمینجارە هێزێکی وەکو پێشمەرگە بەو شێوەیە بەرگریمان لێبکات**

# بۆ یادی دامەزراندنی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان



د. ڤیان سلێمان*

تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە

سەد ساڵی رابردووی بارودۆخی کوردستان و دابەشکردنی خاکەکەی دوور لەخواستی هاونیشتمانییانی، بوو بەهۆی دروستبوونی رەوتی بەرەنگاربوونەوە لەنێو گەلی کوردو لەدوای چەند قۆناغێکیش دامەزراندنی پارتی سیاسی بۆ بەرەنگاربوونەوەی داگیرکاری و داوای رزگاری، لەم چوارچێوەیەشدا پارتی دیموکراتی کوردستان، کە هەڵقوڵاوی ناخی کوردستانییان و داواکارییەکانیان بووە بە هەموو جیاوازییەکانەوە دامەزراو لە بەرگێکی نەتەوەیی و نیشتمانیدا بانگەوازی دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤی کرد، بۆ ئەو مەبەستەش چەند رێکخراوێکی بۆ چین و توێژە جیاجیاکان دامەزراندو لەو چوارچێوەیەشدا لەسۆنگەی بایەخی بە پرسی ئافرەت بە رێنمایی باوکی رۆحی نەتەوەی کورد (بارزانیی نەمر) یەکێتی ئافرەتانی کوردستانی دامەزراند، کە ئەمڕۆ مۆمی شەست و چوار ساڵەی تەمەنی دادەگیرسێنێت.

ئەرکی ئەم رێکخراوە لەسەرەتای دامەزراندنییەوە داکۆکیکردن بووە لە مافی ئافرەت و بەشداریکردنی بووە هاوتای پیاو لە شۆڕشی نەتەوەکەیدا، بە مەبەستی نەهێشتنی جیاکاری لە رۆڵی ئافرەت و پیاو، رەخساندنی دەرفەتی یەکسان لە بەردەمیاندا بۆ خزمەتی گەل و نیشتمان. یەکێتی ئافرەتانی کوردستان وەك دێرینترین رێکخراوی ئافرەتان نەك تا ئێستا بەردەوامە لەخزمەت، بەڵکو لەئێستادا کارو چالاکییەکانی بە شێوەیەکی بەرچاو فراوان بووە، ئەمەش هۆکارە بۆ ئەوەی کە زۆرترین ژمارەی ئافرەت بە رێکخراوی متمانەپێکراوی خۆیانی بزانن.

یەکێتی ئافرەتانی کوردستان رێکخراوێکە هەمیشە پەیڕەوی لەبنەما دیموکراسییەکان کردووەو بەردەوام لە رێگەی کۆنگرە یەك لە دوای یەکەکانی گۆڕانکاری لەستافی کاری کردووە، هەمیشەش ستافی نوێ بە دیدی جیاواز درێژەیان بە کارو چالاکییەکان داوەو بە میکانیزمی نوێ کاریان کردووە بۆ بەرەوپێشبردنی پرسی ئافرەت و ئاراستەکردنی کارەکانی رێکخراوەکە بە شێوەیەك کە لەگەڵ داخوازییەکانی ئافرەت هاوتەریب بێت، چونکە لە ئەنجامی ئەو گۆڕانکارییانەی لەهەرێمی کوردستان روویانداوە، پرسی ئافرەتیش گۆڕانکاری بەسەردا هاتووەو داواکارییەکانی ئافرەت پێشکەوتنی بەخۆوە دیوەو چیدیکە داواکارییەکانی لە ئاستە سەرەتاییەکاندا نەماوە.

ئەم رێکخراوە دیلی هیچ ئایدیۆلۆژیایەك نییەو دیدو دنیابینی لەسەر ئایدیۆلۆژیایەکی دیاریکراو بونیاد نەنراوە، بەڵکو جێگەی هەموو جۆرە بیرکردنەوەیەکە جگە لەبیری توندڕەوانە، بنەماکانی گشتگیرو فراوانەو جێگای لەخۆگرتنی جیاوازییەکانە، پێناسەی یەکێتی ئافرەتان بۆ ئافرەت خۆی دەبینێتەوە لەئازادبوونی ئافرەت لە هەڵبژاردنەکانی و سەرپشکبوونی لەچۆنیەتی ژیان بەبێ بەستنەوەی بە هیچ باکگراواندێکی ئایینی و هزری و نەتەوەیی.

پرسی ئافرەت لە روانگەی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان پرسێکی مرۆییەو دوورە لەهەر جیاکارییەك



لە نێوان هەردوو رەگەز، لە دیدی یەکێتی ئافرەتانی کوردستانەوە کێشەی ئافرەت کێشەی پیاویشەو هۆکاری سەرەکی ناهاوتایی نێوان ئەم دوو رەگەزەش پرۆسەی پەروەردەو پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی و دابونەریتە کۆمەڵایەتییەکانە، کە چەندین یاسای کۆمەڵایەتی نەنووسراو، بەڵام کارپێکراوو پیادەکراویان هێناوەتەئاراوە، کە بەهێزترن لەیاسا نووسراوەکان، هەربۆیە یەکێتی ئافرەتانی کوردستان خەباتی خۆی دژ بە پیاو ئاراستە ناکات، بەڵکو دژ بەو هزرە کۆمەڵایەتییە پیاوسالارە رێکدەخات، کە دەیەوێت ئافرەت وەك رەگەزی پاشکۆ و پیاو وەك رەگەزی باڵادەست بار بهێنێت.

لە لایەکی دیکەوە پێویستە ئاماژە بەوەش بکەم، کە یەکێتی ئافرەتانی کوردستان بەهەمان ئاستی پرسی ئافرەت بایەخ بە پرسە نیشتمانییەکان دەدات، لە دیدی ئەم رێکخراوەدا بزوتنەوەی ئافرەتی کوردو بزووتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوە هاوخەبات و هاوئاستەو ئافرەتی کورد هاوبەشی ئافرەتانی جیهانە لە ئافرەتبوونی و هاوبەشی نەتەوەکەشیەتی لەخەبات بۆ رزگاری و سەربەخۆیی و کاردەکات بۆ ئەوەی ئافرەت وەك کەسایەتییەکی هۆشیار بەشداری خەباتی سیاسی نەتەوەکەی بێت و، لەو خەباتەدا هەوڵی سڕینەوەو لەناوبردنی نۆرم و رۆڵە جێندەرییەکان بدات کە دەیەوێت رۆڵی ئافرەت سنووردار بکات. پێویستە ئافرەت رۆڵی تەواوی خۆی ببینێت و ئەوەش جێگیربێ، کە بەبێ ئازادیی ئافرەت نەتەوە ئازاد نابێ و ئافرەتیش ئەو کات ئازادە، کە نەتەوەکەی خاوەن سەروەری و سەربەخۆ بێت، هەر بۆیە یەکێتی ئافرەتانی کوردستان بەهەموو تواناکانی پشتیوانی لەگوتاری سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەڕێز (مسعود بارزانی) دەکات کە گوتاری سەربەخۆخوازی ومانیفێستی نیشتمانی و رێڕەوی خەباتی گەلی کوردستانە بەرەو سەربەخۆیی.

ئەمانەو چەندین هۆکاری ترو هەموو ئەو خزمەت و دەستکەوتانەی کە یەکێتی ئافرەتانی کوردستان لەکاروانی خەباتی شەست و چوار ساڵەیدا بەدەستهێناوە، وادەکەن، کە هەردەم شانازی بە یەکێتی ئافرەتانی کوردستان بکەین و خۆمان بە خۆشحاڵ بزانین کە دەرفەتی خزمەتکردنمان بەم رێکخراوە پێشەنگە پێبڕاوە، بەڵام پێویستە ئەوەش لەپێش چاو بگرین کە بۆ ئەوەی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان لەئاست مێژووی پڕشکۆی و چاوەڕوانییەکانی ئافرەت و داخوازییەکانی سەردەم بێت، پێویستە هەموو کات لە پرۆسەی خۆنوێکردنەوەدا بێت و بە میکانیزمی تازەتر درێژە بە کارەکانی بدات، لە بەربەستەکانی بەردەم زیاتر گەشەسەندنی بکۆڵێتەوە، نوێگەرایی لە بەڕێوەبردن و میکانیزمی کاری رێکخراوەیی بکات، بەردەوام کادرانی خۆی رۆشنبیر بکات بە مافەکانی ئافرەت و پڕۆگرامی رێکخراو، بەو پێیەش هەمیشە پێشەنگ بمێنێتەوەو بە بێ جیاوازی رێکخراوی داکۆکیکارو دڵخوازی هەموو ئافرەتانی کوردستان بێت.

---

*سکرتێری یەکێتی ئافرەتانی کوردستان